# پراگماتیک

وەرگێڕانی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠٢١

* ناوی کتێب:  پراگماتیک

* نووسینی: د.ئەحمەد شەفیق خەتیب، فرانسیسکۆ یوس ڕامۆس، نعمان بوقره

* وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف

* دیزاینی بەرگ:

* دیزاینی ناوەوە: وەرگێڕ

* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠٢١

* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ: (٥٠٠٠) دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

## مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

## لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

(ژمارە [illegible])

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

## ناوەرۆک

پێشەکی........................................................................٧
**پراگماتیک/ د.ئەحمەد شەفیق خەتیب........................................٩**
پەیدابوونی زاراوەی پراگماتیک و واتا گشتییەکەی.........١٠
بوارەکانی پراگماتیک............................................١٣
چەند پێناسەیەکی پراگماتیک.....................................١٧
نموونەیەک بۆ زانینی ئاڵوگۆڕکراوەکە...........................٢٠
پراگماتیک: نموونەیەکی کارەکی..................................٢٢
پراگماتیکی کارەکی: پراگماتیک و پەیوەندی بە بوارەکانی ترەوە................................................................٢٦
١ـ زمانەوانیی کارەکی...............................................٢٨
٢ـ کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و ئامێر...............................٣٠
٣ـ پەیوەندی ڕووبەڕوو.................................................٣١
٤ـ پەیوەندی لە دوورەوە...............................................٣٣
سەرچاوەکان.........................................................٣٦
**پراگماتیک/ فرانسیسکۆ یوس ڕامۆس.................................٣٩**
چوارچێوەی مێژوویی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان..........٣٩
پراگماتیک لە نەریتی توێژینەوەی زمانەوانیدا..............٥٤
ڕەگەکان...........................................................٥٩

ئایا دەکرێ باس لە پراگماتیک بکرێت وەک نموونەیەک؟
پێناسەکان.............................................٦٥
سنووری لەگەڵ پسپۆڕەکانی دیکە.....................٨٢
أ- پراگماتیک و واتاسازی...............................٨٣
ب - پراگماتیک و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی...............٨٩
ج - پراگماتیک و ڕستەسازی...........................٩١
د - پراگماتیک و هێماکاری............................٩٢
بۆچوونی تەواوکار دەربارەی نموونەی پراگماتیک........٩٤
دەوروبەری ناوخۆیی وەک دەوروبەرێک..................١٠٤
دەوروبەری بوون......................................١٠٨
دەوروبەری بار.........................................١١١
دەوروبەری کار.........................................١٢٥
دەوروبەری دەروونی....................................١٢٥
زمانەوانیی دەروونی....................................١٢٨
پراگماتیکی مەعریفی...................................١٣٣
سەرچاوەکان........................................ ١٤١
**پراگماتیک و ئاسۆکانی توێژینەوەی زمانەوانی/نعمان بوقره.....١٤٧**
دەستپێک...............................................١٤٨
پراگماتیک و زاراوە.....................................١٥١
پەیدابوون و گۆڕان.....................................١٥٧
پەیوەندی پراگماتیک بە ڕەوانبێژی.......................١٦٦
ئاراستەکانی پراگماتیک لە هزری زمانەوانی هاوچەرخدا...١٦٩

تیۆری کردە قسەییەکان.......................۲۱۸
پەیدابوون و گۆڕان.................................۲۱۸
أ ـ کردەی دەربڕین(واژە)...........................۲۲۲
ب ـ کردەی ڕاپەڕاندن.............................۲۲۳
ج ـ کردەی پاشکار.................................۲۲۳
پێشکەوتنی تیۆری ڕاپەڕاندن لەگەڵ ج. سیریل.............۲۲۵
١ـ مەرجەکانی ناوەرۆکی پرسەکە...........................۲۲۵
۲ـ مەرجی سەرەتایی.................................۲۲٦
۳ـ مەرجی دڵسۆزی...................................۲۲٦
٤ـ مەرجی بنچینەیی.................................۲۲٦
کردەی ڕاپەڕاندن....................................۲۳۸
چەمکە سەرەکییەکانی پراگماتیک...........................۲٤٤
بنەمای هاریکاری....................................۲٤٦
١ـ بنەمای چەندێتی..................................۲٤٦
۲ـ بنەمای چۆنێتی...................................۲٤۷
۳ـ بنەمای ئاراستە..................................۲٤۷
٤ـ بنەمای گونجاندن.................................۲٤۷
سەرچاوەکان......................................۲٥٠

## پێشەکی

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، گرنگییەکی زۆر بە بـــواری پراگماتیـــک درا، ئـــەم گرنگیدانـــەش وەک دژایەتیکردنێک بوو بۆ کارەکانی چۆمسکی، بەجۆرێک پراگماتیکناسـەکان ڕەخنەیـەکی زۆریـان لـە کارەکـانی چۆمسکی گرت، بەو بیانوویەی کە چۆمسکی بۆچوون و تێڕوانینەکانی بۆ زمان تەسکە، و زمان لە دەوروبەر جیا دەکاتەوە.

بۆیـــە پراگماتیـــک قســـە و بـــاس و خـــواس زۆر هەڵدەگرێت، لەنێو ئێمەی کوردیشدا، تا ئێستا چەندین نامــەی ماســتەر و تێــزی دکتــۆرا و کتێــب و ناميلکــە لەســەر پراگماتیـک نووسـراوە، کــە ئەمــەش جێگــەی دەستخۆشـــییە، بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو بۆشـــاییەی لـــەنێو کتێخانەی کوردیدا هەیە، پڕبکاتەوە.

ئـەم کتێبـەش لـە بنەڕەتـدا لـە سـێ کتێبـی جیـاواز وەرگیـراوە، ئـەوانیش کتێبـی (قـراءات فـي علـم اللغـة)ی ئەحمـەد شـەفیق خـەتیب، کتێبـی (مـدخل الـى دراسـة التداوليـــة)ی فرانسیســـکۆ یـــوس ڕامـــۆس و کتێبـــی (اللسـانيات ــ اتجاهاتهـا و قضـاياها الراهنـة)ی نعمـان

بــوقره وەرگیــراوه و وەرگێڕدراوەتــه ســەر زمــانی کوردی، بۆ ئـەوەی خزمـەتێکی بچووک بـه کتێبخانـەی کوردی بکات.

# پراگماتیک[١]

تـویژینەوە زمانەوانییەکـان لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا، زۆر جەختیـــان لەســـەر پراگماتیـــک (Pragmatics) کـــردۆتەوە. ئینجـــا هۆکارەکـــانی ئەم گرنگـــی و جەختکردنەوەیە لەسەر پراگماتیک، وەک کاردانەوەیەک بۆ گرنگیـدانی زانـای ئەمریکـی (نـەوام چۆمسـکی Noam) دەگەڕێتەوە، کە زمانی وەک ئامرازێکی ڕووت خستە ڕوو، یـان وەک توانسـتێکی عەقڵـی جـوداکردەوە لە بەکارهێنـانە زمانەوانییەکـــان و بەکارهێنەرانیـــان و ئەو ئەرکانـــەی ئـــەنجامی دەدەن، هەروەهـــا ئەم گرنگیـــدانە وەک کاردانەوەیەک لەلایەن زانایـانی واتاسـازیی بەرهـەمهێنان[٢]

١. ئەم بەشە لەم کتێبە وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە :
د. أحمـد شـفیق الخطیـب، قـراءات فـي علـم اللغـة، طبعـة الاولـی، دار النشر الجامعات، مصر، ٢٠٠٦، ص ١٢٥ – ١٣٧.

٢. لە گرنگترین ئەم زانایانە: ج. ل. ئۆستن (J.L. Austin)، پ. ف. ستراوسـۆن (P.F.Strawson)، هــ. ب. گـرایس (H.P.Grice)، ج. ر. سـێرل (J.R.Searle). واتاســازیی بەرهــەمهێنان زانسـتێکە لــە پەیوەندی لۆژیکیانەی نێوان وشەکانی زمـان دەکۆڵێتـەوە، بەهۆیـەوە زانایـانی واتاســازی بەرهــەمهێنان ئــەو زانایانــەن کــە گرنگــی بــە لێکۆڵینەوەی ئەم پەیوەندییە دەدەن.

دژ بە تیـــــۆرەکەی چۆمســــــکی پەیـــــدابوو، کە بەرەو چەندێتییەکی زۆر و زەبری هزری فەلسەفی هەنگاویان نا، کە لەم بــوارەدا دەســـتیان بە ڕوونکــردنەوەی گرنگــی بەکارهێنانە زمانەوانییەکان لە تێگەیشتنی سروشتی مرۆڤ کــرد. تــا ئــەمڕۆکە زۆربەی زۆری چەمــکە گرنگەکــانی پراگماتیک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەی زمانەوە وەرگیــراوە، ئینجــا کاتێــک کۆڵەگەکــانی بــواری فراوانــی زمــانەوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمەریکــا چەســپاو و وەک ئەوروپا پتەو بوو، ئیتر ئەوکاتە پراگماتیک ڕەوشـێکی ســەربەخۆی وەرگــرت، چــونکە ئەو بــابەتەی پراگماتیــک باسیان لێوە دەکات، سەرنجڕاکێش و جێی بایەخ پێدانن.

**پەیدابوونی زاراوەی پراگماتیک و واتا گشتییەکەی**

پــێش ئەوەی دەســـت بە شــــرۆڤەکردنی کرۆکـــی واتاکــانی پراگماتیــک بکەیــن، وا باشــترە تیشــکێک بخەیــنە سەر چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە.

بەکارهێنــــانی تـــازەی ئەم زاراوەیە (پراگماتیـــــک) (Pragmatics) بـــۆ ســـاڵی (١٩٣٨) دەگەڕێـــتەوە، کە فەیلەســوف(چارلس مــۆریس Charles Morris) بــۆ یەکەمجــار بەکــاری هێنــا، مــۆریس ئەوکــاتە گرنگی بە هـێڵە گشـتییەکانی زانسـتی هێمـا یـان نیشـانەکان (Semiotics)

دەدا، کە لە چوارچێـوەی (ئامـاژە)دا مـۆریس سـێ لقـی جودای جیاکردەوە، کە ئەمانەن:

١. ڕستەسازی(Syntactics)(توێژینەوەی ڕێکخستنی ئاخاوتنە)، توێژینەوەی پەیوەندییە ڕواڵەتییەکانی نێوان هەر هێمایەکە بەوی ترەوە.

٢. واتاسـازی(Semantics) تـوێژینەوەی پەیوەنـدی هێماکانە بەو شتانەی ئاماژەی بۆ دەکەن.

٣. پراگماتیـک(Pragmatics) تـوێژینەوەی پەیوەنـدی هێماکانە بە شرۆڤەکارانی خودی ئەم هێمایانەوە.[١]

هەروەهـا فەیلەسـوف و زمـانەوانی ئەمریکـی (ڕودۆلـف کارنـاپRudolf Carnap)[٢] بوارەکـانی ئەم سـێ لـقە دەخـــاتەڕوو و دەڵـــێ ئـــەگەر لە بـــواری تـــوێژینەوەی زمانەوانیـــدا ئامـــاژەیەکی ئاشـــکرا بە قســـەکەر یـــان

---

1.Charles W. Morris, Foundations of the Theory of Signs, In O. Neurath, R. Carnap and C. Morris (Eds.)International Encyclopedia of Unified Science, Chicago: University of Chicago prees, 1938, pp.77-138.

2 .R.Carnap,Foundations of Logic and Mathematics, Ibid, pp.139-214.

بەکارهێنەری زمانەکە بکەین، ئەوە ئەوکاتە ئێمە لە بواری پراگماتیکدا کار دەکەین، بەڵام ئەگەر تەنیا گوزارشتەکان و ئەو شتانەی ئاماژەی بۆ دەکەن شی بکەینەوە، ئەوکاتە دەگەینە بواری واتاسازی، لە کۆتایشدا ئەگەر لەو ئاماژانەی گوزارشتەکان دووربکەوینەوە و تەنیا شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خودی ئەو گوزارشتانە ئەنجام بدەین، ئەوکاتە دەچینە ناو بازنەی یاساکانی ڕستەوە.

بە گوزارشتێکی ئاسانتر، دەتوانین بڵێین یاساکانی ڕستە ئەگەر لە بواری چۆنێتی پەیوەندی وشەکان بەیەکەوە کار بکات و ئەگەر واتاسازی بە تویژینەوەی واتا تایبەتمەند بێت، ئەوە پراگماتیک تایبەتە بە بەکارهێنانی زمان لە ڕوانگە ئەرکییەکەیەوە، بەو واتایەی پراگماتیک بۆ شرۆڤەکردنی ڕووەکانی پێکهاتە زمانەوانییەکان هەوڵدەدات، ئەویش بە ئاماژەکردن بە فاکتەرە نازمانەوانییەکان.[١]

1 . Stephen C.Levinson, pragamtics, Cambridge: Cambridge University press, 1983, pp.5,7.

**بوارەکانی پراگماتیک**

هەنـــدێک لە زاناکـــان وەک(مـــۆریس) بوارەکـــانی پراگماتیکیـان زیـاتر فـراوان کـرد، ئەویـش کاتێک ڕایگەیانـد ئەم زانســـتە لە لایەنە زینـــدووەکانی(biofic) ئامـــاژە دەکـــۆڵێتەوە، واتە ســـەرجەم ئەو دیـــاردە دەروونـــی و بـــایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیـــانەی ڕوودەدەن، کاتێـــک ئەو هێمایانە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن.[1] ئەم بازنەیەش لەوە فراوانتــرە ئێســتا ئەم زانســتە گرتــوویەتییە خــۆی، ئەویـش لەبەر ئەوەی لە دووتـوێی پراگماتیـک، زمانـەوانیی دەروونـــی[2] و زمانـــەوانیی کـــۆمەڵایەتی[1] و زمانـــەوانیی دەماری[2] و چەندەها شتی تر بەدی دەکرێ.

---

1. Charles W. Morris, Foundations of the Theory of Signs, In O. Neurath, R. Carnap and C. Morris (Eds.)International Encyclopedia of Unified Science, Chicago: University of Chicago prees, 1938, pp.77-108.

٢. زمانـــــەوانیی دەروونـــــی(Psycholinguistics) لقـــێکە لە زمانەوانیی کارەکی، لە فێربوونی زمانی زگماک و فێربوونی زمانی بێگانە و ئەو هۆکارە دەروونییانەی پەیوەندییان بەو زمانانەوە هەیە دەکـــــۆڵێتەوە، هەروەهـــــا لە خەوشـــــەکانی قســـــەکردن و

لە کاتێکـدا هەنـدێک لە زانایـانی دی وەک (کـاتز) و (فۆدر) (Katz an Fodor) لەو باوەڕەدان، کە بوارەکانی پراگماتیک لەوە تەسکترە و تەنیا توێژینەوەی ئەو بنەمایانە لەئەسـتۆ دەگرێـت، کە بەکارهێنانەکـانی زمـان کـۆنترۆڵی دەکـــات و هـــیچ پەیوەنـــدی بە وەســـفی پێکهـــاتە زمانەوانییەکـــانەوە نیـــیە، ئینجـــا ئـــەگەر بمـــانەوێ ئەم دەستنیشانکردنە بەو پەرتبوونەی (چۆمسکی) ببەستینەوە، کە لە نێـــوان توانـــا یـــان توانســـتی زمـــان (Competenece)[٣] و چـــــــالاکی زمـــــــان

---

چارەســەرکردنیان و کــردە دەروونــی و عەقڵییەکــانی کارامەییــە جیاجیاکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

١. زمانـــەوانیی کۆمەڵایـــەتی(Sociolinguistics) لقـــێکە لە زمانەوانیی کارەکی، لە کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دیاردە زمانەوانییەکان و جیاوازییە دیالێکتیکییەکان دەکۆڵێتەوە.

٢. زمانـــەوانیی دەمـــاریی(Neurolinguistics) زانســـتێکە لە پەیوەنـدی نێـوان زمـان و دەمارەکـانی مێشـک و شـپرزەییەکانی دەماری زمان دەکۆڵێتەوە.

٣. مەبەست لە توانا یان توانستی زمان (Competenece) توانـای مـرۆڤە لە ڕووی تیـۆرییەوە بـۆ دروسـتکردنی چەنـد ڕسـتەیەکی زمـانی, و لە بەرانـبەردا چـالاکی زمـان (Performance), کە بەکارهێنانی زمانە بە ئاخاوتن یان بە نووسین.

(Performance) ئەنجـامی دەدا. بۆیـه دەتـوانین بلێـین پراگماتیـک تەنیـا گرنگـی بە بنەماکـانی بەکارهێنـانی ئەو زمانە دەدات، کە بە چالاکییەوە پەیوەستە.[1]

ئینجـا بـۆ ڕوونکـردنەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان پراگماتیـک و ئاسـتەکانی دی شـیکردنەوەی زمـان، پـوختەیەک لە بۆچوونەکـانی (کـاتز) و (فـۆدر) دەخەیـنەڕوو،[2] بەو حیسـابەی کاتێـک پێگەکـانی ئاسـتی ڕستەسـازی و فۆنۆلـۆژی کۆتـایی پێـدێت، هەر لەوێـوە واتاسازی دەستپێدەکات، پاشان پراگماتیک دێت، ئینجا ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەم پەیوەندییە ڕووندەکاتەوە:

---

1 - Levinson,S. C.(1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 7.

2. J.J.Katz and J. A. Fodor, The Structure of a Semantic Theory, Language, 39(1963), pp.170-210.

ڕستەسازی، فۆنۆلۆژی(أ- لێکۆلینەوە لە سیستەمی دەنگ)
Syntax and Phonology

..............................................................

Semantics واتاسازی

..............................................................

Pragmatics پراگماتیک

کەچی (لیڤنسۆن)[1] ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە پراگماتیک لەو پێگەیەدا دێت، کاتێ واتاسازی کۆتایی پێ دێت و لەم حاڵەتەدا زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی دەروونی دەستپێدەکات، جارێکی تریش دەتوانین وێنەی ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیەی خوارەوە بکەین:

Semantics واتاسازی

..............................................................

Pragmatics پراگماتیک

..............................................................

Sociolinguistics زمانەوانیی کۆمەڵایەتی
Psycholinguistics زمانەوانیی دەروونی

1. Levinson,S. C.(1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 27.

## چەند پێناسەیەکی پراگماتیک

١. لەنێو پێناسەکانی پراگماتیک:[١] پراگماتیک تویژینەوەی هەموو لایەنەکانی واتایە، کە تیۆری واتاسازی نایانگرێتەخۆ یان ئەو تیۆرە ڕێکیان ناخات، بەڵام ئەم پێناسەیە وا پێویست دەکات، کە دەستنیشانی ئەو چوارچێوە فراوانەی ئەو واتایە بکەین، کە پێناسەکە پشتی پێ دەبەستێ. ئینجا ئەم واتا فراوانەش پێویستە لە دووتوێی خۆیدا ناوەرۆکێکی گاڵتەجاڕیی و میتافۆر و گرتنەوە (واتە تایبەت بە ئاماژە ناڕاستەوخۆکان) بۆ پەیوەندیکردن و پەیوەستبوون لە دووتوێی وتە درکاوەکان یان نووسراوەکاندایە، پاشان ناتوانین تەنیا لەسەر کرۆکە کلاسیکییەکەی وتراو و درکاوەکان قۆرخی بکەین، ئینجا بە گوزارشێکی دی دەڵێین، بواری پراگماتیک واتایە (بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە)، بە مەرجێ دەرکردنی یان وەلاخستنی واتاسازی لە کرۆکی ئەو واتایەدایە (واتە: واتا هەروەک واتاسازی دەستنیشانی دەکات).

---

1 . Levinson,S.C.(1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 12,15.

٢. لەنێــو پێناســەکانی پراگماتیــک: لەســەر بونیــادی پەرتبــوونی نێــوان واتــای ڕســتە و واتــای درکێنــراو دەوەستێت، بەشێوەیەک واتاسازی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە واتای ڕستەکان، کەچی پراگماتیک تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە واتــای درکاوەکــان. ئینجــا بەپێــی ئەم پێناســەیە درکــاو بەکاردەهێنرێت بەو واتایەی (بار ـ هیلل) (Bar – Hillel) ئامــاژەی بــۆ دەکــات، بەو ئیعتیبــارەی ڕســتەیە (یــان لە هەنــدێک حاڵەتــدا زنجیــرەیەک یــان کــۆمەڵە ڕســتەیەک پێکـدەهێنن)، کە پەیوەسـتن بە دەوروبـەرێکی تـایبەتەوە و ئەمانەش بەوردی پەیوەستن بە بـابەتی درکانـدنی ڕسـتەکە یان کۆمەڵە ڕستەکەیەکی ناوی.

زۆرێک لە زمانەوانان ئەم پەرتەوازەییەیـان قبوڵە، بەڵام لێـرەدا گرفتێـک هەیە سـەبارەت بەم پێناسـەیە، کە لەوەدا بەرجەسـتە دەبێت، کە لە هەنـدێک حاڵەتـدا واتـای ڕسـتەکە هەمـوو ڕوانگەکـانی واتـای درکـاوەکە هەڵـدەگرێت، ئەویـش لە کاتێکدا قسـەکەر بەتەواوەتـی مەبەسـتی ئەو واتـایە بێـت، کە دەیڵێ و دەیدرکێنێت، بەبێ هیچ زیاد و کەمییەک، ئینجـا لەم حاڵەتەدا ناوەڕۆک یـان واتـا پێویسـتە پـێکەوە حەواڵەی هەردوو زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک بکرێت.

٣ـ لە پێناسـەکانی تـری پراگماتیـک ئەو پێناسـەیەیە، کە پەیوەنـدییەکانی نێـوان واتـا و دەوروبـەرەکە دەکـاتە بنچینەیەک بۆ خۆی، ئەنجامی ئەم پێناسـەیەش ئەوەیە، کە واتاسـازی تـایبەتە بە واتـای دەرەوەی دەوروبـەر، یـان تـایبەتە بە واتـایەک کـە پشـت بە دەوروبـەر نابەسـتێت، کەچـی پراگماتیـک تـایبەتە بە واتـای نـاو دەوروبەرەکـە، بەگـوێرەی ئەم پێناسـەیەش بێـت پراگماتیـک تـوێژینەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان زمـان و دەوروبـەر، کە ئەویـش لە خودی خۆیدا پەیوەندییە بنچینەییەکانی تێگەیشتنی زمـانە، ئینجـا گوزارشـتی تێگەیشـتنی زمـان لێـرەدا بەو واتـایەی بەکارهێنـەران بە مەبەسـت بەکاریـان هێنـاوە، ئەویـش بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی زمانـەوانان بـۆ ئەو ڕاسـتەقینەیەی تێگەیشـتنی درکـاوەیەک ڕێژەیەکـی زیـاتر هەڵـدەگرێت لە زانینـی واتـای وشـەکان و ئەو پەیوەنـدییە ڕێزمانیـانەی لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لە دووتوێی تێگەیشتنی درکاوەکەدا ئەو هەڵهێنجـراوانەش بەدی دەکرێـت، کە دەقە گریمانەکـان بەشـێوەیەکی ئـاڵوگۆڕانە لەنێـوان قسـەکەراندا یـان ئەو درکاوانەی بێژراون بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٤ـ لەنێـو ئەو پێناسـانەی دی پراگماتیـک ئەوەیە، پراگماتیـک توانسـتی بەکـارهێنەرانەی زمـانێکە لەسـەر

بەستنەوەی ڕستەکان بەو دەوروبەرانەی تەبا یان شایستە یـان گونجـاون لەنـاو بازنەکانیـدا. بە واتـایەکی دی تیـۆری پراگماتیک لە ڕووی بنەماوە پێویستە سەبارەت بە هەمـوو ڕسـتەیەکی دروسـت و تەواوی هەر زمانێـک، لـە کـاتی خوێندنەوەیـدا واتایـەکی دیـاریکراوی هـەبێ، بـە کۆمـەڵێ دەوروبەر کە دەکرێ ئەم ڕستانە گونجاو یان تەبا بن.

٥. بەڵام ئەو گرفتـانەی لەم پێناسـەیەدا سـەرهەڵدەدەن ئەوەیە، کە ئەو قسـەکەرانەی بە زمانێـک قسـە دەکەن، پابەنـد نـابن بە پێـوەرە کارپێکراوەکـان، چـونکە لەوانەیە جـاری وا هەیە تـوڕەیی و هەڵچـوون بیـانگرێتەوە و ئەو شـتانەی کە دەیڵـێن، لەگـەڵ دەوروبـەر و هەڵوێسـتە دیاریکراوەکاندا تەبا یان گونجاو نەبن.

**نموونەیەک بۆ زانینی ئاڵوگۆڕکراوەکە**

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی زانینی ئالوگۆڕکراوەکە، لێـرەدا ئەم چیـرۆکە دێنیـنەوە: (ئـایە) ویسـتی لە یـادی لەدایکبوونیدا دیارییەک بداتە (ئیسلام)، ئەوەبوو ڕۆیشت و جزدانەکەی هێنا و هەندێک جوڵاندی، کەچی هـیچ دەنگێکی لێوە دەرنەچوو، بۆیە گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە خـۆی بـۆ (ئیسلام) دیارییەک دروست بکات.

ئینجا بۆ ئەوەی خوێنەر یان گوێگر ئەم چیرۆکەی پێشوو تێ بگات، پێویستە دەرک بەم ڕاستەقینەیە بکات:

١. بەشێوەیەکی گشتی دیارییەکان بە پارە دەکڕدرێن.

٢. جزدان بەگشتی بۆ پارە هەڵگرتن بەکاردێت.

٣. جزدان بەگشتی لە ماددەیەک دروست دەکرێت، وەک مەعدەن یان پلاستیک.

٤. بەگشتی ئەو پارانەی لەناو ماددەیەکی دروستکراودا هەڵدەگیرێن، لە کاتی ڕاچەنینیاندا دەنگ دەردەکەن.

ئەم نموونەیەی پێشوو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە چۆن ئەو زانینە گریمانەییەی نێوان قسەکەر و گوێگر یان نووسەر و خوێنەر ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە تێگەیشتنی ئەو شتانەی دەیانخوێنین یان دەیانبیستین.

ئینجا بۆ زیاتر تشیک خستنە سەر ڕۆڵی دەوروبەر لە بواری پراگماتیکدا، دەتوانین بڵێین پراگماتیک توێژینەوەی ئەو ڕۆڵەیەی دەوروبەر لە بواری ئەو واتایە دەیبینێ کە قسەکەر لە گوزارشتە درکاوەکەدا مەبەستیەتی. ئینجا مەبەستیش لە دەوروبەر هەموو ئەو شتانەیە کە لە واتاسازی دەستمان دەکەوێت و بە پەیوەندییەکانی نێوان واتاکانەوە پەیوەستە، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین پراگماتیک پەیوەندی بە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو

واتایـــانەوە هەیە، کە لە چوارچێـــوەی واتاســـازی بەدی ناکرێت.

### پراگماتیک: نموونەیەکی کارەکی

لەوانەیە گفتوگۆیـــەکی ســـادە ســـەبارەت بە تیـــۆری پراگماتیــک خــوێنەر بــێ نیــاز نەکــات لە بەدواداچــوونی زانیـــاری زیـــاتر ســـەبارەت بە سروشـــتی دیـــاردە پراگماتیکییەکــان، لێرەشــدا نمــوونەیەک دەهێنیــنەوە،[1] کە لەوانەیە بــۆ ڕوونکــردنەوەی ڕاســتەقینە هەمەجۆرەکــان پاڵپشــت و یاریــدەدەر بێــت، ئەو ڕاســتەقینانەی گرنگــی بە تیۆرەکــانی پراگماتیــک دەدەن، لێــرەدا بــا گفتوگــۆیەکی ســـادەی نێـــوان دوو کەس بێنیـــنەوە، کە لە ســـێ ڕســـتە پێکــدێت و پرســـیاریش لە خۆمـــان بکەیـــن ســـەبارەت بەو زانیارییانەی ئەم گفتوگۆیە پێمان دەبەخشێت، بە ڕێژەیەکی زیـاتر لەو کـرۆکە واتاسـازییەی ڕسـتەکانی ئەم گفتوگـۆیە پێمـــانی دەبەخشـــێت، ئینجـــا ئـــەگەر بـــابەتەکە زیـــاتر دەستنیشـــان بکەیـــن، دەتـــوانین پرســـیار دەربـــارەی لایەنە کرۆکەکان و سروشتییەکانی ئەم ڕستانە بکەین، سـەبارەت

1.Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 47.

بەو دەوروبــەرەی ئەم ڕســتانەی تێــدا بەکاردەهێنرێــت، ئەمەش گفتوگۆیەکە بەم دوو پیتە ئاماژەی بۆ دەکەین (أ)، (ب):

أ- بەڵام ئایا دەتوانی جارێکی دی و هەر ئێستا بێی بۆ ئێرە؟

ب - بەڵام گەورەم ئەمڕۆ دەبێ بچم بۆ قاهیرە.

أ- باشە ڕات چییە ڕۆژی سێشەم بتبینم؟

بۆ ئەوەی لەم گفتوگۆیە تێ بگەین، پێویستە ڕێژەیەکی زۆر لە هەڵێنجان و ئەنجامی ورد ئەنجام بدەین سەبارەت بە سروشتی ئەو دەوروبەرەی گفتوگۆکەی تێدا سازدرا، بۆ نموونە ئێمە ئەم ڕاستەقینانەی خوارەوە هەڵدەهێنجین:

١- ئەم ڕستانە کۆتایی یان بەرایی گفتوگۆکە پێکناهێنن.

٢- (أ) پرسیار ئاراستەی (ب) ناکات، بەڵکو داوای هاتنی لێدەکات، ئینجا لە کاتی ئاخاوتنەکان یان لە کاتێکی تردا، (ب) دەڵێ ناتوانم (یان پێی باشترە کەوا ناکات) و (أ)یش دووبــارە داوای لێــدەکات، کە بێــتە لای، بەڵام لە کــاتێکی تردا.

٣- (أ) لە (ب) داوا دەکــات، کە ئێســتا ئامــادە بــێ، لەو باوەڕەشــدایە (ب) دەتــوانێ ئامــادە بــێ، هەروەهــا لەو بــاوەڕەدایە (ب) لەوێــدا نیــیە و بە تەمــای ئامــادەبوون

نەبــــووە؛ لە خـــــۆیەوە (أ) لەو گومــــانەدایە، کە وەڵامــــی داواکارییەکەیان بە قبوڵ یان بە ڕەتکردنەوە دەبێ، ئینجا ئـەگەر قبـوڵ بکـات، ئەوە (أ) گومـانی ئامـادەبوون لە (ب) دەکــات، جــگە لەوەی لەو بــاوەڕەدایە کە داواکــارییەکەی هانـدانێکە بـۆ (ب)، بـۆ ئەوەی ئامادەبێـت، هەروەهـا (أ) لە پێگەیەکدا نییە، کە فەرمـان بۆ (ب) دەربکـات، بەوەی بێتە لای، یان خۆی وا دەربخات کە لەو پێگە بەهێزەدا نییە، کە بەو جۆرە ئاکار بنوێنێت.

٤- (أ) گریمـانە دەکـات لە (ب)، دەزانـێ (أ) لەکوێـدایە و (أ) و (ب) لە هەمــــان شــــوێندا نــــین، هەردووکیشــــیان لە شـاری (قـاهیرە)دا نـین و (أ) لەو بـاوەڕەدایە کە (ب) پـێش ئەو وەخـــتە ســــەردانی ئەو شــــوێنەی کــــردووە، کە (أ)ی تێدایە.

٥- ئەو ڕۆژەی ئەم گفتوگــۆیەی تێــدا ڕوودەدات، ڕۆژی سێشـەم یـان چوارشـەمی هەمـان ئەو هەفتە نییە، (یـان بە لای کەمییەوە (أ) لەو گومانەدایە).

٦- (أ) نێرە (یان (ب) لەو باوەڕەدایە کە ئەو نێرە)، (ب) دان بەوە دادەنێــــت کە (أ) پێگەیەکــــی کــــۆمەڵایەتی لەو بەرزتری هەیە، واتە لە (ب) {یان ڕۆڵی کەسێکی گەورەتـر و بەرزتر لە خۆی دەبینێت}.

لە چوارچێوەی هەڵهێنجەکانی تردا دەتوانین بڵێین ئەو شــرۆڤە سروشــتییەی کەســێک دەیکــات، کە تێبینــی ئەم گفتوگۆیە دەکات و شیکردنەوەی بۆ ئەنجام دەدات، ئەوەیە کە (أ)، (ب) هەردووکیــان ڕووبەڕوو نــین و لە تەلەفــۆن قســە دەکەن. ئینجـا لەو مەسـەلانەی نـوکتەن سـەبارەت بە تێگەیشــتنی ئــێمە لەو گفتوگــۆیە ئەوەیە، کە ئەگەر (أ) لە سەرەتاوە دەیزانی (ب)، کە نـاتوانێ بێتە لای، ئینجا لەبەر هەر هــۆیەک بێــت، ئەوە هەڵوێســت و بۆچــوونەکەی لەم حـاڵەتەدا تۆزێـک فێڵاویـیە، بەڵام ئـەگەر (أ) دەیزانــی (ب) دەزانــێ، کە خـۆی نـاتوانێ ئامـادە بـێ، ئەوکـاتە ناتوانرێـت شــــرۆڤەی قســــەکەی بکرێــت، بەو ئیعتیبـــارەی داواکەی داواکردنێکـی ڕەهـایە، بەڵکـو ئەم قسـەیەی دەچێـتە بـواری نوکتە و گاڵتەجاڕییەوە، ئـەگەر ئەو کەسـە لەنـاو ژوورێکـی کلیلدار بێت و کلیلەکەش ون بووبێت، یـان ئـەگەر کەسـەکە بێدەســەڵات بــێ و لە جـووڵە کەوتبــێ، یـان بە شـێوەیەک سەرخۆش بێت، نەتوانێت تەنـانەت بە پێوەش ڕابوەستێت، لەم حاڵەتـــانەدا ئەو جــــۆرە داواکـــردنە لە حــــوکمی گاڵتەجاڕیدایە.

ئەوەی ڕوونە ســەرجەم هەڵهێنجەکــانی پێشــوو نــاچنە چوارچێوەی کرۆکی واتایی هەر سێ ڕستەکەوە، بەڵام ئەو

ڕستانە ڕەنگدانەوەی تواناکانی ئێمەن لەسەر ئەوەی لە واقیعی ئەو ڕستە یەک لە دوای یەکانە ئەو گریمانە دەوروبەرییانەی ڕستەکان ئاماژەی پێدەکەن و هەژمار بکەین. واتە ئەو ڕاستەقینە تایبەتانەی پەیوەندییە شوێنکات و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەران و پەیوەندییەکانی نێوان باوەڕ و مەبەستەکانیان لەو ساتە وەختەی گفتوگۆیەکی دیاریکراو سازدەکەین.

## پراگماتیکی کارەکی: پراگماتیک و پەیوەندی بە بوارەکانی ترەوە

پراگماتیک ئەگەری پراکتیزەکردنی لە زۆر بواردا هەیە، کە لە دووتوێیدا تێگەیشتنی درکاوەکانی هەڵگرتووە، ئەم بوارانەش چەند بوارێک دەگرنە خۆیان، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرنگی بە گرفتە کردەییەکان نادات، وەک توێژینەوەی لایەنەکانی ڕەوانبێژی و ئەدەب، بەڵام ئەم بوارانە چەند بوارێکی دی دەگرنە خۆ، کە بە شێوەیەکی بنچینەیی گرنگی بە گرفتەکانی پەیوەندی دەدات، ئەویش ئەو بوارانەیە کە لەوانەیە شێوازەکانی پراکتیزەکردنی پراگماتیک تیایدا خاوەن گرنگییەکی کردەیی ڕاستەوخۆ بێت. لێرەدا چوار بوار هەیە، بە تایبەتی لەم بوارەدا جێی تێڕامانە، ئەو بوارانەش:

١- زمانەوانیی کارەکی (واتە تیۆری تایبەت بە فێربوونی زمانی بێگانە یان فێربوونی زمانی دووەم و مومارەسەکانی تایبەت بە خۆی).[1]

٢- کاریگەربوونی مرۆڤ و ئامێر.

٣- توێژینەوەی گرفتەکانی پەیوەندی لە کاریگەربوونی ڕووبەڕوو.

٤- توێژینەوەی گرفتەکانی پەیوەندی، کاتێک دروست دەبێت، کە کاریگەربوونی ڕووبەڕوو نییە.

لە کاتێکدا لە هەر چوار لەم بوارانەدا، پراکتیزەکردنی پراگماتیک پەیمان بە سنووردارکردنی گرفتەکانی پەیوەندی دەدات، ئێستاش باسی هەریەک لەو جێبەجێکردنانەی پراگماتیک دەکەین.

---

١- شایانی باسە ئەو پێناسەی زمانەوانیی کارەکی لێرە بە واتا تەسکەکەی بەکارهاتووە و دەتوانین پێناسەیەکی فراوانی زمانەوانیی کارەکی (Applied Linguistics) بخەینەڕوو بەو پێیەی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی, کە لە بەرانبەیی زمانەوانی و شیکردنەوەی هەڵەکان و فێرکردنی زمانان و زمانەوانیی دەروونیی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی و زمانەوانیی ئامێریی و دروستکردنی فەرهەنگ و وەرگێڕان دەکۆڵێتەوە.

**١. زمانەوانیی کارەکی**

جێبەجێکردنی پراگماتیک لەسەر گرفتەکانی فێربوونی زمانی بێگانە یان زمانی دووەم ئەنجام دەدەین، بەو گریمانەیەی ئەنجامی ئەوەیە، کە هەرچەندە لەوانەیە بەرەو بە جیهانیبوونی کردەکانی وەک گرتنەوە بچێت،[١] کەچی لەوانەیە چەند جیاکارییەکی واتادار نەک تەنیا لە بونیادی زمانەکان، بەڵکو لە شێوازی بەکارهێنانەکانیشدا بەدی بکرێت.[٢] تەنانەت لەو حاڵەتانەی ئەدگارە جیهانییە هاوبەشەکانی ناو بەکارهێنانەکانیش لە ناویدا دەبێ، وەک

---

١. مەبەست لە گرتنەوە ئەوەیە, کە قسە زیاتر لە خۆی واتا بگرێتەوە، واتە زیاتر لە دەربڕینی وشەکانی، ئەویش لە ڕێگەی واتای باوی دەربڕینە قسەپێکراوەکانی زمان، وەک ئەوەی کەسێک لە کەسێکی دیکە بپرسێ: دەتوانی پێم بڵێی ئێستا سەعات چەندە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ : ((ئەوە ماستفرۆشەکە هات))، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسە بەتەواوی نازانێ سەعات چەندە، بەڵام دەتوانێ چەند زانیارییەک بداتە ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکات، کە ئەنجامی زانینی کاتیان لێ بکات.

2. Dell Hymes, Models of the Interaction of Language and Social Life. In.J.J.Gumperz and D.H.Hymes Directions in Sociolinguistics, New York: Holt, Rinehart and Winston, 1972, pp.35-71.

ئەوەی بـــارەکە ســـەبارەت بە گوزارشـــتە پوختەکـــان دەردەکەوێ.[١] لەوکـاتەدا بـوارێکی فراوانـی لێکنەگەیشـتن لەنێوان کەسـانێک سـەرهەڵدەدات، کە ئینتیمایـان بـۆ چەنـد کلتـوورێکی جـودا هەیە، بـۆ نمـوونە: قسـەکەرانی زمـانی ئەڵمـانی لەوە دەچـێ ڕاسـتەوخۆتر بـن لە قسـەکەرەکانی زمـانی ئینگلیـزی، بـۆ نمـوونە کاتێـک مەسـەلەکە پەیوەسـت دەبێ بە داواکارییەکان یان گوزارشـتکردن لە سـکاڵاکان.[٢] لێـرەوە بـوارێکی تـوێژینەوەی سیسـتەمی پراگمـاتیکی

---

1 -P.Brown and S.Levinson, “Universals in Language Usage: Politeness Phenomena“. In E.Goody(ed.)Questions and Politeness in Social Interaction, Cambridge: Cambridge Deference and Politeness, Special Issue of International Journal of the Sociology of University Press, 1978, pp 56 - 311.

2 - J.House and G.Casper, ”polite markers in English and German “, in F. Coulmas(ed.) Conversational Routine: Explorations in Standardized Communication Situations and Prepatterned Speech, The Hague: Mouton 1981,pp.157-185. See also J.Walters(ed). The Sociolinguistics of Deference and Politeness. Special Issue of International Journal of the Sociology of Language, 27, The Hague: Mouton, 1981.

بەرانبەر یەک فەراهەم دەبێ، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ ئەو بووارانەی ئەگەری دەستەبەربوونیان هەیە بۆ لێکتێنەگەیشتنێک لە گریمانەی فێرخوازی زمانێکی بیانییەوە پەیدا دەبێ، ئەو پێکهاتە دەستنیشانکراوانەی زمان کە فێری دەبێت، هەمان ئەو لە گرتنەوە و گریمانەی پێشینە و بەکارهێنانی گفتوگۆ وەک هەندێک پێکهاتە وێکچوەکانی بە خۆی لە زمانە زگماکەکەدا و چەندەها توێژینەوەش هەنووکە سەبارەت بەم بابەتە لە ئارادا هەیە.

### ٢. کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و ئامێر

لە بواری کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و ئامێر (واتە توێژینەوەی ئەو سەختیانەی مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژمێریارە ئەلیکترۆنییەکاندا)، پراگماتیک دیسانەوە لایەنی کارەکی ڕاستەوخۆی هەیە و گرفتەکانیش لەم حاڵەتەدا لە پێویستییەکانەوە پەیدا دەبن بۆ زۆرتر و زیاتری ڕێژەی کارگەرانی لێهاتوو و کارامە لە بواری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، تا بتوانن بەسەرکەوتوویی بەکاری بهێنن، ئینجا ئەگەر بەرنامەڕێژانی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنیانە زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئامێر و مرۆڤ وا لێ بکەن، کە بەگوێرەی بنەما وێکچووەکانی زمانە

سروشتییەکان و یاساکانی بەکارهێنانی کاربکات، ئەوە چەرخی ژمێریاری ئەلیکترۆنی پێویستی بە چاوەڕوانی دووبارەکردنەوەی فێربوونی هێزە کاریگەرەکان نابێت، ئەمەش مەسەلەیەکە تارادەیەک لە گەورەیی و زلکردنەوەدا ڕۆچووە، بەڵام دوورەپەرێزی ئەم چاوەڕوانییەی شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی زمانە بیانییەکانن، ئەمەش ئەو بوارەیە پراگماتیک گفتی پێشکەشکردنی هەندێک کۆمەکی تیادا دەدات.

### ٣. پەیوەندی ڕووبەڕوو

هەرچەندە لێرەدا بەشداری جۆراوجۆر هەیە، کە پراگماتیک بۆی هەیە بۆ چارەسەری کێشەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی پێشکەشی بکات، بەتایبەتی ئەوانەی بە هەمان زمان قسە دەکەن، بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک حاڵەتی لێکنەگەیشتن لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی خاوەن ئینتیما ڕەگەزییە جۆراوجۆرەکان ڕوودەدات، ئەوەش وەک ئەنجامێک بۆ شیکردنەوە پراگماتیکییە جۆراوجۆرەکانی ئەو درکاوانەی کرۆکە پێشینەییەکانی چەمکێکی تەواو دەبەخشن، چونکە ئاراستەکردنی پرسیار یان لێپرسینەوە یان پلار .......هتد.

لەوانەیە شـــرۆڤەکردنی بە شـــێوەیەکی ڕاســـت ئەنجـــام نەدرێت، لەو بـوارانەی تـریش شـیکردنەوە پراگماتییەکـان بۆیان هەیە تیایاندا گرنگ بن، ئەویش نەخشەکێشـان (یان بەزۆری دوبـــــارەکردنەوەی نەخشـــــەدانان) چـــــۆنێتی مومارەسـەکردنی دەزگاکـان بـۆ کاروبارەکـانی خۆیـان، بـۆ نمـــوونە : چـــۆن دەتـــوانین دادگاییکردنەکـــانی ســـکاڵا بچووکەکـانی وەک بەو شـێوازەی لە ئەمەریکـا و هەنـدێک وڵاتـانی ئەوروپـادا هەیە؟ ئایـا پێویسـت دەکـات لەسـەر بنەمـای ئـاڵوگۆڕی گفتوگـۆ بەڕێـوە ببرێـت، زیـاتر لەو ڕێـژەیەی لە دادگاکـانی تـردا ڕوودەدات؟ یـان ئایـا ئەو ئیجرائاتە تەقلیدییانە لە ڕاستیدا زیاتر لکاون بە گەڕان بە دوای ڕاســـــتیدا؟ هەروەک بە شـــــێوەیەکی بەردەوام پرسیارگەلێکی وێکچوو سەرهەڵدەدا لەنێوان ئەو کەسانەی گرنگـــی بە ئەنجامـــدانی چاکســـازی لە بـــواری ئەو مومارەســـانە دەدەن، کە لە ژوورەکـــانی تـــوێژینەوەدا ڕودەدات.

لێرەدا کۆمەڵەیەکی تـاڕادەیەک جـودا لە گرنگیپێدانەکان دادەمەزرێـت، ئەویـش لەبەر ئەگەری بـوونی هەنـدێک لە حـاڵەتە زمـانەوانییە ناتەندروسـتەکان، کە بە شـێوەیەکی سـەرەکی سروشـتێکی پراگماتیکیـان هەیە، بـۆ نمـوونە

لەوانەیە هەنـــدێک ســـەختی لە ئـــارادا هەبێــت لە کـــاتی چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشانەی تووشـی نەخۆشـی مێشـک دەبــن، کە ئەمەش سروشــتێکی پراگمــاتیکی هەیە، ئینجــا ئەگەر حــاڵەتەکە ڕوون بــووەوە کە بەم شــێوەیەیە، ئەوە یارمەتیـدانی ئەو نەخۆشــانە لە ڕوی کـردەییەوە پشــت بە شـیکردنەوەی پراگمـاتیکی پێشـینەی بەکارهێنـانی ئاسـایی زمان دەبەستێت.

### ٤. پەیوەندی لە دوورەوە

لە کۆتایـدا دەڵێین چەنـدەها گرفتـی پەیوەنـدی زانـراو لە ئـــارادا هەیە، کە لە تێکەڵبــوونی خەڵکــی لەگــەڵ یەکــدی ســـەرهەڵدەدات، کە لە ڕووی شـــوێن و کـــاتەوە لە یەک دوورن، ئەویـــــش لە ڕێگـــــەی نـــــامە تۆمـــــارکراو و نووســـــراوەکانەوە، گـــــرفتەکەش لەوەدایە کە زمـــــانە سروشــتییەکان (ئــەگەر ئەم وتەیە ڕاســت بێــت) لەســەر گریمــانەی گفتوگــۆی ڕووبەڕوو بونیــادنراون، لەبەر ئەوە وشـــــە ئاماژەییەکـــــان[١] لەوانەیە دووچـــــاری هەڵەی

١. مەبەسـت لە وشـە ئاماژەییـەکان، ئەو وشـانەن لەنێـو کـۆمەڵێکی پێکەوە گونجـاوی چەنـد کەسـێک یـان چەنـد شـوێنێکدا، ئامـاژە بـۆ کەسێک یـان شـوێنێکی تـایبەتی دەکـات، یـان دیـاری دەکـات، وەک:

شـــرۆڤەکردن بـــبن، ئەویـــش لە حاڵەتێکـــدا ئەم مەرجە تـایبەتەی گفتوگـۆی ڕووبەڕوو لە ئـارادا نەبێت، لەوانەشـە ئەم ئیعتیبـــارە شـــیکردنەوانەیە لە بـــواری نەخشـــەدانانی ڕێنمـاییە گرنگەکـان زۆر بەسـوود بێت(وەک ڕێنماییەکـانی ڕێگـا یـان ڕێنماییەکـانی کارمەنـدی هـونەریی فڕۆکەکـان، .....هتد)، یان لە نـامە ڕوونکەرەوەکان و بەکارهێنانەکانی دی کـردەی زمـانی نووسـراو. هەروەهـا بـۆ نەخشـەی بەرنـامە تایبەتەکـانی فێرکردنـی ئەو کەسـانەی دووچـاری سـەختی فێربـوونی کـارامەیی لەمەڕ خوێنـدن و نووسـین بوونە سوودی هەیە.

نمـوونەیەکی تـریش ئەو گرفتـانەی جێـی گرنگیـدانە لە حاڵەتێکـــدا ســـەرهەڵدەدات، کە ڕۆڵـــی لە گفتوگـــۆدا بە شـێوازێکی سـاغ و دروسـت بێت، هەروەک لە حاڵەتەکـانی قسـەکردن بە لاسـلکی، یـان(تلکس) یـان نـاردنی نـامە لە ڕێگـــەی کۆمپیـــوتەرەوە، کە لە ســـوودی پراگماتیکـــدا بەرجەسـتە دەبێت، لە ئەگەری نەخشەسـازی ئەلتەرنـاتیڤی مومارەسـە ئاسـاییەکان، لەم دوادواییەشـدا تەنیـا ئەگەری پێشکەشکردنی ئامۆژگاری یان چارەسەری لەسەر بنەمـای

---

(ئەمە) this، (ەکە) the، (تۆ) you، (ئێرە) there، ئینجا لەوانەیە ئەو وشە (ئاوەڵناو، ئامڕاز، جێناو یان ئاوەڵکار) بێت.

تــــویژینەوەی تیۆروتەســــەلی ئەم مەســــەلە ئاســــاییانە دەوەستێت، کـە بە شـیوەیەکی ڕێژەیـی و گرنـگ بـن، کە ئەوانەش ئامۆژگــارییەکی لەســەر بونیــادی تــویژینەوەی دوور و دریژی بەکارهینانی زمانە سروشتییەکان ئەنجام دراون.

ئیتـر هیواخـوازین توانیبیتمـان لەم کـورتە لیکـۆڵینەوەدا هەندیک لە مەبەستەکانی پراگماتیک بخەینەڕوو، هەروەها ئەوەش بـدرکینین کە شـرۆڤەی ئەو گرنگیـدانە بکەیـن، کە پراگماتیک لەم چەند ساڵەی پیشوو بەخۆیەوە بینیوە و تا ئیســــتاش ئەو گرنگیــــدانە هەر بەردەوامە، هەروەهــــا هیـوادارین ئەو نمـوونەیەی پیشکەشـمان کـرد لە بـواری نزیککـــردنەوەی چەمکـــی پراگماتیـــک و مەســـەلەکانیدا یاریدەدەر بیت، لە کۆتاییشدا لەوانەیە ئاماژەکردن بۆ ئەو پەیوەنـــدییەی نیـــوان پراگماتیـــک و بوارەکـــانی دی یـارمەتییەکی بـاش بیـت بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر گرنگـی پراگماتیک لە ڕووی کردەییەوە.

# سەرچاوەکان

1- Charles W. Morris, Foundations of the Theory of Signs, In O. Neurath, R. Carnap and C. Morris (Eds.)International Encyclopedia of Unified Science, Chicago: University of Chicago prees, 1938.

2-Dell Hymes, Models of the Interaction of Language and Social Life. In.J.J.Gumperz and D.H.Hymes Directions in Sociolinguistics, New York: Holt, Rinehart and Winston, 1972.

3-J.J.Katz and J. A. Fodor, The Structure of a Semantic Theory, Language, 39(1963).

4-J.House and G.Casper, "polite markers in English and German ", in F. Coulmas(ed.) Conversational Routine: Explorations in Standardized Communication Situations and Prepatterned Speech, The Hague: Mouton 1981.

5-J.Walters(ed). The Sociolinguistics of Deference and Politeness. Special Issue of International Journal of the Sociology of Language, 27, The Hague: Mouton, 1981.

6-Levinson,S. C.(1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press.

7-P.Brown and S.Levinson, “Universals in Language Usage: Politeness Phenomena “. In E.Goody(ed.)Questions and Politeness in Social Interaction, Cambridge: Cambridge Deference and Politeness, Special Issue of International Journal of the Sociology of University Press, 1978.

8-R. Carnap, Foundations of Logic and Mathematics.

9-Stephen C.Levinson, pragamtics, Cambridge: Cambridge University press, 1983.

# پراگماتیک[1]

## چوارچێوەی مێژوویی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان

هەرچەندە دەکرێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕوانگەی بەکارهێنان بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان بەگوڕ و تینەوە خزایە تێکڕای توێژینەوە زمانەوانییەکان، کەچی ناکرێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە مەسەلەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە پێشڤەچوونێکی لۆژیکی و یەکانگیرەوە هەیە و ناکرێ خۆمانی لێ لا بدەین، بێگومان پشت بە پێشەکییەکی پێشوەختەوە هەیە لەمەڕ دیاردەی پەیوەستبوون، ئێمە لەم بەشەدا باسیان ناکەین، لەم بارەدا جۆرێک لە ڕێککەوتن لەنێوان توێژەراندا بەدی دەکرێت، ئەویش سەبارەت بە کرۆکی ئەو نموونانەی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان بەسەر ڕەوشی پێشڤەچوونە زمانەوانییەکاندا هەبوو: بونیادگەریی،

١ـ لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: فرانسیسکۆ یوس ڕامۆس، مدخل الى دراسة التداولية, ترجمة: يحيى حمداوي, دار نيبور للطباعة و النشر و التوزيع, ٢٠١٤, ص ١٩ – ٦٥.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان.[1] لەم چەند بڕگەیەی داهاتوودا بە کورتی باس لە سیما گشتییەکانی هەردوو ئەم نموونانە دەکەین.

پەیدابوونی بونیادگەریی قەڵبەزەیەک بوو بەسەر ئەو ڕێبازانەی مۆرکێکی مێژوویییان هەڵگرتبوو و زمانیان بۆ ئەوە پوخت دەکردەوە، کە تەنیا شیکردنەوەیەکی بەراوردکارانە بێت لە قۆناغە کاتی و یەک لەدوای یەکەکانە هەمەچەشنەکاندا، کە ئەمەش بەرانبەر شێوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، واتە ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەگەڵ زماندا هاوکاتە، بێگومان وەک هەڕەشەیەک دەخرێتەڕوو، ئەویش بە بەراورد لەگەڵ ڕێبازەکانی توێژینەوەی ئەوکاتە، ئینجا هەر ئەم ڕەوشە بەوەوە نەوەستا، کە پسپۆڕیەتییەکی زمانەوانی بێت، بەڵکو بەرەو لق و پۆلی مەعریفی دیکە پەلی هاویشت، تا ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. ئەو ئامانجانەش دەکرێ لە بنەڕەتەوە لە دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ ئەو ڕەوشە مێژووییە کورت بکرێنەوە، ئەویش وەک سیستەمێک بۆ توێژینەوەی زمان و

---

١. بڕوانە:

Alcaraz,E.(1990),Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I.

نزیکبـــوونەوەی واقیعـــی زمـــانەوانی لە ڕوانـــگەی ئەزمـوونگەرییەکی زیـاتر، واتە ڕەوشـێک زیـاتر پشـت بە زانیـارییە بـەدیهاتووەکان ببەسـتێت، ئەویـش لە دەسـتپێکی پێدراو و ئەزموونەکان، لە هەمان کاتیشدا بـاس لە وەسـفی زمانەوانی وەک سیستەمێکی ڕووکەشی دەکات.

ئینجـا لەنێـو تایبەتمەنـدی بونیـادگەرییە کرۆکەکـان، چەمکـی زمانمـان هەیە وەک هێمایـەکی پەیوەسـت بە یەکدییەوە لەسـەر بنەمـای زنجیـرەیەک پرسـی پێکهـاتەیی، ئینجـا بەم واتـایە سـەبارەت بەم نمـوونەیە، توخمەکـانی سیسـتەم لە ڕوانـگەی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ توخمەکـانی دی لە هەمـان سیسـتەمدا پێناسـە دەکرێت، کەچـی چەمکـی (کلیـل) نمـوونەیەک بە نـاوەکە دەبەخشـێت، بونیـادە، بـەرانبەر ئەو ئەو شـڵەژاوییەی وا نمایـان دەبێـت، کە لە پێشوودا هێمایەکی جیاکەرەوەی زمـان بـووە، ئینجـا لێرەدا تـوێژینەوە سـەبارەت بە بونیـادی توخمـەکان ئەنجـام دەدرێـت، کە یەکـدی لە خـۆ دەگـرن، ئەویـش بە گـوێرەی سیسـتەمێکی ئەوتـۆ، کە لەسـەر ڕێکخسـتن بونیادنرابێت و وەڵامدانـەوەی یاسـاکان بێـت، پێویسـتە ڕەچـاوی پۆلێنکردنیان بکرێت، ڕەوشی تـازەش لەم پێگەیەدا ئەوەیە، کە هـیچ شـتێک تـوخمە پێکهێنەرەکـانی ئەو بونیـادانە

پاساودار ناکات، له حاڵەتێکدا ئەگەر نەکەوێتە بەرهەڵستیکردنی لەگەڵ توخمەکانی دی نێو سیستەمەکە،[1] ئینجا لەم بیرۆکەی دژایەتی و بەرهەڵستییە بەرایییەوە دوو ڕەگەز سەریان هەڵدا: یەکێکیان بەرەو توێژینەوەی ئاستی دەنگی بوو (لێرەدا توێژینەوەکانی **مارتینی ـ Martinet** پەیدا دەبن)، ئەوی دیکەشیان لەسەر ئاستی پەیوەست بە واتاوە (**چەمکی ئاست، چەمکێکە تایبەتە بە سیستەمێک، کە لەسەر بنەمای ڕێکخستن بونیادنراوە، بە تایبەتی قوتابخانەی بونیادگەریی ئەمریکی بەکاری دەهێنێت**). هەروەها دابەشکردنی یەکەم بۆ جیاکاریی ئاستەکان پەلکێشمان دەکات: فۆنەتیک (fonetic)، مۆرفۆلۆجی (morfologic) و ڕستەسازی (sintactic). هەروەها وەک ئاستێکی بنەڕەتی دیسانەوە لە دوو ئاستدا کۆکراونەتەوە: دەنگسازی و وشەسازی/

---

١ـ سۆسێر یەکێکە لە گرنگترین نوێنەرانی ئەم ڕەوتە، کە ئەم بیرۆکەیەی بە شێوازی جیاواز خستەڕوو: وەک پارچەی شەترەنج، کە هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر بەهۆی بەرهەڵستی پارچەیەکی تر نەبێت لەسەر تەختەی یاریکردن، هەروەک شەقامیش هەمیشە خۆی ـ سەرباری ڕووکەشیەکەی ـ لەگەڵ شەقامی تر جیا دەکرێتەوە.

ڕستەسازی، پاشان ئاستی واتاسازی (semantic)یان خراوەتە سەر.

ئەو بیرۆکە سەرەکییەی وەک سیستەمێکی هێمایی دژیەک باس لە زمان دەکات، لە بنەڕەتدا بۆ (**سۆسێر Saussure**) دەگەڕێتەوە، کە زاراوەی تازەی خاوەن بنەڕەتی گشتی لە زماندا خزاندە نێو کتێبەکەیەوە، کتێبەکەشی ناوی (**کۆرسێک لە زمانەوانیی گشتی**)بوو، لە دوانە ناسراوەکانیش: (**زمان و ئاخاوتن**) (**هێما و هێمابۆکراو**)، (**پەیوەندی ستوونی**) و (**پەیوەندی ئاسۆی**) و دوانەی تر.....[1]

ئینجا لە دەستپێکی ئەم بیروڕا سەرەتاییانەوە، شێوەکانی بیرکردنەوە جۆراوجۆییان تێکەوت، تا چەندەها لق و پۆپیان لێبووەوە، کە لەگەڵ بیرۆکە بنەڕەتییەکەی بونیادگەریی هاوبەش جیاوازییان هەیە: لە ئەورووپا قوتابخانەی کۆبنهاگن هەیە، کە لە سەرەتاوە گرنگی بە تیۆرێکدا، کە ناوەرۆک و گوزارشتی ناو سیستەمی هێماکان و پێناسەی هەردوو دیاردەکە بە شێوەیەکی

---

١- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی سۆسێر، بۆ نموونە بڕوانە: کولر(Culler)، ١٩٨٦، و بیرویش(Bierwish)، ١٩٧١: ١٥- ٢١، و کۆیمر(Koemer)، ١٩٧٣، و بارکیرۆ(Barquero)، ١٩٧٤.

هاوڕێک تیایاندا جێیان دەبۆوە.[١] **(بیرویش Bierwisch ١٩٧١: ٢٩ ـ ٣٨).** هەروەهــا **(هێلمســـلیڤ Hielmslve ـ ١٩٦٣)**، کە زاراوەی گلۆســـــیماتیک (Glosematica)ی پێشــنیازکرد و کــردوویە چوارچێــوەیەک بــۆ تیۆرێــک و سەرجەم بیر و بۆچوونەکانی خۆی تێدا حەشاردا، ئینجا ئەو بـــووە وەڵامدانـــەوەی ئەم پێداویســـتییە و بیـــرۆکە دوانەییەکەی **(سۆسێر)**، کە لە سـەرەتادا هەیبوو، هێما و هێمــاپێکراو بــوو و دابەشـــی کــردە ســـەر (ڕوخســـار و نـــاوەرۆکی گوزارشـــتەکان) و (ڕوخســـار و نـــاوەرۆکی کرۆکەکان). بە هەمان شێوە چەمکی زنجیرە ئاماژەیەکە بۆ بونیادی ڕووکەشی وشەیەک، یان کۆمەڵە وشەیەکی نێو ڕستەیەک.

هــەروەها لقێکـی بونیادگــەریی ئەورووپـی دیـکە لە ئـارادا هەیە، ئــەویش قوتابخــانەی پــراگ **(یــان بــازنەی پــراگ)**، گرنگـی بە شـیکردنەوەی بونیـادە دەنگییەکـان(فۆنۆلۆجی ـ fonologia)[٢] دەدا، نــوێنەری ناســراوی ئەم بیــرۆکەش

1. Bierwish, M. (1971), El Estructuralismo. Historia, Problemas, Metodos, Barcelona, Tusquets, p29 – 38.

٢ـ دەنگسازی ئەرکی ـ وەرگێڕ.

**(ترۆبســـتکۆی Troubetzkoy)** و **(ڕۆمـــان جاکۆبســـن Jakobson)** و چەند بیرمەندی دیکەش هەن.

بونیادگەریی ئەمریکی بەهۆی گرنگیدانی بە تـوێژینەوەی زمـان و ڕۆشـنبیری هینـدییە سـوورەکانەوە سـەری هەڵدا، کە پێشـتر نەخرابـوونە ژێـر بـاری لێکـۆڵینەوە (ئینجـا لەم بـــوارەدا زاناکـــان لـــە زمـــانی هینـــدییە ســـوورەکان تێنەدەگەیشـــتن، بۆیـــە لە بـــابەتی توێژینەوەکانیـــان دەکۆڵییەوە)، جگە لەوەش دەستکەوتەکانی ئەم قوتابخانەیە بە ئەنجامەکـانی (دەروونناسـی ڕەوشـتکاریی)[1] پاڵپشـتی دەکـــرا، هەروەهـــا جیاکـــارییەکی دیکەشـــی هەبـــوو لە ڕەتکـــردنەوەی ئاشـــکرای ڕەوشـــی هـــۆش بەرجەســـتە دەبێـــت.[2] دەتـــوانین بڵێـــین پێشـــەنگی ئەم قوتابخـــانەیە **(لیۆنـــــارد بلۆمفیلـــــد L.Bloomfield)** بـــــوو، کە لە توێژینەوەکەیدا (١٩٧٣) **(زمـان /Langage)** ئەو شـتانەی خستەڕوو، لەم چوارچێوەیەدا ئارەزووی شیکردنەوەیەکی

---

١ـ لـە قوتابخانـەکانی دەروونناسـی ئـەمریکی، کـە لـە چوارچێـوەی زمانــەوانی هەوڵیــدەدا وێنایــەکی ببەخشــێت، کــە لــە تێڕوانینــی ڕەوشتکاری بازنەی پەیوەندی لەنێوان ئاخێوەراندا هەیە.

٢ـ لـە ئینسـکلۆپیدیای لالانـدی فەلسـەفی لـەژێر ناوی(هۆشـگەرایی) هاتووە ـ وەرگێڕ.

زمـانەوانییە، کـە پشـت بە تەکنیکـی دۆزینەوە ببەسـتێت، لە هەمان کاتیشـدا دوورکەوتنەوەیەکـی سسـتی لەخـۆ گرتبـوو بـۆ پرۆسـەکانی شـیکردنەوەی ئەو واتایـانەی سروشـتێکی نازمانەوانیان لەخۆگرتووە. دەتـوانین دوو تەکنیکـی کـارا و تـــایبەت بەم قوتابخـــانەیە بە نمـــوونە بهێنیـــنەوە، کە لە (پارچـەکردن) و (ڕێکخسـتن)دا بەرجەسـتە دەبـن، ئینجـا پرۆســـەی ڕێکخســـتن کـــاریگەرییەکی گەورەی لەســـەر هەندێک لە قوتابخانەکانی بونیادگەریی ئەوروپیدا هەبوو.

ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان (کە ڕێزمـانی گوێزانەوەشـی پـێ دەگوترێـت) هەوڵیـدا بـاز بـدات بەسـەر کەموکووڕییەکـانی بـواری چەمـک، کـە نمـوونەکەی پێشـوو تیشـکی خسـتە سـەری، ڕاسـتییەکەی بونیـادگەریی نەیـدەخوازی ئەوە پێشـبینی بکـات، یـا شـرۆڤە بکـات، کە بـۆچی پێشـهاتە زمانەوانییەکـان شـێوەیەکی دیاریکراویـان هەیە، ئەمەش وەک ئەنجامێـک بـۆ گرنگیـدان بە پرسـەکانی ڕێزمـان، لەجیـاتی ئەوەی ئامانجەکـانی وای لێبکـات لـە پیـادەکردنی ڕۆژانەی زمـان و دەوروبـەر و توخمەکـانی یـاوەریی زمـان تێـی بگـات، کـە کـاریگەری لەسـەر واتـای کۆتـایی پەیوەندکردنەوە هەبێت. ڕێزمـانی بەرهەمهێـنان هـەوڵەکانی خۆی لە وەسفکردنی پرۆسەکانی خەملاندن لای ئاخێوەران

قۆرخکردبــوو لە چوارچێــوەی سیســـتەمێکی زمـــانەوانی دیاریکراودا، ئەویش سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانەکەیان، واتە شــرۆڤەکردنی ئەم پرســـە: **((لەبەرچـــی کەســـێک بە شێوەیەکی سروشتی زمانێک فێر دەبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەو زەخیرە زمانەوانییە ناگەڕێتەوە، کە لە مێشکیدایە، چ وشە و چ ڕستەکان؟ ئایا بۆچی ڕستەی تازەی بۆ دێت و گوتـاری واش تێـدەگات، کـە لەپێشـدا نەیبیسـتوون؟))**[1]، ئینجـــا ئەم نمـــوونەیە بـــاس لەوە ناکـــات، کە بـــابەتی توێژینەوەکە تەنیا لە مەسەلە ڕووکەشیانە حەشار بدرێت و تــەنیا تێبینــی لەســـەر تۆمــار بکرێـت، هەروەک چـۆن لە ڕەوشی بونیادگەریدا هەبوو، بە هەمان شێوە هەوڵدەدات بۆ گرنگیدان بە چالاکییەکانی بیرکردنەوەی بەرهەمهێنانی زمان لای مرۆڤ.

پێویســتە ئەوەشــمان لە بیــر نەچێـت، کە جیـاوازییەکی گرنـگ لە ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەم ڕێزمانە توێژینەوەکانی خۆی لەسەر ژێرخانی زانینی زمان لای تـاک و لەسـەر توانسـتی ئـاخێوەران و لەسـەر ئەرکـی خودی توانستی ئاخێوەرەکە بونیاد بنێت، هەروەهـا لەلایەن

1. Bierwish, M. (1971), El Estructuralismo. Historia, Problemas, Metodos, Barcelona, Tusquets, p44.

خـۆیەوە بونیـادگەریی تـوێژینەوە دەربـارەی زمـان و ئەو گروپانەی زمان وەک ئامڕازێکی پەیوەندی لەلایان ئەنجام دەدا، کە زمـان ئـامڕازێکن لە سـەرووی تـاکەوە مامەڵەیـان لەگەڵــدا دەکرێــت و سروشـــتێکی کۆمەڵایەتیــان هەیە. بێگومان پێشەنگی کارەکان لەمەڕ ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە کتێبی (**ڕۆنانە سینتاکسییەکان ـ ١٩٥٧**)ی نەوام چۆمسکیدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەم کتێـبە تـوێژینەوەیەکە پـاش چەنـد ساڵێک بە کتێبێکی دی تەواوکرا، بە نـاوی (**هەندێ لایـەنی تیۆری سینتاکس ـ ١٩٦٥**)، بەڵام هـەروەک زۆرجـاران لەو نموونـانەدا ڕوودەدەن، کە پێشـکەوتن و سـەرکەوتنی زوو و خێـرا بەدەسـت دێـنن، هـەروەها هـەر زوو دابەشـبوونی هەمەچەشنەی بۆ لق و قوتابخانەی جیا سـەریان هەڵدا، بۆ نمـوونە ئەو دابەشـبوونەی لەنێـوان واتــای پراگمـاتیکی و واتای بەرهەمهێنـان ڕوویـدا، کە دابەشبوونێکی زۆر گرنـگ بـوو، سـەبارەت بە ئاراسـتەی یەکەم ڕستەسـازی بەدوایـدا دەگەڕێـت، ڕێکخسـتنێکی زنجیرەیـی زمـان بەرهەم دێنێـت، کەچـــی ئاراســـتەی دووەم گرنگـــی بە شـــیکردنەوەی بەستنەوەی نێوان ڕستەکان دەدات، بەڵام بێگومـان ئەمەش لە چەنـد دەوروبەرێکـدا دروسـت دەبێـت، زۆر گـرنگە لەم چوارچێـوەیەدا جاروبـار نـاو لە دەوروبـەر بنرێـت، چـونکە

ڕەوشی پراگماتیکی دواتر گرنگییەکی زۆری بە دەوروبەر بەخشی، ئەویش وەک تەوەرێکی ناوەند لە خودی بابەتی توێژینەوەکەیدا.

ئینجا لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی بەدواداچوون سەبارەت بەو پێشڤەچوونەی لە هەر نموونەیەکدا دەستەبەربووە، ئەوە بەرگرییەکمان لە ڕەوشی هزریی زمان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، بە مەرامی بەرهەمهێنانیش نموونەیەکی توانستی ئاخێوەر، کە ڕەوشتە تایبەتەکانیان لاکەنار دەخات، واتە ئاخاوتنی تاک: ((**بێگومان پێویستە توێژینەوەی ڕەوشت یەکێک بێت لەو بەشە گرنگانە لە دووتوێی زمانەوانییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ڕەوشتەکان سوودێکی زۆریان لە خودی توێژینەوەکاندا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێدراوەکان هەر بە ناڕوونی بمێننەوە، هەروەها توێژینەوە لە ڕەوشت ناکرێ بە شێوەیەکی ڕاست پراکتیزە بێت، مەگەر تەنیا زانیاری باشمان دەربارەی هەل و مەرجەکانی بۆ دەستەبەر ببێت: (یادگە) و (هۆشداریی).. بە هەمان شێوە و بەتایبەتی تر (توانست)، کە پێویستە لە دووتوێی مەرجەکاندا بێت، ئایا چۆن دەکرێ بونیادی تیۆری ڕەوشت بە مەبەست بگرین،**

**پـێش ئەوەی لەســەر نـاوەرۆکەکەی توێژینەوەمـان کـرد بێت؟))**[1].

هەروەهـا بەرهەمهێنەرەکـان خۆیـان هـەوڵ دەدەن بـۆ دارشــتنی وێناکــان و دەرخســتنی زانیارییەکــان، کە لای ئاخێوەر سەبارەت بە زمانەکەی هەیەتی، بێگومان ئەویش بە پشتبەستن بە شرۆڤەکردنی توانست، کە پێشتر باسمان لێـوەکرد، لێـرەدا زنجیـرەیەک لە نموونەکـانی پێکهـاتەی زمـــانەوانی ئەنجـــام درا، کە بە یاســـاکانی دووبـــارە نووســـینەوە نـــاوزەد دەکرێـــت، کە بەرجەســـتەکردنی نووسـینیان بە هێڵکـارییە درەختییەکـان زیـاتر ناسـراوتر پێکدێت.

ئینجـــا هەر لە دەســـتپێکی ئەم ســـەرەقەڵەمانەی بـــۆ توێژینەوەکەمان سازدا، مەسەلەیەک خـۆی نمایـان دەکات، کە پەیوەســتە بەوەی ئایــا ئەم نمــوونەیە لەگەڵ جــۆری ئاخـاوتنی ئـاخێوەران دەگونجێت بـۆ ئەو زمـانەی ڕەوشـی پراگمــاتیکی لێیــان دەکــۆڵێتەوە. بێگومــان ئەوەش ڕوونە ڕەتکـردنەوەی ئاشـکرای ڕەوشــت و ئاراســتەی هزریـی نمـــوونەی توێژینەوەکـــان ئەو ڕایە پاڵپشـــت دەکەن، وا

---

1.Nique, C. (1980), Introduccion Metodica a la Gramatica Generativa, Madrid, Catedra, p 22.

پێــدەچێت گوزارشــت بە پشتنەبەســتن بەم چوارچێــوە هزرییە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم جۆرە، چونکە ئەو پتەوییەی پرۆسەی پراگماتیک کاری لەسەر دەکات، بریتییە لـە ئاخـاوتن و ئەو ڕەوشـتەی لە دەوروبـەرە زمـانەوانی و مـرۆییە دەستنیشـانکراوەکان بە شـێوەیەکی ورد دانـراوە. پراگماتیـک ئـاڵوگۆڕی ئاخـاوتن لەگەڵ هەمـوو توخمەکـانی هەڵوێسـتی هەمەچەشـنەی ڕۆژانەش دەکـات، لێـرەدا ئەوە ڕوون دەبێــتەوە ئەوەی دەردەکەوێــت و ســەرهەڵدەدات توانســـتێکی نمـــوونەیی نیــیە و زانینێکـــی تەواوی ئەو یاسـایانەش نیـیە، کە بەرهەمهێنـانی ڕسـتە قبوڵکراوەکـان کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام بێگومـان پراکتیزەکردنێکی کردەیـی زمانەوانی سیستە، کە ڕستەی هەڵەی تێدا بەکاردەهێنرێت و قەرەبووی بە توخمە یاوەرەکانی زمانی تێدایە، بێگومـان ئـــاخێوەران بەکـــاری دەهێـــنن، بـــۆ ئەوەی شـــوێنی کەموکـوورِی گوتارەکانیـان بگـرێتەوە، ئینجـا نمـوونەیەک شـرۆڤەی ئەم هەڵوێسـتانەی تێـدا نەبێـت، هـیچ سـوودێکی ئەوتۆی نابێت و توێژینەوەکان بەرەو ئامـانج و مەرامەکـان پەلکێش نـاکەن، ئەوەی تێبینـی کـراوە ئەوەیە، ماندوویـەتی زمانەوانەکانیشـی گرتـووتەوە، سـەبارەت بە پێشـنیازەکانی ڕەوشی بەرهەمهێنان سستیەک دەبینرێت. لە کاتی گەڕان

بە دوای نمــوونەی ســەرووی تــاکەوە، ئەوەیــان لەبیــر دەچێـــت، کە زمـــان هەر لە بـــنەڕەتەوە بژاردەیەکـــی تاکەکەســییە. لەبەر ئەوە لەم ســاڵانەی دواییــدا توانــای شێوێندراوی ئاخێوەران سەبارەت بەوە دەردەکەوێت، کە ئایا ئاخاوتنەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە پەسەندە، یان پەسەند نییە **(ئەمەش بێ ئەوەی لە کارایی پەیوەندی نامەکان کەم بکاتەوە)** و لە گرنگی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی زارەکیش کەم ناکاتەوە، ئینجا زنجیرەیەکی تەواوی توخمە کاریگەرییەکــانی بــواری پەیوەنــدی مرۆیــی پێویســتی بە تــوێژینەوەیەکی میتــۆدی و کــۆکراوەیی هەیە. ئەو شــتەی هــەوڵی بــۆ دەدات، ڕەتکــردنەوەی ئامــانجی نموونەکــانی پێشوو نییە، بەڵکو فراوانکردنیەتی، تا پەی بە مەرامەکانی توێژینەوە زمانەوانییەکان بەرێت تا مەودایەکی دوور، بە هەمان شێوە سنوورەکانی بپارێزێت، تا ((**بتوانێت لەنێو مەسەلەکانی دیکەدا یاساکانی بەکارهێنان شرۆڤە بکات، یــان چــۆنێتی بەرهەمهێنــان و بەکارهێنــانی زانیــارییە لەخۆگرتووەکــانی زمــان لای ئــاخێوەرانی بنەڕەتــی بخاتەڕوو**)).[1]

1. Alcaraz, E. (1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I., p110.

وەک دەرەنجـام دەردەکەوێـت، نموونەکـان هەمـوو لە بنجـدا سروشـتێکی ڕۆنیشـتوو و گوزارەیـان هەیە، واتە قسەکردن بە پراکتیزەکردنێکی کۆتایی بۆ کۆمەڵێک یاسا و بونیاد هەژمار دەکەن، ئەویش وەک جۆرێک لە گەیشتن بە تەواوبوون و وەڵامدانەوە بۆ نموونەکانی پێشـووتر، ئینجا ئەو نموونانە ڕێزمانی بن یان هزریی بن، بەڵام جۆری ئەو گوتـارەی پراگماتیـک تـوێژینەوەی لەسـەر دەکـات، زۆر دوورە لەو ئاسـتە نموونەییـانەی مەبەسـتمانە، ئەمەش بـۆ گوتـارە زارەکیـیە نـاتەواوەکە دەگەڕێـتەوە، لە هەمـان کاتیشـدا بەسـتنەوەیان تێـدا نیـیە و لە ڕووی ڕێزمـانییەوە ڕاسـت نیـیە و لەگـەڵ زمـان لە کێشمەکێشـمێکە ئەمەش گوزارشـتێکە خـودی (**سۆسـێر**) بەکـاری هێنـاوە، کەواتە پێویسـتە نمـوونەیەکی دی بهێنیـنەوە، کە ئەم دیـاردانە بەهەند وەرگرێت و وێنـایەکی زمـان ببەخشـێت، ئەویش لە ڕوانگەی پەیوەندیکردن و گوتارەوە نەک تەنیا لە ڕوانگەی بنەمایەکانی ڕێزمانەوە.

دەتوانین بڵێین بەبێ هیچ ترسێک لە هەڵە، ئەو خەسڵەتەی ئێستا لە هەژموونی کۆمەڵگەکاندا هەیە، ئەگەری بوونی پەیوەندی لەنێوان خەڵکیدا، بەبێ ئەوەی مەودا ببێتە لەمپەرێک لەنێوانیاندا، توانای پەیوەندی لە خودی خۆیدا شتێکی تازە نییە، بەڵکو دیاردەیەکە بە تایبەتمەندییەکی نووساوی جۆری مرۆیی هەژمار دەکرێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی گەورەی لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەیە، چونکە لە ئێستادا بۆمان ڕوون بۆتەوە وردە وردە جیهان بۆتە گوندێکی بچووک و سنوور و تخووبەکان لا براون و لەمپەری ماددی لەئارادا نین، کە ببنە هۆکارێک بۆ قەدەغەکردنی مرۆڤ لە پەیوەندیکردن بە خەڵکی دیکەوە، بەتایبەت ئێستا تۆڕی ئینتەرنێت پەیوەندییەکی چ خێرا و چ ئایندە بۆ مرۆڤی دوور لەیەکتر و لە شوێنی جیا بۆ کەسەکان دەستەبەر دەکات.(١) ئیتر

١ـ بڕوانە:

Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, El uso del lenguaje en Internet, Barcelona, Ariel.

Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, Entre la compensacion y el desconcierto, ponencia

بەم جــۆرە کیــانە ڕۆشــنبیرییەکان جــاران بــوونێکی سـەربەخۆیان هەبـوو، کەچـی ئێسـتا ئەو سـەربەخۆییەیان لەدەستداوە و لەژێر کاریگەریی ڕەوشـە جیهانییەکـەدان و هەستی تاکڕەویی تێدا لاوازبووە، ئەمڕۆ هـیچ ڕۆشـنبیرێک گۆماوێکی گۆشەگیر نییە، کە پڕ بێت لە تایبەتمەندێتی، هەر کۆمەڵگەیەکیش لەژێر سایەی ئەم ڕەوشە گشتیەدا ئەگەری ئەوە هەیە بەر شـاڵاوی ڕۆشـنبیری بکەوێت، هۆکـارەکەش بــۆ ئەو باڵادەســتییە دەگەڕێــتەوە، کە لە توانــا و لە تەکنیکەکانـدا هەیە، بـۆ نمـوونە لەوانە تـۆڕی ئینتەرنێت، کە ئاماژەمـان پێدا، پاشـانیش تەکنیکەکـانی پەیوەنـدی لەنێوان کەســەکاندا، شــایانی باســە لەم ڕووەوە ئامــاژە بەو ســەرکەوتنە مەزنە بکەیــن، کە بەکــارهێنەرانی مۆبایــل دەیــزانن، هەروەهــا ئەو توانایــانەی پەیوەنــدی لەنێــوان کەسـەکاندا دەیڕەخسـێنن، ئیتـر ئینجـا بـۆ پەیوەنـدی بێـت لەگەڵ کەسـانی دی بە شــێوەی زارەکی(دەنگــی) یــان بە شـێوازی نووسـین (نامــەی نووسـراو) لە ڕووپەرەکانـدا پەیڕەودەکرێت.

---

presentada en el II Congreso de la Lengua Espanola, Valladolid, octubre.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پەرە بە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری دەدات، کاریگەرییەکی هاوشێوەی لەسەر پێشڤەچوونی جۆری و چەندێتی ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەندییەوە هەیە، ئێمە لە سەدەی (فاکس) و (وەڵامدانەوەی ئامێری) و پەیوەندیکردنی تەلەفۆنی بینراوداین، هەروەها لەم سەدەیەدا کەسەکان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە قسە دەکەن، ئەویش بە هاریکاری شێوازی ئۆتۆمبیلی زانیاری، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو گەڕانە گەرم و گوڕەی مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی تەکنیکی باڵا و پێشڤەچوو لەژێر دروشمی **((زیاتر، لە کاتێکی کەمتردا و بەرانبەر بە نرخێکی کەمتردا))** جێی دەبێتەوە. ئینجا ئیتر هیچ جێی سەرسوڕمان نییە یەکێک کامیرایەکی بروسکەیی، یان هەواڵدەرێکی کەسی بخاتە بازاڕەوە، کە خەسڵەتەکانی کۆمپیوتەر و فاکس و مۆبایل لەخۆ بگرێت.[1] هەموو شتێک لەم کۆمەڵگەیەدا ئەگەری بوونی هەیە، چونکە پێشڤەچوونی تەکنەلۆژیا گەرم و گوڕی بەخۆوە دەبینێت.

ئینجا ئەم واقیعە پێویستییەکانمان بۆ توێژینەوەی زمان لە ڕووی پراگماتیکەوە زیاد دەکات، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە

---

1 .Jimenez, M.(1992), Comunicador personal, El pais, 11-11-1992, Futuro, p 16-17.

ڕووی زمانەوانییەوە چەند دوورگەیەکی گۆشەگیر نین، بە شـێوەیەک تایبەتمەنـدییەکانیان دووچـاری گـۆڕان نەبـن، ئاخێوەرەکـانیش کـائینێکی گۆشـەگیر نـین و پێویسـتییان بەیەکـــدی نەبێـــت و هەمیشـــە بەرگـــری لە توانـــای پەیوەندییـەکانی خـۆی بکـات و توانـای پەیوەنـدی تـازە هەمیشـە لەخـۆی وەدەرنێـت، بەڵکـو زمـان بەکارهێنـانە و بەسـتنەوەیەکی ئەوتـۆیە، کە پێویسـتی نێـوان ئـاخێوەران دابین دەکـات، جگە لەمەش زمـان پەیوەنـدی بە کـارامەیی مـــرۆڤەوە هەیە. پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیـــاش ڕۆڵیـــان لە دابینکردنی پێویستییە بایۆلۆجییە تایبەتەکانی مرۆڤدا هەیە، لەبەر ئەوە پراکتیزەکردنـی زمـان پێویسـتە ببێـتە دوایـی هـەوڵەکانی مـرۆڤ، ئینجـا ڕوونکـردنەوەی ئەو مەسـەلەیە، ئێسـتا سـنوورە ماددییەکـان لەگـەڵ ئەو پێشـڤەچوونە لە ئـــارادایە، کە بە لەمـــپەر هەژمـــار نـــاکرێن لە بـــواری بەکارهێنـانی زمـان لای مـرۆڤەوە بە ئەنجـام گەیشـتووە، ئەمەش لەســەر ئاراســتە تازەکــانی پێشــکەوتنی زمــان پراکتیـــزە دەبێـــت، جـــگە لەوەش مـــرۆڤ توانـــایەکی لە ڕادەبەدەری لە بـــواری پەیوەنـــدی لەگـــەڵ ڕۆشـــنبیرییە تازەکاندا هەیە، لەم کەین و بەینەدا کتوپڕ شتە تایبەتەکان و چەمـکە ناوخۆییەکـان سـەرهەڵدەدەن، ئینجـا گروپـی

ئەپستمۆلۆژی ئەو گرووپە نییە، کە تەنیا لە زانیاری و زانستەکاندا بەشدارە، بەڵکو لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی چالاکی و بەرهەمهێنانی نامە و پەیامەکان لەسەر دەوروبەرێکی دیاریکراویشدا بەشدارە، جگە لەوەش بەکارهێنانی زمان لە دووتوێی تایبەتمەندییە دەوروبەرییە تایبەتەکانیش هەر بەشدارە، بێگومان ئەمەش سەرچاوەیەکە بۆ جەختکردنەوە لە گوتاری شوناسدا (**یوس ۲۰۰۲**). بەهای جەوهەری ئەو خەسڵەتە ئەپستمۆلۆژیانە وا پێدەچێ بە زانیاری پاڵپشتکراون زانیاری فراوان لای ئێمەوە سەبارەت بە پرسە ڕۆشنبیرییەکانی دی دەستەبەر دەبن، ئەویش بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیا تازەیەی لەئارادا هەیە، بەشێوەیەک ئەوەمان بۆ دەستەبەر بووە، کە دەزانین بۆچی ئەو پەیامەی ئاراستەی کەسێکی دەرەوەی گرووپە تایبەتەکە کراوە، ئەو ڕۆڵە ناگێڕێت، کە لە دووتوێی گرووپەکەدا دەیبینێ، لە هەمان کاتیشدا زۆر پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە درک پێبکەین، کە کاریگەریان هەیە و جیاکارن لە بەکارهێنانی زمان لەلایەن خودی ئاخێوەرانی گرووپێکەوە، واتە شیکردنەوەی چۆنێتی پەیوەندیکردن لە دەوروبەری بەکارهێنانە تایبەتەکان و توانستەکانی بەرانبەر پەیوەندی لە چوارچێوەیەکی

دیـاریکراودا، هەروەهــا چــۆنێتی تێگەیشــتنی پەیامەکـان و چــۆنێتی بەرهەمهێنـانی. پاشـان باسـی لێـوە دەکەیـن، کـە پراگماتیـک گرنگی بە بەکارهێنـانی زمـان دەدات، هەروەهـا ئەو زانیارییـــــانە هەڵــــدەهێنجین، کە لە توخمەکـــــانی دەوروبـــەردان و ئاراســـتەی ئاڵوگۆڕەکـــان دەکــــرێن و واتاکانیـــان دەگۆڕێـــت و ئەنجـــامیش دەبێـــتە هـــۆی دروستبوونی تێگەیشتنێکی کۆتایی بۆ پەیامە نێردراوەکە.

**ڕەگەکان**

ڕێزمـــانی بەرهەمهێنـــان لە شەســـتەکاندا وردە وردە گرنگــــی خـــۆی لەدەســــت دەدا، ئەویـــش بەهــــۆی ئەو نمـــــوونەگەرییە ڕۆچــــووەی لە پێشــــنیازەکانی لەمەڕ شـــــیکردنەوەی پەیوەنـــدی مرۆیــــی بەدی دەکـــــرا، توێژینەوەکــانی (**کارنـــاپ، Carnap**) (**١٩٥٦ـ ١٩٥٩**) لە بنەڕەتەوە لەژێر دروشمی (**واتاسازی بەرهەمهێنان**) جێی دەبۆوە، هەروەها ڕەوشێک بۆ توێژینەوەی بەکارهێنەرانی زمـان لە ئـارادا هەبـوو، ئەمەش وا دەگەیەنـێ گرنگـی بە دیاردە دەوروبەرییەکان بدرێت، شـان بەشـانی ئەمەش ئەو ڕاستەقینەیە ڕوون دەبۆوە، کە هەندێک دیاردە لە ڕوانگەی (واتاســـــازی)یەوە نەدەکـــــرا شـــــرۆڤە بکـــــرێن، کە

دەوروبەرەکان لە چوارچێوەی گرنگیدانەکانیدا نەبوو، بۆ نموونە ئاماژەکانی (**من، لێرە، ئێستا**)، و خوازیارییەکان و بەڵگەخوازی و کردە قسەییەکان.[1] هەموو ئەم شتانە بە هەماهەنگی ئەو جیاکردنەوە یەکلاکەرەوەیەی نێوان توانست و ڕەوشت و نموونەی ڕۆچووی یەکەم ئەنجامدا.[2] لە ساڵانی حەفتاکاندا هەموو ڕەوشەکەی بەرەو ئەوە برد، کە بە دوای شرۆڤەکاندا بگەڕێن، لە بنەڕەتەوە جەخت بکاتەوە سەر ئاخێوەران و گوێگرانی دیاریکراو، هەروەها **هال(Hall)** و کەسانی دی ئاماژەی پێدەدەن،[3] **((لە ساڵانی حەفتاکان ڕەوشی زمانەوانی ڕێگایەکی گرنگی بەرەوپێش برد، کە وای دەرخست لە**

---

1. Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 36-37.

٢. بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە باسیان کردوون:

Goodman, C. (1973), Rethinking context, an introduction, En A. Duranti y , p 34

Alcaraz, E. (1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I, p 109.

3 .Halle, M. J.Bresnan y G.A. Miller(eds.) (1978), Lingiustic Theories and Psycholinguistic Reality. Cambridge, Mass, Mit prss, p 56.

**بەردەم ئەوەدایـــن ئـــاخێوەر ـ گـــوێگری نمـــوونەیی بە یەکجارەکی هەرەسیان پێ بهێنرێت، بۆیە وای لێهاتووە ڕەوشـــی زمـــانەوانی گشـــتاندنەکان پەســـند نـــەکات، ئەو گشتاندنە ڕێزمانی بەرهەمهێنان هێناویەتییە گۆڕێ، لەلای پەســـەند نیـیە و گرنگیپێـدانەکەی زیـاتر دادەڕژێـتە ســەر دابەشکردنی نموونە تایبەتەکانی ئاخێوەران ـ گوێگران))**[1].

بە گوزارشـــتێکی کـــورتتر دەڵێـــین: دەســـتکرا بە گەڕان بە دوای واتـــادا، لە کـــاتی بەکارهێنانـــدا زیـــاتر لە واتاکـــان، ئەویش بە شێوازە ڕووت و ڕەهاکەی.[2]

بەڵام ئەم شـــتانەی وتمـــان نـــابێ ئەو ڕۆڵە گـــرنگەی شـیکردنەوەی بەرهەمهێنانمـان لەبیـر بەرێـتەوە، کارەکـانی چۆمسـکی وەک دیـاریترین نـوێنەری بـواری پێشـڤەچوونە زمانەوانییە تازەکان[3]، هەروەک لەم بوارەدا ناتوانین بـاس لە دابـڕان بکەیـن، بەڵکـو دەبـێ بـاس لە پێشـڤەچوونی ئەم بـوارە بکەیـن، هەروەهـا دەبـێ بـاس لە درێژکـردنەوە و تەواوکاری بکەین، ئینجا ئەگەر لێرەدا دیاردەیەک هەبێت

---

1. Olivares, (1982), p 170.

2 . Leech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 4.

3 .Fleisher Feldman, (1986), p 407 – 410.

بەشداری لە ڕەوشی پراگماتیکی کردبێت، ئەوەیە تەنیا پراگماتیکناسەکان بوون لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان کرد. هەروەک **(سانشیز دی زاڤالا Sanchez de Zavala)** وتویەتی: **((بێگومان گروپێک لە بەرهەمهێنەران هەن، نابێ بە کەمیان بزانین، کە ئەمڕۆ گرنگی بە چڕبوونی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی زمان دەدەن، لەلایەکیەوە چەسپاوەکانی ژینگەی زمانەوانی و نازمانەوانین، کە هەر حاڵەتێک بە جیا تیایاندا بەکاردەهێنرێن، لەلایەکی دیکەشیەوە دیاردە زمانەوانییەکان هەن بەوانەی لە دووتوێی بونیادگەریدان ناکرێ شرۆڤە بکرێن، ئەگەر بارودۆخی ناوخۆیی بەکارهێنەران بەهەند وەربگرین)).**(١)

ئینجا دوور لەم دوورەپەرێزییە لە نموونەگەریی بەرهەمهێنان، ڕەگ و ڕیشاڵە ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنان بۆ **(مۆریس Morris) (١٩٣٨)** دەگەڕێتەوە، کە (هێماکاری)ی بۆ سێ بەش پۆلێن کرد، کە ئەمانەن: **ڕستەسازی** (گرنگی بە هێما و پەیوەندییەکانی

---

1. Sanchez de Zavala,V. (1978), Comunicary conocer en la Actividad Linguistica, Madrid, Ariel, p 10.

پابەندبوونــەکانی دەدات، **واتاســازی** (گرنگــی بە واتــا و پەیوەنـدییەکانی واتـا دەدات، پاشـان **پراگماتیـک** دێـت؛ کە گرنگـی بە پەیوەنـدییەکانی نێـوان بەکارهێنــەر و هێماکـان دەدات، واتە بـۆ پەیوەنـدییەکانی شـرۆڤەکردن دەگەڕێتەوە. ڕاستییەکەی بیرۆکەی پراگماتیک زەرق و بەرقی زۆر پێوە دیــاربوو، بە بەراورد لەگــەڵ ئەو چەمــکەی ئێســتا بــۆی بەکاردەهێنرێـت، ئەم بیرۆکەیـە کـۆمەڵە کێشـەیەکی کەڵەکە دەکـــرد، کە سروشـــتێکی زاراوەییـــان هەبـــوو، چـــونکە (**مــۆریس**) نــاوزەدکردنی پراگمــاتیکی بەکاردەهێنــا، نەک وەک بەشـــێک لە (**هێماکـــاری**)، بەڵکـــو وەک چەنـــد تایبەتمەندییەک بۆ بابەتی توێژینەوەی ئەم پسپۆڕێتییە[1].

هـیچ پێویسـت نیـیە ڕۆڵـی گرنگـی **پێـرس**(**Peirce**) لە بواری پراگماتیکدا ڕوون بکەینەوە، ئەویش وەک بنەمـایەک لە بنەماکانی تـوێژینەوەی (**هێماکاری**). هەروەهـا (**پێرس**) بە هەمان شـێوە **جیمس** (**James**) تیـۆری پراگمـاتیکی بە نـاوە بنەڕەتیـیەکەی خـۆی ناونـا، کەچـی هەردووکیـان لە کۆتاییدا دوو چەمکی جیایـان پەیڕەوکـرد، چـونکە ڕەوشـی پراگماتیک سەبارەت بە (**جیمس**) لەسەر کار بونیـادنرابوو،

1. Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 3.

لە کاتێکــدا (**پێــرس**) زیــاتر بە چالاکییەکــانی هــزرەوە دەیلکانــد، لە دووتــوێی شــێوەیەک لە شــێوە جیاکــانی نمــوونەیی،[1] بەم جــۆرە فرەیــی و زۆری لــق و پۆپەکــان (**پێرس**)ی بەرەو دووبــارەکردنەوەی دارِشتنی ناولێنــانەکە پەلکــێش کــرد، بە شــێوەیەک ئەمجارەیــان بە ڕەوتــی پراگماتیــک (**Pragmaticismo**) نــازەدکرا، کەچــی ئەو دارِشتنەی جیمس بەرەو پێشی برد زیاتر ناسرا، وایکرد بۆچوونەکــانی (**پێــرس**) بەیەکجــارەکی لاتەریــک بکرێــت، بەوەی چەنــد وێنــاکردنێکی ئەمیــانی بە شــێواوی پێشکەش کــرد، ئەویــش لە چوارچێــوەیەکی ڕەوشــتکاری و دژ بە ڕەوشــی هزرگــەرایی وایلێکــرد تونــدوتیژ نمایــان بێــت بە بەراورد لەگەڵ ڕۆحی ئەو ڕەوشــە هزرگەراییــەی تــازەیەی دەروونناســی هەر لە ســەرەتای (شۆڕشــی مەعریفیەوەجیــا دەکــردەوە،[2] لە ڕاستیشــدا قســەکردن لەســەر (هێماکــاری دەربارەی ((**پەیوەندی هێماکان بە شرۆڤەکاران**))، بە هەر

---

1 ـFleisher Feldman, C. (1986), The old pragmatics and the new, Journal of pragmatics, p 405.

2 ـFleisher Feldman, C. (1986), The old pragmatics and the new, Journal of pragmatics, p 406.

چ شـێوەیەک بێت واتـای پەنـابردنە بەر ڕوانـگەی هـزرە لە کاتی شیکردنەوەی چالاکییەکانی ئاخاوتن.

**ئایا دەکرێ باس لە پراگماتیک بکرێت وەک نموونەیەک؟ پێناسەکان**

پـاش ئەو دوو نمـوونەیەی، کە جێگیـری و چەسـپاوی خۆیـان سـەلماند هەروەک لە بونیـادگەری و ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا هەیە، لەوانەیە مەسـەلەیەکی لـۆژیکی بێـت بـازدان لەسـەر کـۆت و بەنـدەکانی بەرانبـەر ئەم دوو ئاراستەیە پەلکێشمان دەکات، بۆ پەیدابوونی نموونەیەک کە لە توانایدایە کێشەکان چارەسەر بکات، ئەو کێشانەی مەبەستی شـرۆڤەکردنی ڕێکارەکـانی کـردەی زمـانەوانی نمایـان دەکـات، ئەم مەسـەلەیەش لە ئاینـدەدا لەژێـر ئەم ناونیشـانە پێشـکەش دەکەم، ئینجـا بـارودۆخی ئێسـتای ئاراسـتەی پراگماتیـک لە تـوێژینەوەی زمانەوانیـدا بـواری ئەوەمـان بـۆ دەرەخسـێنێ، کە نـاوزەدکردنی پراگماتیـک بە نمـوونە بە مەسـەلەیەکی سـەرکەوتووانە هەژمـار بکەیـن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم هەڵوێسـتە کـۆدەنگی هەمـوو لێکـۆڵەرانی لەسـەر نیـیە، زۆر لە زمانەوانەکـان دەربـارەی فرەیـی تواناکـانی پراگماتیـک دووچـاری دڵەڕاوکـێ بـوون:

تـویێژینەوەی کـردە قسـەییەکان و بەسـتنەوەی نـازارەکی و شـــــــــرۆڤەکردن و مەرجەکـــــــانی دەقبـــــــوون و بەڵگەخوازی......تد.

هەڵوێستی زمانەوانەکـان ئاماژەمـان پێدان، لە بنجـدا لە فرەیی چەمکەکـانەوە وەرگیـراوە، ئەویـش لە خـودی خۆیـدا لە گـۆڕانی نمـوونەکەوە سـەری هەڵـداوە، ئـێمەش چەمکـی نموونەمـــان بە واتـــای **(کـــوهن)**[1] خســـتە بەر بـــاس و لێکـۆڵینەوە، ئەمەش گریمـانەی چوارچێـوەیەکی فراوانتـر لە چوارچێـــوەی تیـــۆرەکە دەخـــاتەڕوو، و خـــۆی ئەمە مەبەستەکەمانە چوارچێوەیەک، کە ((**کۆمەڵە گریمـانەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو کارانە دامەزرا بێت، کە مرۆڤ بەرانبەر سروشـتی خـودی بـابەتەکە و سـنوورەکانیان ئەنجامیـان دەدات، هەروەها میتۆدی تویێژینەوەکە و ئەوەی بە شتێکی ڕوون هەژمـــاری دەکـــات و ئەو شـــێوەیەی تیۆرەکـــان**

---

١- مەبەست لەم وشەیە (تۆماس سامۆیل کۆهن)ە، کە فەیلەسوفێکی ئەمریکییـە و بەرهـەمی زۆی لـە مێـژووی زانسـتەکان و فەلسـەفەی زانسـتەکاندا هەیـە, کـە تـوانی چەننـد شـتێک و بیرۆکەیـەکی گرنـگ بخاتە سەر فەلسەفەی زاننست ـ وەرگێڕ.

**وەریدەگرن سنووردار دەکات))**[1]. ئەم فرە تیۆرییە بووە هۆی پەیدابوونی قوتابخانەی پراگماتیکی هەمەجۆر، وەک زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی گوتار.. هتد، بێ یەک و دوو خاوەن یەکێتییەکە، واتە ئەو یەکێتییەی هیوای ئەوەی پێدەبەخشێت، توێژینەوەی زمانەوانی لە بواری بەکارهێنانەکانەوە ئەنجام بدات، ئەمەش واتای وایە **((پەیوەندی نێوان زمان و ئەو دەوروبەرانەی تێدا دەردەکەوێت))**[2]. جگە لەمەش یەکێتی هەستکردن لە ئارادایە بەوەی باز بەسەر نموونەکەی پێشوودا بدرێت.[3] ئەم یەکێتییەی ناومان برد پەلمان بۆ ئەوە ڕادەکێشن بیر لەوە بکەینەوە، ئێمە بەرانبەر نموونەیەکی زانستین، سەرباری ئەمەش زنجیرەیەک توخم هەن، کە پاڵشتی ئەم

---

1. Leech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 4.
2. Beaugrand, R. de et all (1981), An Introduction to Text Linguistics, Londres, Longman, p 209.
3. Leech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 4.

چەمکانە دەکەن لەژێر ساباتی ئەم ناوە جێیان دەبێتەوە، کە پراگماتیکی پێ دەڵێن:[1]

أـ هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە پێویستە نەخشەی سەرەکی توێژینەوەکانی گوتار و دەق بەهەند وەرگرین.

ب ـ گۆڤارەکان دەستیانکرد بە باسکردنی ناونیشانەکانی پراگماتیک وەک حاڵەتێک.

ج ـ پێشبینیەکەی چۆمسکی (١٩٦٩) لەپێشدا کردی سەبارەت بە دەرکەوتنی توێژینەوەکان بە ناوی پراگماتیک دەناسرێت.

دـ ڕەگ داکوتانی ناوەکە لە پسپۆڕێتی دیکەدا وەک فەلسەفە و ئەنسرۆپۆلۆژیا.

هـ ـ پراگماتیک خەسڵەتێکی کۆکەرانەی هەیە و بە دوای ڕوانگەیەکی گشتگیری توێژینەوەی زماندا وێڵە.

کەواتە پراگماتیک گرنگی بە دەوروبەر و پێشوازیکردنی گوتار دەدات، هەروەک **(گۆدوین و دیورانتی Goodwin y Duranti)(١٩٩٢)**، پێشنیاز دەکەن دەتوانین بەراورد لە پەیوەندی نێوان ئاڵوگۆڕی ئاخێوەرانی ژێر دەستمان بکەین، خوازیاری شیکردنەوەین **(ڕووداوی سەرچاوە**

---

1 ـ Alcaraz, E. (1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I, p 112.

**ئەویش بە گوێرەی ئەو نازەدکردنەی لەلایەن خودی ئەو ئـــاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێـــت)** و ئەو دەوروبـــەرەی پرۆســەی ئــاڵوگۆڕکردنەکەی تیــادا ئەنجــام دەدرێــت، بە پەیوەنــدییەکی هاوشــێوەی ئەو دەربــڕینە قــووڵە ـ شــێوە (Fondo – Figura)، واتە پەیوەنـــــــدی، لێــــــــرەدا ئــاوێتەبوونێکی دیاریکراو(شــێوە) لە ئــارادایە، ئەویــش لە دەوروبـەری فراوانتـر یـان کەمتـر فـراوان (قـووڵ) بێـت، تـا ئەنجـام قـووڵاییەکە گـۆڕاو بێـت و بتوانێـت بە شـێوەیەکی دینــامیکی بە بەردەوامــی بگۆڕدرێــت ( **Mutabilidad dinamica)**،[1] ئەویـــش بەپێـــی پێداویســـتییەکانی ئــاوێتەبوونی پەیوەنــدی، ئینجــا ئەم توانــایەی گــۆڕان بە بنەمــایەک هەژمــار دەکرێــت بــۆ ئەو ڕێچــکە فــراوانەی ئاخێوەران بـۆ ئەوانـی دی دەسـتەبەری دەکەن، ئەویش بـۆ شــرۆڤەکردنی گوتــار. ئینجــا بە گــوێرەی ئەو ڕەوشـــەی زانـراوە و درکـی پێکـراوە، گرنگییەکـی زیـاتر بە ڕووداوی ســەرچاوەیی **(دەق، ڕســتە...)** درا، لە هەمــان کاتیشــدا چەســـپاوی قووڵاییەکان(دەوروبـــەر) لاتەریـــک کـــرا و

1 ـ Alcaraz, E. (1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I, p 5.

گفتوگۆکان وەک شێوەی زمانەوانی گۆشەگیر باسی لێوە دەکرا.[1]

پراگماتیــک بە گشــتی دەســتیکرد بە گــۆڕینی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان قوولایی و ڕووکەش (**دەوروبەر / گفتوگۆ**) هەیە، بە شێوەیەک سنووره ڕوونەکانی میتۆد هەردوو نمــوونەکەی پێشــوو جــودا دەکــردەوە و بەرەو نەمان هەنگاویان نا. لە ڕاستیشدا هەندێک لە لێکۆڵەران (**پاریــت Parret، ١٩٨٥**) و (**پیلیــۆ Pellewe ١٩٩٠**) و (**شێگلۆف Schegloff، ١٩٩٠**) لەگەڵ کەسانی تریشدا، پێیان وابوو گوتار هەر خۆی هەندێک جار دەوروبەر دروست دەکات، مەرجیش نییە پێچەوانەکەی ڕاست بێت، کە جاری وا هەیە گومانمان بەولایەدا دەڕوات، ئەمەش بە گشتی بارودۆخی ئەو گوتارانەیە، کە ژمارەیەکی زۆری

---

١ـ بە گوێرەی فیلمۆر(Fillmore)(١٩٨١، ل ١٤٩) پێویستی بە هەر یەک لە دەق ـ ڕووداوی سەرچاوە ـ و توخمی دەرەکی بۆ کردەی دانانی دەوروبەرێکی دیاریکراو هەیەژ، دەتوانین ناوزەدکردنی یەکەم، تایبەت بکەین بە شیکردنەوەی خەسڵەتەکانی دەق، کە ئەویش دانانی دەوروبەری ناوخۆیە، هەرچی دووەمە، کە بە دوای دیاریکردنی ئەو ڕوشانەدا دەگەڕێت، کە دەقەکە لەخۆدەگرێت وەک بەشێک لە تێهەڵکێشەکە، کە بە دانانی دەوروبەری دەرەکی ناوزەد دەکرێ.

وشـەی تـایبەت بە زمـانە زاراوەیـیە پسـپۆڕییەکانیان لەخـۆ گرتـووە، کە دەوروبـەری شـیاو بـۆ گـوێگر دەسـتەبەر دەکەن، بەشـێوەیەک پێویسـتە ئەو وشـانەیان تیادایـە تـێ بگەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، مەرامە بونیادییەکان (سەخت) فرەییان تـێکەوت، ئەم ڕەوشـە لە گەڕان بە دوای شـرۆڤەکردنی دەوروبـەری چـالاکییە زمانەوانییەکـانی مرۆڤـدا وێـڵە، شـیمانەی ئەوە هەیە نەتـوانین خۆمـانی لـێ لابـدەین، ئەم فرەییە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند قوتابخـانەیەک، کە لە چوارچێوەی نموونەکەدا پەیدابوون، پاشـان جۆرێک لە هەسـتکردن بە پەرتبـوونی چەمکەکـانی دروسـت بـوو.[1] ئینجا بەرانبـەر ئەو فـرەییەی لە پرۆگرامەکانی تـوێژینەوەدا بەدی دەکرێـت، ئامـانجی کۆتـایی لێکـۆڵینەوەی پراگماتیـک دەسـتیکرد بە پەرتبـوون و لێـک جودابـوونەوە تـا گەیشـتە لایـەکان، لەم حاڵەتەشـدا کـارەکە سـەخت و دژوار دەبێـت، تەنـانەت پێناسـەکردنی ڕوانـگەی پراگمـاتیکی تـوێژینەوەی زمـان زەحـمەت دەبێـت، هـەروەک لە بەشـی یەکەمـی کتێبەکەی (**لیڤینسۆن ١٩٨٧ Pragmatics**)دا هـاتووە، کە

١- بـرِوانە: (هـۆرن Horn، ١٩٨٨) و (نیـتس Nuyts، ١٩٨٧) و (داسکال Dascal، ١٩٨١).

بەشێکی ناسراوی ئەم بوارەیە و تیایدا چەند لاپەڕەیەک بۆ پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێک خراونەتەڕوو، کە لە توانایدا هەیە پڕبەپێست بن بۆ ئەو شتانەی لە دووتوێ بگرن، کە بە توێژینەوەی زمانەوە پەیوەستن لە کاتی بەکارهێناندا، ئەوانی دیکەش بابەتەکەیان توێژینەوەی زمانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەبێ ئەوەی بتوانرێت هەڵوێستی ڕوون وەربگرین سەبارەت بە هەریەک لەوانە. دەتوانین پێشنیازە بنەڕەتییەکانی **(لیڤینسۆن)** بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

| **پێناسەکان** | **ئاستەنگەکان (بەگوێرەی بۆچوونەکانی (لیڤینسۆن)** |
|---|---|
| توێژینەوەی بەکارهێنانی زمان (ل٥) | ئەو کەسانەی لەم پسپۆڕێتیەدا کاردەکەن بەتەواوەتی ئەو کارانە نادرکێنن، کە ئەنجامی دەدەن. |
| ئەو بنەمایانەی هۆکارەکانی خەوشداری چەند ڕستەیەک ئاشکرا دەکەن، کە توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجام دەدات. | جۆری خەوشەکان شرۆڤە ناکات، بەڵکو باسیان لێوە دەکات هەروەک بڵێی باس لە شتێکی زانراو دەکات، جگە لەوەش ڕوون نەبوونی ئەوەی |

| | |
|---|---|
| | ئەو خەوشانە هەر خۆیانن یان نا. |
| ئەنجامدانی توێژینەوەکانی زمان لە ڕوانگەی ئەرکەکانییەوە(ل ٧). | هیچ جیاکارییەک لەنێوان پراگماتیک و پسپۆڕێتییەکانی دیکەدا ناکات، کە گرنگی بە ڕواڵەتی ئەرکی زمان بدات بۆ نموونە وەک زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. |
| توێژینەوەی لەو پەیوەندییانەی لەنێوان زمان و ئەو دەوروبەرەدا هەیە، کە لە زماندا بە ئاڵۆزی و کۆدکراو هەژمار دەکرێت. | دەکرێ توێژینەوەی بنەماکانی بەکارهێنانی ئەو زمانە دوور بخاتەوە، کە ڕەنگدانەوەی لە ڕێزمانی زمانەکاندا نەبووە. |
| توێژینەوە لە هەموو لایەنەکانی ئەو واتایای لە تیۆری واتاسازیدا نەبووە(ص ١٢). | دەکرێ وردەکارییەکانی چۆنێتی دەستنیشانکردنی واتاسازیی فراوان پێویست بێت بۆ ئەو واتایەی لە دووتوێی تیۆری واتاسازیدا نییە. |

| | |
|---|---|
| تـویژینەوە لە پەیوەنـدی نێوان زمان و دەوروبەر، کە بە شـتێکی بنەڕەتـی مەبەسـتی هـەواڵی دەربـارەی تێگەیشـتنی زمان هەژمار دەکرێت(ل ۲۱). | کێشـەکان لە کاتی تـوێژینەوەی کرۆکـی تێگەیشـتنی زمـان و چۆنێتی جیاکردنەوەی شـێوەی دەوروبەرەکەیە. |
| تـوێژینەوە لـە کارامـەیی بەکارهێنەران لە لکاندنی ڕسـتەکان لەگـەڵ دەوروبەرەکانیـدا، کە لەوانەیە زۆر گونجـاو نەبن(ل ۲٤). | لەوانەیە وەک کۆمەڵناسـیی زمـانەوانی بە شـێوازی **هـایمز(Hymes)**(۱۹۷۱) بێـت، جـگە لەمەش لەوانەیە هەماهەنگی گروپی ئاخێوەرانی بۆ خۆی قۆرخ بکردایە. |
| تـوێژینەوە لـە ئاماژەکـان و پابەنـدبوون و ناچـاربوون و کـردە قسەییەکان و دیاردەکانی بونیادی گوتار(ل ۲۷). | هـیچ پێوەرێـک نابەخشـێت، کە دەرفەت بە تێخزانـدنی یـان تێنەخزانـدنی تـوخمی دی، کە شـایانی گرنگیـدانی ئەم پسپۆڕێتییە بن. |

(پیلۆ **Pellowe**)(١٩٩٠) پێنج مەسەلە دەناسێنێت، کە لە چەند گریمانەیەکی لێکۆڵەرانەوە سەبارەت بە دەوروبەر سەرچاوەیان گرتووە:

١. وا پێدەچێ دەوروبەری قسەکردن تاک و تەنیا بێت، پیلۆ ئەم جەختکردنەوەیە بە مەسەلەی تاکگەرایی ناوزەدی دەکات.

٢. دەوروبەرەکە لە کاتی بەرهەمهێنانی گوتاردا چەسپاوە، ئەمە ئەو مەسەلەیە بە (مەسەلەی داسەکنین) ناوزەد دەکرێت.

٣. گفتوگۆکەران لە هەمان دەوروبەری تەنیادا بەشدار دەبن، کە ئەمەش بە مەسەلەی (بەشداریکردن) ناوزەد دەکات.

٤. ئەگەری ئەوە هەیە دەوروبەرەکان لەلایەن خودی گفتوگۆکەرانەوە بونیاد بنرێن، ئەمەش بە (مەسەلەی کارتێکەر) ناوزەد دەکرێت.

٥. یاساکان بە شێوەیەکی بەردەوام بونیاد دەنرێت، بەڵام مەرج نییە شێوەیەکی (کەڵەکەیی)یان وەرگرتبێ، ئەمەش (پیلۆ) بە مەسەلەی (دینامیکی) ناوزەدی دەکات.

پرۆگرامەکانی پراگماتیک و گرفتەکانی پەیوەست پێوەی لە کاتی توێژینەوەی زمان و دەوروبەر دووچاریان دەبینەوە، زۆر لە لێکۆڵەران و شرۆڤەکارانی پەلکێش کرد بۆ ئەوەی ڕەوشی پراگماتیک تەنیا بە ڕوانگەیەک بزانن[١]، یان بە کۆمەڵە نزیکبوونەوەیەک بزانن لە چەمک و واتاکانی،[٢] یان بە ڕەهەندێکی هەژمار بکەن،[٣] یان بە (پێش ـ نموونە)ی لێکی بدەنەوە،[٤] کە ناکرێ بە دانانی نموونە بەراورد بکرێت، هەروەک لەو دوو ئاراستەیەی

---

١ـ بڕوانە:

Nuyts, J.(1992), Aspects of a Cognitive – pragmatics Theory of Language. Amsterdam: John Benjamins, p 66. Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos.

2 ـ Borutti, S.(1984), pragmatics and its discontents, Journal of pragmatics, p 437.

3 - Eco, U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.), p 699.

4 ـAlcaraz, E. (1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I.

پێشـــوودا هەبــوو، ئینجــا ئەو هۆکــارەی وەک پاســاوێک وەردەگیـرا بــۆ پاڵپشــتکردنی ئەم پـۆلێنە زاراوەیـیە، لەنێـو هۆکارەکـانی دیـکەدا بـوو، کە وایـان دەخـوازی پراگماتیـک **((لە کـاتی گەڕان بە دوای بابەتـدا بێـت، واتە هۆکـاری وا هەبێت پراگماتیک ببێتە بابەتێکی چەسپاو و گونجاو لەگەڵ یەکدی و دەستنیشانکراو بۆ نموونە وەک ڕستەسازی))**،[١] یـان **((ڕواڵەتـی یەکێتـی و نەبـوونی گونجـان لەو فـۆرمەی چەمکـی پراگمـاتیکی بـۆ بەکاردەهێنرێـت و لە پرۆگـرامە ئامادەکراوەکانی توێژینەوەدا لەم ڕوانگە میتۆدییەوە بۆیان دەڕوانرێت))**.[٢] چۆمسکی (١٩٧٩) لە کاتی ڕەخنەگرتن لە تـوێژینەوە ســەرەتاییەکانی پراگماتیـک ئامــاژەی بـۆ ئەوە کــردووە، کــە ئەو بیروبۆچوونــانەی بەکــاردەهێنران، لە

---

1. Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos, p 23.
2 .Nuyts, J.(1987), pragmatics and cognition: on explaining Language. En J. Verschueren y M. Bertuccelli – papi (eds.), p 715.

بنەڕەتــدا ســـەرەتایی و تەمــومژ بــوون و پێویســتیان بە شرۆڤە هەبوون.[1]

ئینجـا ســەبارەت بە یەکە بنەڕەتییەکـانی تـوێژینەوە لەم پسپۆڕێتییە، ڕەخنە لەوە دەگیرێت، کـە **((پراگماتیک هـەوڵ نادات بۆ بونیادنانی چەند یاسایەک، بەڵکو هـەوڵەکانی بـۆ داڕشتنی چەند بنەمایەکە و نەیتوانیوە یەکەکان دروست بکـات، تـەنیا مەگەر ـ لەوانەیە چەمکـی کـردە قسـەییەکان نەبـێ، کە زۆر لە لێکـۆڵەران بە یەکەیەکـی پەیوەنـدی بـێ وێنە هەژماری دەکەن)).**[2]

ئـــێمە لەم کتێـــبەدا مەبەســـتمان ئەوەیە ـ جـــگە لە مەبەستەکانی دی ـ کە نەک تـەنیا لە توانامانـدا نییە، بەڵکو پێویستیشــە پراگماتیـک لەژێـر چەتـری (نمـوونە)دا بــاس بکەین، چونکە وای بۆ دەچین ئەم مەسـەلەیە لە تـوێژینەوە زمانەوانییەکانـدا وەک پێویسـت ڕەگـی داکوتـاوە، لە هەمـان کاتیشـدا وەڵامدانـەوەی ئەو هەل و مەرجـانەیە، کە **(کـوهن**

---

1.Dascal, M. (1981), Contextualism, En H. parret al, (eds.), p 154.

2 .Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos, p 23.

Kuhn، ١٩٧٥) دایڕشـــــتوون، بەوەی ڕوانـــــگەیەک لە ڕوانگەکــان لەژێــر بــاری ئەم نــاوەدایە. لەبەر ئەوە وای دەبینین پراگماتیک کۆمەڵە دەستکەوتێک کۆدەکاتەوە، وەک نموونە بە کەڵک دێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکان ئـەگەر لە ئـارادا بـن، سـەرباری ئەمەش ئەم ڕەوشــە سـوودێکی زۆری بـۆ تیـۆر و ئامانجەکـانی کـۆمەڵگەی زانسـتی هەیە. ئەویـش سـاڵانێکە بـاس و خواسـی پراگماتیـک لە ئـارادایە، سـەبارەت بەوەی نمــوونەیەکە بــۆ ئەو تــوێژینەوانەی لە ساڵانی هەشتاکاندا (سـەدەی پێشـوو) ئەنجام دران، بەڵام لە دەیەی نەوەدەکانــدا وای دەبینــین پێویســتە بــاس لە پراگماتیــک بکەیــن وەک نمــوونەیەک کە لەســەر چەنــد بنەمـایەکی پتەو بونیادنرابێت، لەوانەشـە خـاڵی پەیوەنـدی نێوان چەمکەکـان بە گشـتی لەژێر نـاوی پراگماتیـدا جێیـان دەبێتەوە، ئەو گرنگیدانە هاوبەشـەیە بە توێژینەوەی زمـان لە کاتی بەکارهێنان و بە دەوروبەر و بە ڕەوشـی زمـان لە ڕووی کـــردییەوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی مەســـەلەکە پەیوەســـتە بە دەرچـــوون لەو هەلێنجــانە زمانەوانیــانەی هەردوو نمــوونەکەی پێشــووی پــۆلێن دەکـرد، هەروەهــا پەیوەندی بە دانـانی ئەو توخمـانە هەیە، کە دەقئاسـا نـین و نازارەکین ـ زارەکی نین لە شیکردنەوەدا.

هەمـوو زانســتەکان بەم واتــایە هەوڵـدەدات شــرۆڤە بە زمان بدەن،[1] کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەڕەتدا تەنیا دوو ڕێگا هەن، کە تـوێژەر دەتوانێت بیانگرێتە بەر بۆ گەیشـتن بە مەبەسـتی شــرۆڤەکردنی زمــان، ئەمــانەن: ئاراســتەی ئەنتۆلــۆجی (Ontologico) کە واتـــای شـــرۆڤەکردنی سروشـــتی دیـــاردەی زمـــانەوانی دەگەیەنێـــت و لەوە دەکۆڵێتەوە بۆچی ئەم فۆرمە وایە و ئەوی دی بە جـۆرێکی دیـکەیە، پاشـانیش بەسـتن و گرێـدانی ئەو دیـاردەیەیە بە دیــاردەیەکی دیــکە، کە وێکچــووی ئەو بێــت، ڕێگــاکەی دیکەش ئاراستەی ئەپستمۆلۆجییە (Epostemologico)، واتە گفتوگـــــۆکردن دەربـــــارەی ئەوەی بـــــۆچی هەر دیـاردەیەکی زمـانەوانی تایبەتمەنـدی دیـاریکراوی خـۆی هەیە، ئەویـش بە پشتبەسـتن بە چەنـد ئاماژەیـەکن، کە لە واقیعی دەوروبەرەوە وەرگیرا بێت. ئینجا ئەمـە ئاراسـتەی دووەمە، جگە لەوەی ڕێگـایەکی گونجـاوە، کەچـی تـایبەتتر ئــــامڕازێکە بــــۆ پــــۆلینکردنێکی باشــــتر، بــــۆ ئاراســــتە ئەنتۆلۆجییەکە لە چوارچێوەی بـابەتی تـوێژینەوەدا ئەنجـام

1. Nuyts, J.(1987), pragmatics and cognition: on explaining Language. En J. Verschueren y M. Bertuccelli – papi (eds.), p 717.

دەدرێت، بۆ نموونە ئەگەر خوازیاری ئەوە بین شرۆڤەیەک بەو ئەرکانە بدەین، کە ئەقڵی مرۆڤ جێبەجێیان دەکات و چۆن ئەقڵی مرۆڤ گوتارەکان بەرهەم دێنێت و کۆدەکانیان دەکاتەوە (ئاراستەی ئەنتۆلۆجی)، ئەوە لەم حاڵەتەدا گەڕان بە دوای ئەو توخمە دەوروبەرانەی کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنان و پرۆسەی شرۆڤەکردنەکەی پێشوودا هەیە (ئاراستەی ئەپستمۆلۆجی)، پاشان سەردەکێشێ بۆ بیرۆکەیەکی وەها، کە لەو ئەرکانەی ئەقڵ باشترە کە لە توێژینەوەکەی یەکەمدا بە ئامانج دەگیرا، لە دووتوێی ئەم پێشنیازەشدا لەوانەیە پراگماتیک وای پێویست بکردایە گرنگی بە شیکردنەوەی واقیعەکە بدایە، واتە بەو دەوروبەرەی گوتارەکە تیایدا دروست دەبێت، کەچی ئەم بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییە کۆدەنگی لەسەر نییە، بۆ نموونە **بۆروتی(Borutti)** ئاماژە بەوە دەکات، کە جیاکردنەوەیە تەمومژ و ناڕوونە((**چونکە لەسەر دووڕیانی نێوان وەسف و شرۆڤەکردندایە، هەروەها لەنێوان کۆکردنەوە و بنەما و لەنێوان پۆلێنکردن و ڕەهەنددا هەیە)).**[١]

---

1 - Borutti, S.(1984), pragmatics and its discontents, Journal of pragmatics, p 438.

**سنووری لەگەڵ پسپۆڕەکانی دیکە**

باسکردنی پراگماتیک بەو واتا و چەمکانەی هاوشانی شێوازی بەکارهێنانەکانیان و دەوروبەرەکانیان بن، چەند گرفتێک دەهێنە گۆڕێ، یەکێک لەو گرفتانە ئەوەیە، چەندەها پسپۆڕێتی دیکە هەن، کە دوور و نزیک گرنگی بە ڕواڵەتەکانی ئەو بەکارهێنانە دەدەن، هەروەها گرنگیش بە دەوروبەر دەدەن، لەوانەشە کێشانی سنوورەکان ڕوون و واژی بن بۆ ئەم پسپۆڕێتییە مەسەلەیەکی دژوار بێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە شرۆڤەیەکی درێژ هەبێت لەمەڕ ئەو بابەتەی توێژینەوەی لقەکانی دی لە ئەستۆ دەگرێت لە دووتوێی تیکڕای توێژینەوەکانی زماندا، ئەویش بە جودا لەو پەیوەندییەی لەنێوان پراگماتیک و دەروونناسیدا هەیە، کە پەیوەندییەکە چوارچێوەیەکی فراوانتر بۆ تاوتوێکردنی دەستنیشان دەکەین، ئەویش لەبەر ئەو گرنگییەی هەیەتی لە بواری دیاریکردنی خەسڵەتەکانی تیۆری گونجانی **سپربر و ویلسۆن(Sperber y wilson)**، ئینجا ئەو دوانەییەی ژمارەیەک سەرچاوەی زیاتری پێویست بوو، ئەوانیش بریتین لە (پراگماتیک) و (واتاسازی)، بە هەمان شێوە گرنگی بە لقی دیکە دەدەین، بەڵام بە شێوەیەکی

کەمتـــر وەک (ڕێزمـــان) و زمـــانەوانیی کۆمەڵایـــەتی و سیمۆلۆژیا.

### أ. پراگماتیک و واتاسازی

هەمیشــە وا ڕاهــاتووین بەرگـری لە پێشـنیازی ئاسـان بکەین، کە تیایاندا واتاسازی تایبەتە بە تـوێژینەوەی واتـای حـــەرفی، کەچـــی (پراگماتیـــک) بە خـــۆی گرنگـــی بە تـــوێژینەوەی زمـــان دەدات لە کـــاتی بەکارهێنانیـــدا، یـــان واتاســـازی گرنگـــی بە واتـــای ڕســـتەکان دەدات، کەچـــی پراگماتیـک گرنگـی بە واتـای گوتارەکـان دەدات.[1] یـان (واتاسـازی) ڕەچاوی مەرجەکانی ڕاستی دەکـات، کەچـی پراگماتیـک زیـاتر گرنگـی بە واتـایەکی ڕەهـا لەو مەرجـانە دەدات.[2] لە ڕاســـــتیدا هەرچەنـــــدە ئەو خەســــڵەت و جیاکارییانە گرنگن، کەچی مەسەلەکە لە بنەچە و قوڵایی لێکۆڵینەوەکانیـدا ئـاڵۆزترە. هەروەک **لیڤینســۆن** دەڵێـت:

---

1. Yule, G.(1985), The study of Language. Cambridge: Cambridge University press, p 91.
2 .Gazdar, G.(1979), pragmatics. Implicature, presupposition and Logical form. Nueva York: Academic, P 2.

**((پێناسەی واتاسازی لەو ڕوانگەیەوە توێژینەوەی واتایە لە سادەیی و ڕووکەشیدا ڕۆچووە، کەچی پێناسەکردنی پراگماتیک بەوەی توێژینەوەی بەکارهێنانی زمانە بە پلە یەک))،**[1] ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر پراگماتیک گرنگی بە ئەدگارەکانی واتا نەدات، کەواتە لێرەدا پێویستە لەسەری بەڕوونی و بە ئاشکرایی زیاتر ماهیەتی ڕواڵەتە گرنگەکانی دەوروبەر لە توێژینەوەی واتادا دیاری بکات. سەرباری ئەمەش دەبێ درک بەوە بکەین ئایا باس لە چ جۆرە واتایەک دەکەین، یان بە واتایەکی فراوانتر بڵێین ئایا ناوەرۆکی زاراوەییە، کە واتاکانی گاڵتەجاریی و خوازە.. هتد لەخۆدەگرێت، یان ناوەرۆکە زاراوەییەکەیە بە واتا قۆرخکراوەکەی خۆی؟ ئەو واقیعەی گوزارشتی لەوە دەکرد، کە واتایەکی تاک و تەنیا لە ئارادا نییە ببێتە هۆی فرەیی لە پەیدابوونی ناونیشانی هەمەجۆر، وەک ئەوانەی (گرایس Grice) هێنایانی، کە جوداییەک دەخاتە نێوان واتای سروشتی و واتای ناسروشتی، لەوانەشە مەبەست لەمەی دوایی ئەو واتایە بێت، کە قسەکەر مەبەستێتی، ئەمەش لەوانەیە پەلمان بکێشێت بۆ دابەشکردنێکی

---

1 .Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 12.

هاوتەریب لەگەڵ واتای ئاخێوەرەکە (مەبەست) و واتای ڕستەکە. لەم دەستپێکەوە لەوانەیە بتوانین جوداییەک بکەین لەنێوان ئەو واتاسازییەی بواری گرنگیپێدانیەتی، کە واتای ڕستەکانە، ئەویش بە شێوازێکی جودا لە دەوروبەر و لایەنە پراگماتیکییەکە، کە شیمانەی ئەوە هەیە گرنگی بە واتای گوتارەکان بدات، بەو حیسابەی بە دەوروبەر بەستراوەتەوە، بەڵام **(لیڤینسۆن)** دەگاتە ئەو ئەنجامەی گوزارشت لەوە دەکات، کە (واتاسازی) بەستراوەتەوە بە هەردوو مەرجی ڕاست و هەڵەوە،[1] بەم جۆرە ئیتر ناکرێت هەردووکیان پراکتیزە بکرێن مەگەر لەسەر گوتارەکان نەبێت، واتە نەک لەسەر ڕستەکان، بە هەماهەنگ لەگەڵ ئەو گەڵاکردنەی (پراگماتیک) لەسەر (واتاسازی)بونیاد دەنرێت.[2]

ئەم دیاردەیەی لە هەردوو لقی سەرەکی واتاسازیدا ئاماژەمان پێدا، تێبینی دەکرێت، کە بێگومان هەردوو لقەکە

---

1. Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 34.

2. Gazdar, G.(1979), pragmatics. Implicature, presupposition and Logical form. Nueva York: Academic, P 164.

دەکرێ پرۆسەیەکی بەراوردکارییان بۆ ئەنجام بدەین، مەبەستمان واتاسازی بونیادگەریی (Semantica estructural)((کە تەنیا گرنگی بە تیۆری واتا دەدات))، هەروەها فەلسەفەی زمان (Filosofia del language)، کەمەندکێشی ئەنگلۆسەکسۆنییە، لەگەڵ ئەو پرسانەی سەر بۆ مەرجەکانی ڕاستی دادەنەوێنن.[1] یەکەمیان پابەندە بە چەمکی واتای ڕەهای دەوروبەرەکە، کەچی ئاراستەی دووەم مۆرکێکی پراگماتیکی وەردەگرێت، ئەویش بە ڕێژەی هەوڵدانی بۆ شرۆڤەکردنی ڕواڵەتی واتاکان، واتە ئەو ڕواڵەتانەی نەدەکرا واتایەک بەبێ توخمی دی وەرگرن، کە لە دەرەوەی ڕستەکاندا هاتبن. بۆ نموونە ئەمەش حاڵەتی ئاماژەکان وا دەخوازن زانیاری دەوروبەریان دەربارەی (لەکوێ) و (کەی) و (دەربارەی) ئەو کەسەی لەبارەیەوە قسە دەکرێ، ئەویش لە کاتێکی دیاریکراودا. لە بنەڕەتیشدا بیرۆکەی واتاسازی پراگماتیکی بەم شێوەیەی خستمانەڕوو، بۆتە هۆی داهێنانی ناوی (پراگماتیکی ڕیشەیی)(Pragmatica radical)، کە

1. Eco, U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.), p 699.

نــوێنەرانی ئەم ڕەوشــە هــەوڵیان خســتەگەڕ، بــۆ ئەوەی **((زۆربەی ڕواڵەتەکانی واتا بەشێکن لە واتـای حـەرفی بـۆ گوزارشتکردنێک، لە ڕاستیدا پەیوەندییان بە واتاسازییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە پراگماتیکەوە هەیە)).**[1]

بەم پێشەکیانەوە دەتوانین واتاسـازی فراوانتـر بکەیـن و بونیادێکی پراگماتیک بۆ واتا دابمەزرێنین، هەروەک **(ئیکۆ)** پێشـنیازی دەکـرد، کە هەماهەنـگ و تەریـب بێـت لەگـەڵ پراگماتیکی پەیوەندی،[2] بە شێوەیەک ئەمەی دوایی گرنگی تـەنیا بە دیاردەکـانی ڕەوشـی پراگماتیـک دەدات، واتە ئەو ڕەوشەی تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕوودەدات، ئەمەش بە ڕای **(داڤـــیس Davis)** لە کـــاتی چـۆنێتی گەڕان بە دوای پێناسـەیەک بـۆ واتاسـازی،[3] کـە

1. Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos, p 32.

2 . Eco, U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.), p 704.

3. Davis, M.(1987), Relevance and mutual knowledge, Behavioral and Brain Sciences10(4), p 688.

پێویستە لەسەرمان و لە ڕاستیدا درکی پێ بکەین، ئەویش وەک تیۆرێـــک هاریکارمـــان بێـــت بـــۆ شـــرۆڤەکردنی زنجیرەیەک ڕووداوی واتاکان، پاشان دەکرێ بە ڕووداوی دی تەواو بکرێن، کە لە بنەڕەتدا لە دووتوێی واتاکەدا نییە، کەچی لە تێگەیشتنی ڕستەکاندا زۆر گرنگە، بە شێوەیەک لە دواییدا دەرفەت دەرەخسێنێت ڕەهەندێکی پراگماتیکی بە ڕووداوەکانی واتا ببەخشێت. واتە لەوانەیە زۆر پێویست بێـت پەیوەنـدی پراگماتیـک بە واتاسـازی وا تێـبگەین، کە پەیوەنـدییەکی تەواوکـارییە هەروەک (**لـیش**) پێشـنیازی دەکـــات،[1] هەروەهـــا پێویســـتە ئەو هەڵوێســـتانە ڕوون بکەیـنەوە، کە مەبەسـتیانە واتاسـازی هەژمـوونی بەسـەر پراگماتیکـدا هەبێـت (ڕەوتـی واتـایی Semanticismo)، یـــان ئەگەری ئەوەی پراگماتیـــک هەژمـــوونی بەســـەر واتاســـــــــازییەوە هەبێـــــــت (ڕەوتی پراگماتیـــــــک Pragmaticismo).

1. Leech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 6.

**ب . پراگماتیک و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی**

هەرچەنـدە پراگماتیـک بنجێکـی فەلسـەفی هەیە، کەچـی توێژینەوە لە ڕوانگەی دەوروبەر و بەکارهێنانەکانی زمان پەلمـان بـۆ گومانێـک ڕادەکێشـێت سـەبارەت بەوەی ئایـا سـنوورەکانی نێـوان پراگماتیـک و زمـانەوانیی کۆمەڵایـەتی لەکوێـدان، ناشـبێ ئەوەمـان لە بیـر بچێـت **((هەرچەنـدە پراگماتیک بە شێوەیەکی ورد پەیوەندییەکانی نێوان دیاردە زمانەوانییەکان و فاکتەرە کۆمەڵایەتی (ئابووری، سیاسی، ڕەگەزیی... هتد)، ناخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، تەنـانەت توانـای گـۆڕانی زمـانەوانی نییە، ئەوە هەمـوو بابەتەکـانی پەیوەسـت پێـوەی کـۆمەڵایەتی بـازنەی زمـانەوانین))**[1]. کەچی پراگماتیک بەولایەدا کەمەندکێش بوو، کە تـوێژینەوە دەربـارەی گوتـارە تاقیگەییەکـان ئەنجـام بـدات، بەڵـێ، ئەو گوتـارانەی بەتـایبەتی شـیکار دایـدەهێنێ، بـۆ بەخشـینی نموونەکـانی تیـۆرێکی دیـاریکراو، ئینجـا کـردە قسـەییەکان باشترین نموونەی ئەم بابەتەن، چـونکە ئەم ڕەوشـە زیـاتر پەیوەسـتن بـە پرۆسـەی تـاقیگەییەوە و زۆریـش لە

1 .Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos, p 35.

زمانـــەوانیی کۆمەڵایەتیـــەوە نـــزیکن، ئەم زانســـتەش لە توێژینەوەکانیدا پشت بە چەند هەڵوێستێکی ڕاستەقینە و پەیوەندییەوە دەبەستێت، ئینجا بونیادی ئەم پرۆسەیە بۆ جوداکـــاریەک دەگەڕێـــتەوە، کە لەگـــەڵ ڕەهەنـــدی ئەو پرســـیارانە تەریـــبە، کە شـــیکار لە کـــاتی توێژینەوەیـــدا ئاراســـتەیان دەکـــات، لە دواییـــدا دەبێـــتە هـــۆی جیاکـــاری لەنێوان تایبەتمەندییەکاندا.

کەچی بواری لێکۆڵینەوەی هاوبەش لەنێوان پراگماتیک و زمانـــەوانیی کۆمەڵایـــەتی هەیە، کە لە شـــیکردنەوەی ئاخاوتندا بەرجەستە دەبێت، بەڵام زمانەوانیی کۆمەڵایـەتی زیـاتر بەرەو لایەنـی کـۆمەڵایەتی هەنگـاو دەنێـت، واتە ئەو لایەنەی تیادا ڕەچاو دەکرێت، کە وەسفێک بە تایبەتمەندییە زمانەوانییەکـانی گروپـی قســەکەر دەبەخشـێت، کەچـی پراگماتیـک بـاس لە ڕێکارەکـانی بەرهەمهێنـان و ئـاوێتەیی دەکـات، کە بە دروســتکەر و وەبەرهێنــی گوتــاری تــاکی هەژمار دەکرێت.

لە لایەکـی دیـکەوە جیـاوازی لای **لیڤینســۆن** لە نێـوان هەردوو پسـپۆڕێتییەکەدایە و زیـاتر پەیوەنـدی بە مـاهیەتی ئەو پێناسەکردنەوە هەیە، کە خوازیاری ئەوەین سـەبارەت بە نـــاوزەدکردنی پراگماتیـــک وەربیبگـــرێن. لە ڕاستیشـــدا

جوداكارييەكـان بە بۆچـوونی نووسـەر بەو پێـیە نمایـان دەبێـت، كە پراگماتیـك بە تـوێژینەوەیەك بـزانین بـۆ چەنـد ڕواڵەتێكـی ڕێزمـانی یـان دەوروبـەرەكە((**لەوانەشـە پراگماتیـك واتـای ئەو ڕواڵەتـانە بـاس بكـات، كەچـی لەوانەشە زمانـەوانیی كۆمەڵایـەتی گرنگی بە لێكۆڵینەوەی بەكارهێنـانی ئەم دیـاردانە بـدات**))، یـان لەوانەیە تـوێژینەوەیەك بێـت بەشـداری دەوروبـەر لە تێگەیشـتنی زمانـدا بە ئامـانج بگرێـت((**كەواتە پراگماتیـك لەوانەیە پێویسـتی بە زانیـاری هەبێـت دەربـارەی زمانـەوانیی كۆمەڵایەتی**)).[١]

**ج . پراگماتیك و ڕستەسازی**

سـنووری نێوانیـان ڕوونییـان تێـدایە، ئەویـش ئـەگەر بـڕوانینە ڕستەسـازی وەك سیسـتەمێكی فۆرمئاسـای ڕەهـا لە زمـان، هەروەهـا ڕوونییەكە لە ئـارادایە ئـەگەر بـڕوانینە پراگماتیـك وەك چەنـد بنەمایـەك بـۆ بەكارهێنـانی زمـان.[٢]هەردووكیـان وەك دوو ئاراسـتەی تەواوی

---

1. Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press, p 28 - 29.

2. Leech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 4.

لێکــۆڵینەوە لە زمــان دەردەکــەون، لەوانەشـــە ئەم شـــتە جەختکـردنەوەیەک بێت بـۆ سـەرکەوتنی ئەو پێشـنیازانەی خـاوەن مـۆرکی بەرهەمهێنـانن، بە لای کەمـیەوە سـەبارەت بە کارامـــەیی ئـــاخێوەران، بەڵام تـــەنیا لە بـــازنەیەکی فراوانتــردا ئاوێتەبوونێــک لە نێــوان شــرۆڤەی فــۆرمی و ئەرکیدا دروست دەکات.

### د . پراگماتیک و هێماکاری[1]

بنجەکـــانی نـــاوزەدکردنی پراگماتیـــک وەک لقێـــک لە هێماکـــاری وامـــان لـــێ دەکـــات بیـــر لە جیاکـــاری و پۆلێنکردنێکی ڕوون بۆ هەردوو ئەم پسـپۆڕێتییە بکەینەوە، کەچـی بیرکـردنەوە لە پراگماتیـک تـەنیا بەشـێک نەبێـت لە هێماکـاری لەوانەیە ڕاست نەبێت، هەروەک **ئیکۆ** ئامـاژەی پێ دەکات ((**پێناسەکردنی بابەتی زانستێک لە زانستەکان، وەک ئەو پەیوەنـدیەیە کە لە نێـوان ئـەلف و بـادا هەیە، وا دەگەیەنێـت پێناســەی ئــەلف لە پێناســەی بــا جــودا و**

---

١. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی جیاوازی نێوان ئەم دوو زاراوەیە، بڕوانە:

Parret(1983), Semiotics and Pragmatics. Amsterdam: John Benjamins.

**سەربەخۆیە)).**[1] لەلایەکی دیکەوە چەمکی پراگماتیک بە گوێرەی خوێندنەوەی **(مۆریس)**، واتە وەک توێژینەوەیەک بۆ ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان شرۆڤەکاران و هێماکاندا هەیە، پێویستی تێگەیشتنی پراگماتیک دەخاتەڕوو وەک پسپۆڕێتییەکی ئەوتۆ، کە توێژینەوەی بابەتەکەی خۆی لە ڕستەسازی و واتاسازی جودا دەکاتەوە. بە کورتی هەر سێ لقەکەی هێماکاری هەمان بابەتیان هەیە، جوداکارییەکەش لەوەدایە، کە توێژینەوەکەی لە چەند ڕوانگەیەکی جوداوە دەستەبەر دەبێت. لە حاڵەتی پراگماتیکدا لەوانەیە ئێمە بەرانبەر ڕەهەندێک بین لە ڕەهەندەکانی هێماکاری، کە کاریگەرییەکی زیاتری لەم پۆلێنکردنە سێگۆشەییدا هەبێت **(ڕستەسازی - واتاسازی - پراگماتیک)**، لەوانە بۆ نموونە ئەوەی لە بنەڕەتدا **(مۆریس)** بوو کە لە توێژینەوەکەیدا دیاریکرد، کاتێک ئاماژەی بەوە کرد، کە **((تاکە توخمێک لەناو پراگماتیکدا لەوانەیە لەناو ئەم ناوانەدا هەبێت، کە هەرچەندە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەناو هێماکاریدا جێیان نابێتەوە، کەچی**

---

1. Eco, U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.), p 696.

**ناشكرێ پێناسە بكرێن بە پشتبەستن بە ڕستەسازی یان واتاسازی)).**

**بۆچوونی تەواوكار دەربارەی نموونەی پراگماتیک**

جەختكـردنەوەی تـوێژەران لەسـەر ئەو زانیاریـانەی دەوروبــــەرەكان دەســـتەبەری دەكەن، كە ئەمەش مەسـەلەیەكی لـۆژیكییە، پەلیـانی ڕاكێشـا بـۆ گرنگیـدان بە **(میتاڕستە)**، واتە گرنگیدان بە گوتار نەک بە ڕستە یان بە دەق، تـوێژەران دەسـتیان كـرد بەوەی قسـە بە یەكەیەكـی سـەرەكی دابنـێن بـۆ ئەو پەیـامەی لە دووتـوێی دەوروبـەردایە، كەچـی چەنـدەها كێشـە و گرفـت لە كـاتی هەوڵـدان بـۆ جیـاكردنەوەی دەق و گوتـار هـاتنەگۆڕێ. هەردووكیشـیان دوو نـاون بە شـێوەیەكی گشـتی وەكیەک نـین و واتـای ئەوی دی نـادەن بەدەسـتەوە،[1] بـۆ نمـوونە**(فلـۆوەر Flowler)** وا پێناسـەی دەكـات، كە دەق ئـامڕازێكە لە ئامڕازەكـانی گوتـار، ئەوەش پەسـەندە لای هەمـووان، كە گوتـار دینـامیەتی زیـاترە، هەروەهـا ئەو ڕەوشـە ئـاوێتەییەی ئـاڵوگۆڕە زمانەوانییەكـانە لەنێـوان

---

1. Fillmore, C.J.(1981), Pragmatics and the description of discourse. En p. cole (ed.), p 150 – 151.

قسەکەراندا، کەچی دەق بە کارێک یان بە ئەنجامدانێک بۆ گوتار دادەنرێت.

ئەم جیاکارییە بەرایییە لە بنەڕەتدا دەمانگەیەنێتە ئەوەی بزانین لێرەدا دوو ئاراستە هەن، کە لێوەی دەردەچین بۆ پێناسەکردنی دەوروبەر: یەکەمیان ئاراستەی زمانەوانی ڕووت و ڕەهایە، کە لە لایەکەوە پەیوەندی بە واتای دەقەکانەوە هەیە(دەوروبەری واتایی)، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بە ژینگەی زمانەوانییەوە هەیە لەناو چوارچێوەی خودی دەقەکەدا، ئەمەش هەمیشە بە دەوروبەری ناوخۆیی (co – texto) دادەنرێت،[1] کەچی ئاراستەی دووەم ئاراستەیەکی نازمانەوانییە، کە بە بۆچوونی (**بار ـ هیلیل Bar – Hillel**) دەتوانین بە دەوروبەر ناوی بەرین، ئەم ئاراستەیەش پەیوەندی بە پێگەوە هەیە، لێرەدا دەق بەرهەم دەهێنرێت، یان بە واتا زۆر فراوان یان بە واتا تەسکەکەیەوە پێشوازی لێدەکرێت، یان ئەوەی خزاوەتە چوارچێوەی دروستکردنی زۆربەی پێناسە و توێژینەوە دەوروبەرییەکانی بەردەسمان.

---

١ـ بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Ulman, (1972), p 350., Halliday y Hassan, (1985)., Brawn y Yule, (1983), p 46 – 50.

**لۆزانـۆ (Lozano)** و زانـای دیـکەش هەڵوێسـتەکانی خۆیـــان ســـەبارەت بەم ڕوانـــگە پـــێگەیەی دووەم کـــورتکردەوە (واتە ئەو ڕوانـــگە کـــۆمەڵایەتییەی بە واتـــا فـــراوانەکەی باســـمانکرد)،[١] ئەویـــش لە چوارچێـــوەی تـوێژینەوە دەوروبەرییەکانـدا، لە لایەکـی دیـکەوە لەوانەیە ئەو لێکۆڵەرانەی، کە گۆڕانی هەر پێگەیەک وەک تـوخمێکی ســەرەکی بــۆ شــرۆڤە زمانەوانییەکــان پـتەوە و خــاوەن ئاراســتەیەکی سوســیۆلۆجییە، هــەروەها ئەوانەی بەپێــی ئارەزووەکانیـــان لە دووتـــوێێ ئەو گروپـــانەدا حەشـــر دەدرێـــن، کە زۆر و کەم ســـەربەخۆن وەک زمـــانەوانیی کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیای پەیوەندی.....هتد. سەبارەت بە هەڵوێستی دووەمیش، لێکۆڵەران مەبەستیان شـرۆڤەکردنی ئاخـاوتنە فرەواتاکـانە، ئەویـش بـۆ بەکارهێنانیـان لە پـێگە جۆراوجۆرەکانـــدا، کە هەمـــوو لەژێـــر ســـایەی گروپـــی **پراگمـاتیکیی زمـانەوانی (Linguistica Pragmatica)** کۆبوونەتەوە.

نزیکبوونەوەمـان لە چەمکـی پراگمـاتیکی دەوروبـەر لە بنەڕەتـدا لەگـەڵ هەڵوێسـتەکەی دووەمـدا بەیەکـدەگاتەوە،

---

1-Lozano,J. C. Pena – marin y G. Abril (1986),Analisis del discurso. Madrid: Catedra, p 48 – 49.

واتە ئەو هەڵوێستەی **(سیرل Searle) (١٩٧٥) و گرایس (١٩٧٥) و سبربر و ویلسۆن (١٩٨٦)** لەسەری دەڕۆن و کەسانی دیکەش هەن پەیڕەوی لێ دەکەن، مەسەلەکەش پەیوەندی بە شیکردنەوەی کۆدەکانی دەوروبەر و کردە لۆژیکییەکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە هەلومەرجی دیکەشەوە هەیە، کە پێویستە لەنێوان قسەکەراندا دەستەبەر ببێت **(هەروەها لەنێوان پێشوازیکەری دیکەی پەیامەکاندا دەستەبەربێت، وەک خوێنەران بۆ نموونە)**، ئەم مەرجانە دەبێ بۆ ئەو قسەکەرانە بوار بڕەخسێنن، کە شرۆڤەیەکی ڕاست و دروست بە قسەکان و ئاخاوتنەکان بدەن، واتە هەمەجۆریتی دەوروبەرەکان بەپێی ناوزەدکردنەکەی **شیگلۆف (Schegloff)**.[1]

چەمکەکەی گرایس لەبارەی قسەکردنەوە بە دەوروبەرەوە تایبەتکراوە، کە ئەرکێکی فرە گرنگی هەیە، ئەویش لەڕێی کارایی کۆمەڵایەتییەوە بوار دەدات بە وتنی وتەیەکی دیاریکراو بە هەندێک پابەندبوونی قسەوە. لەلایەن خۆیانەوە **سبربر** و **ویلسۆن** وا لە دەوروبەر تێدەگەن، کە پێشوەخت شتێکی چەسپاو و دەستنیشانکراو

---

1.Schegloff, E.A. (1992), In another context: En A. Duranti y C. Goodwin(ed.),p 195.

نین، بەڵکو گوێگر وەک بەشێک لە پرۆسە مەعریفیەکانی خۆی بونیادی دەنێت، ئەویش لە کاتی تێگەیشتنی وتەکان.

بەم شێوەیە دەوروبەر وا پێدەچێ وەک توخمێکی زۆر پێویست بێت، ئەویش لە کاتی کردنەوەی کۆدی پەیامەکاندا،[1] لە کاتی دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئاوێتەبوونی دروست لە پەیوەندییەکانی قسەکردندا،[2] ئەم دوو چەمکە هەردووکیان بنەڕەتین.

هەرچی چۆنێک بێت گرنگیدان بە دەوروبەر لە توێژینەوەی زماندا بابەتێکی تازە نییە هەروەک لەوەی گوتمان دەردەکەوێت، چونکە پێش ئەمە **(فایرس Firth ١٩٥٧)** ئەوەی تێبینی کرد، کە **((ئاخاوتن نابێ بە یەکجارەکی لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی جودا بکرێتەوە، هەتا ئەرکەکەی خۆی ئەدا نەکات، لەبەر ئەوە پێویستە بۆ کۆکردنەوەی دەقەکان لە زمانە تازەکاندا وا بڕوانین پابەندبوونێکیان هەیە بە قسەکانەوە Implicacion**

1. Ariel, M.(1988), Retriving propositions from context: why and how. Journal of pragmatics 12, p 567.

2. Goffman, E.(1964), The neglected situation, En p.p. Giglioli(ed.), p 61.

enunciado)) [1]، تەنـانەت سـاڵی (١٩٧٠) پێشـنیازێکی کـــرد بـــۆ داهێنـــانی پســـپۆڕێتیەک بە نـــاوی دەوروبەر(Contextica)، ئەم پسپۆڕێتییە لەوانەیە گرنگی خـۆی لە ڕوالەتەکـان و دیاردەکـانی دەوروبـەردا قـۆرخ بکات، کە لە خودی خۆیدا زۆر بـە گرنگی بۆ تـوێژینەوەی زمـان هەژمـار دەکرێـت، سـەرباری ئەمـانەش ئەوە ڕوون بـۆتەوە، کە دەوروبـەر مەسـەلەیەکی بنەڕەتییە، بە هەمـان شـێوە لە کـاتی شـرۆڤەکردنی ئەو جوداکاریـانەی نێـوان واتاســازی و پراگماتیـک، چـونکە لەوانەیە واتاســازی لە بـنەڕەتەوە گرنگـی بە دەق بـدات، ئەویـش پـێش ئەوەی لە واتاکانیـدا هـیچ کـاریگەریەک دەرکەوێـت، بەو واتایـانەی دەوروبــەر دابینـــی دەکــات، بەڵام دەربــارەی هەنـدێک لە شـــیکەرەوان، پێویســـــتە لەســـــەر زۆربەی ڕواڵەت و دیاردەکـانی دەوروبــەر لە ڕووی تیـۆرییەوە لە دووتـوێی پســـپۆڕێتی پراگماتیکیـــدان، وەک ئەوەی ســـەبارەت بە

1. Dascal, M. (1981), Contextualism, En H. parret al, (eds.), p 154.

ئاماژەکان باسمانکردن، پێویستە ئەو دیاردانەی دەوروبەر بەشێک بن لە واتاسازی.[1]

لەم چەند ساڵەی دواییدا، زۆر زاراوە پێشنیازکران بۆ وەسفکردنی ئەو توخمانەی دەوروبەر دروست دەکەن. لێرەشدا هەندێک لەو بەشداریانە کورت دەکەینەوە، کە لە قۆناغە هەمەجۆرەکانی پراگماتیکدا لە ئارادا هەبوون:

| نووسەر یان نووسەران | توخمەکان |
| --- | --- |
| فایرس (Firth) ١٩٥٠، وێرس (Werth) ١٩٨٤ باسی لێوە کردووە. | چوار جۆری پێشنیازکردووە، کە لەگەڵ دەوروبەری پێگەدا ئاوێتە دەبێت: کردەی ئاخێوەران، کە زارەکی و نازارەکین و بابەتە گونجاوەکان و کاریگەری کردەی زارەکی. |
| هایمز (Hymes) ١٩٦٤ | چەند خاڵێکی چەسپاوی گرنگ لە توێژینەوەی دەوروبەردا جیادەکاتەوە: نێرەر و وەرگر و بابەت و دەوروبەری مادی و |

١. بڕوانە: داسکال ١٩٨٣، و داسکال و فرانسۆز Dascal Y Fracozo ١٩٨٩، لاپەڕە ٦ و لاپەڕەکانی دی.

| | |
|---|---|
| | کەناڵ و کۆد و فۆرمی پایەمەکە و ڕووداوەکە (سروشتی کردەی پەیوەندی، مادام لە توانادایە بخرێتە ناو بازنەیەکی فراوانترەوە). هایمز ئەم ناولێنانەی لە پرۆژەکانی دواییدا فراوانکرد، تا گەیشتە داڕشتنێک بۆ ئەم نموونەیە: (وامان بە باشزانی پارێزگاری لە وشە یەکەمیەکان (Acronimo) بکەین S – P – E – A – K – I – N – G ئەویش بە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆی). |
| گۆدوین (Goodwin) و دورانتی (Duranti) ١٩٩٢ | چەند خاڵێکی چەسپاو وەک چوارچێوەیەکی تایبەت و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دادەنێین، لێرەدا ئاڵوگۆڕی قسەیی ڕوودەدات و ژینگەی ڕەفتار، کە ئەو فۆرمەیە بەشداران جەستە و ئاکارەکانیان تێدا بەکاردەهێنن، ئەویش وەک |

| | |
|---|---|
| | چوارچێوەڕێژکردنێک و ڕێکخستنێک بۆ زمانەکەیان، و زمان وەک دەوروبەر، فۆرم بەو شێوەیەی زمان . دەوروبەر دەیخوازێت، پاشان لە ئاڵوگۆڕی قسەکەراندا بەکاریدەهێنێت، دەوروبەری ناپێگەیی لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بەو زانینەوە هەیە، کە هاوبەشە یان پێشگریمانەیە لای قسەکەران. |
| هالیدای (Halliday) ١٩٧٨ | هالیدای هەروەک کەسانی دی(بۆ نموونە (گریگۆری و کارۆل ١٩٧٩) دەستیانکرد بە دانانی سێ پێکهاتەی سەرەکی بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی زمانەوانی: کێڵگەی (field)، یان سروشتی پرۆسەی ئاویتەیی، واتە ئەوەی لە ماوەی گفتوگۆدا جێبەجێ دەکرێت، ناوەرۆک یان تایبەتمەندییەکانی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان |

| | |
|---|---|
| گفتوگۆکاراندا دروست دەبێت و ئەو ڕێگەیەی(Mode) شێوازێکە لە ناردنی پەیام. | |

ئینجا لە دەستپێکی ئەو گرنگیدانە هاوبەشەی سەبارەت بە شیکردنەوەی زمان لە کاتی بەکارهێنانیدا پێی دەدرێت، ئەوە توێژەرانی بواری پراگماتیک دەستیانکرد بە توێژینەوەی دەوروبەرە هەمەجۆرەکان، کە دەتوانین خودی ئەو دەوروبەرانە لە کاتی توێژینەوەی زماندا داینمبەزرێنین، ئەو توێژەرانە لە چەند قوتابخانەیەکەوە کۆبوونەوە، هەروەک لەپێشدا و لەمیانەی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامماندا (یوس ڕامۆس ١٩٩٥)، بە گوێرەی هەوڵەکانی (پاریت ١٩٨٣، لاپەڕە ٩٤ و لاپەڕەکانی تریش)، وا گومان دەبەین کە زۆر پێویستە پرۆسەکانی چەمکی میتۆدی هەمەچەشنەی پراگماتیک وەسف بکەین، ئەویش بەپێی هەمەجۆربوونی دەوروبەرەکە، ئەو دەوروبەرەی شیمانەی ئەوە هەیە بابەتێک بێت بۆ توێژینەوە.

## دەوروبەری ناوخۆیی وەک دەوروبەرێک

شـــیکردنەوە زمانەوانییەکـــان ئێســـتا دەربـــارەی توێژینەوەکـانی ڕسـتە ئەنجـام دەدرێـن، ئەویـش وەک یەکەیەکی زمانەوانی بنەڕەتی، بە پێچەوانەی ئەوەی وتمان ئەو یەکانە لەبەرچاو دەگرن، کە هەماهەنـگ و فراوانتـرن (کۆپلەکـان، بەشـەکانی گوتـار، گفتوگۆکـان)، هەروەهـا ئاراستەکانی وەک شیکردنەوەی گوتار و زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی قسەکردن، هەموویان بەرەو توێژینەوەی خودی ئەو یەکانە کەمەندکێش دەبن، لە هەمان کاتیشدا بۆ هەمـان مەرام بە دوای تـوخمی دەوروبـەری خـودی دەقەکەوە یان گوتارەکە دەکەون، کە لەوانەیە ئەو توخمانە گرنگییەکـی گەورەیـان بـۆ ئەو شـیکردنەوە پێشـنیازکراوە هەبێـت، کە باسـمانکرد. بە هەمـان شـێوەش، دەق پرۆسـەکانی گەڕان بە دوای یاسـای نـاوخۆی دەقەکـان شیدەکاتەوە، کە ڕواڵەتی گشتی بە یەکێتی پێ دەبەخشێت، وەک بەو شێوەیەی لە گونجان و ڕێکخستندا هەیە.

ئەم شـیکردنەوەیەی خسـتمانەڕوو، چەنـد خـاڵێکی هاوبەش کۆدەکاتەوە و لەنێوانیاندا چەندەها مشتومڕ جودا دەکاتەوە، ئینجا شیکردنەوەی گوتار وەک نمونەیەک زیاتر لە زمـانەوانیی دەق نزیـک دەبێـتەوە، لەبەر ئەوەی بـابەتی

توێژینەوەکەی هەموو دەقە نووسراو و زارەکییەکان لەخۆ دەگرێت،[1] کەچی سووربوون لەسەر ئەوەی پێدراوەکان لەوانەیە سروشتی بن، وای لێکرد زۆر لە جیاوازی نێوان هەردووکیانـــدا تۆمـــار بکـــات، وەک لە ڕەوشـــەکە دەردەکەوێت. توێژینەوەی هەموو ئەو شتانەی گرنگیان لە بەکارهێنانی زماندا هەیە، کارێکی ئاسان نییە و بەرانبەر ئەم سەختی و دژوارییە **((ئەو مەسەلەیە تێدەگەین بۆچی زمانەوانەکان هەمیشە ستراتیژیەتی نموونە هێنانەوەیان بۆ بابەتەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانە پەیڕەوکردووە، ئەمەش بێگومـــان لەبەر ئەوەبـــوو تـــا هەمـــوو ئەو شـــتانە دووربکەنەوە، کە ڕستە نین و ڕووت و ڕەهان لە تێکڕای دەوروبەرەکانیان)).**[2]

جیاوازییەکانی شیکردنەوەی قسەکردن، هەمیشە ڕوون و واژی نیـــیە، لەوانەیە بگوترێـــت لە بـــارودۆخە

---

1. Stubbs, M. (1983), Discourse Analysis. The Sociolinguistic Analysis of Natural Language. Oxford: Blackwell, p 1.
2. Stubbs, M. (1983), Discourse Analysis. The Sociolinguistic Analysis of Natural Language. Oxford: Blackwell, p 5.

سروشتییەکەیدا هەردوو ئاراستە میتۆدییەکان پەنا دەبەنە بەر قسەکردن وەک نموونەیەک بۆ زمان، کەچی شیکەرەوانی قسەکردن هەموو شتێکی ناسروشتی بەسەر و بنەوە بەدوور دەگرن، شیکەرانی گوتاریش بە شێوەیەکی فراوانتر لە دیاردە زمانەوانییە فۆرمییەکان دەکۆڵنەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم شیکردنەوەی ئەم گوزارشانە دەکەن:((**ئایا چۆن دەتوانین وەک بەکارهێنەرانی زمان ئەو شتانە تێبگەین، کە لە کتێبەکاندا دەیانخوێنین، هەروەها تێگەیشتنی ئەو شتانەی قسەکەران دەخوازن بیلێن، ئینجا ئیتر هەرچیەک بڵێن، جگە لەوەش ئەو گوتارە بناسنەوە، کە لەگەڵ ئەو گوتارەی بەرانبەردا گونجاوە و پێویستی بە سیستەم هەیە، یان پێویستی بە گونجان هەیە)).**[١]

**داسکال**(١٩٨١) پێی وایە چەمکی دەوروبەری ناوخۆیی چەمکێکی ئاڵۆزە، چونکە خەملاندنی ورد بۆ چەندێتی گوتار، کە بکرێ بە گونجاوی بزانین بۆ ئەوەی بخزێنرێتە ناو ئەم دەوروبەرە ناوخۆییەوە مەحاڵە. ئینجا ئەگەر هەموو بەشەکانی گوتار گرنگن و بە پێویست بزانین بۆ

1. Pellowe, J.(1990), who is context?. En G. McGregor y R.S. white (ed.), p 104.

شـرۆڤەکردنی دەقێکـی دیـاریکراو، ئەوکـاتە دەبـێ، لەوانەیە هەمـــووی بە تەواوی بخزێنـــرێتە نـــاو بـــابەتەکەوە. لە دەستپێکی ئەم بێدەسەڵاتییەی ئەنجامدانی جیاکـاری ڕوون بـۆ دەوروبـەرە نـاوخۆییەکە، **(داسکال)** وا پێشنیاز دەکـات جیـاوازییەکی باشـتر بـۆ دەوروبـەرەکە بکرێـت: بەشـێک لەوانەیە ئەو فاکتەرانەمان پێ نیشـان بدات، کە دەرفەتمـان بـۆ دەرەخسـێنێ لە گوتە ڕاسـت و دروسـتەکان بکـۆڵینەوە، ئەمەش لەوانەیە بەشـێک بێـت لەو لێهـاتووییە پەیوەنـدی قســـەکەر، ئەم چەمـــکە لەوانەیە بە یەکێـــک لەو هـــەوڵە بەراییـــانە هەژمـــار بکرێـــت، کە لە هەموویـــان زیـــاتر جیاوازییەکـــانی ئاکـــاری پەیوەنـــدی قســـەکەران ڕوون دەکەنەوە، ئەویـش وەک بەشـێکی جـودا لە کـۆدەکە.[١] بەم شـێوەیە لەوانەیە لەژێـر دەسـتی قسـەکەردا زنجیـرەیەک لیســـتی زمـــانەوانی هەبـــن، کە بـــۆی بکـــرێ یەکێکیـــان هەڵبژێرێـت، ئەویـش لە کـاتی ئـاوێتەبوونی قسـەکەر بەپێـی ئەو پێویستییانەی دەردەکەون.[٢] لەوانەشە پێویسـت بکـات

١. بڕوانە: میلرۆی ١٩٨٤: ١٤ و هالیدای ١٩٨٤: ٥.

2. Giles, H. y N. Coupland, (1991), Language: Contexts and Consequences. Buckingham: Open University press, p 3.

ئەو گـۆڕانە دەوروبـەريانەی مـاونەتەوە بەپێـی بۆچـوونی داسـكال شـی بكـرێنەوە، ئەويـش وەک بەشـێک لە تيـۆری ئاكار(ڕەوشـت)، بە هەمـاهەنگی و گونجانـدنێک بـۆ نمـووە لەگەڵ توێژينەوەكانی (ليۆنز Lyons).

**دەوروبەری بوون**

لە ڕووی مێـژووييەوە فەيلەسـووف و زانايـانی لۆژيـک پێويسـتی ئەوەيـان خسـتەڕوو، كە پەيوەنـديەک هەبێـت لەنێـوان بەكـارهێنەر و سـەرچاوەی ئەو وشـانەی لە كـاتی بەكارهێنـانی زمانەوانيـدا بەكاريـان دێنـين: پێويسـتييەكی ئەوتـۆ بـۆ لەبەرچـاوگرتنی دەوروبـەری سـەرچاوەی نـاوەرۆكە زمـانەوانييەكە، بەپێـی بۆچـوونی گـودوين و دورانتـی فەيلەسـوفانی زمـان دوو هەڵوێـستی سـەرەكييان دەربـارەی زمـان وەرگرتـووە[1]: لەلايەكەوە بە ڕێكـارێكی سـەرچاوەيان هەژمـاركردووە، بـۆ بيركـردنەوەی لۆژيكيـانە(كە ڕێكـارێكی زۆرجـار لەكـاركەوتووە)، ئەم ڕێكـارە بە دوای ئەو پەيوەنـدييە ڕوونە دەگەڕێـت، كە لەنێوان وشە و سـەرچاوەكەيدا هەيە، لەلايەكی ديكەشـەوە وەک شـتێكی ڕەگـداكوتاو لە دەوروبـەری چـالاكييە

1.Goodwin, C. Y A. Duranti(1992), Rethinking context: an introduction. En A. Duranti y C. Goodwin(ed.), p16.

مرۆییەکانــدا بۆیــان دەڕوانـــی. بە شـــێوەیەکی گشـــتیش فەیلەســـــوفانی زمـــان بە تـــاییەت پـــاکژی زمانیـــان دەستنیشـانکردووە، واتە نموونەگەرییـان هەڵبـژاردووە،[1] کەچـی ئەم شـتە نەبـووە ئاسـتەنگێک بەرانبـەر دەرکەوتنـی ژمـــارەیەک فەیلەســـوف، کە بەرگـــری لە ڕوانگەیەکـــی پراگمــاتیکی بـــکەن بـــۆ شـــیکردنەوەی زمـــان (ئۆســـتن، گرایس....)، ئەم دوو هەڵوێستەش دەکرێ پێکەوە بن لای هەمــــان تــــوێژەر، هــــەروەک بــــۆ نمـــــوونە لای ڤیتجنشتاین (Winttgenstein) هەبوو.

چـوون بەرەو ڕوانگەیەکـی پراگمـاتیکی لەو شـیکردنەوە فەلســەفییانەی زمانــدا کاتێــک پەیــدابوو، کە قســەکەران و گـــوێگران و چوارچێـــوە مـــاددییەکە گوێزرانـــەوە بـــۆ ئیندێکس (indices)، یان ئاماژەکـان (indexicos)،[2] لەم حـــاڵەتەوە جۆرێـــک لە (واتاســـازی) پەیـــدابوو، کە بەرەو

---

1 - Halliday, M.A.K.(1984), Language as code and language as behavior: a systemicfunctional interpretation of the nature and ontogenesis of dialogue. En R.P. Fawcett et al.(ed.), p 4.

٢ـ بڕوانە: بینڤینیست (Benveniste)، ١٩٦٦ و ١٩٧٤، بار ـ هیلیل، ١٩٧٠.

شـــيكردنەوەی واتـــايی ئاراســـتەبوو، جـــگە لەوەش بەم توخمـانەوە پەيوەسـت بـوو، كە بە (واتاسـازی ئامـاژەيی، (semantica indexica) ناوزەدە دەكرێت، لەم پێگەيەدا ئەوە بيردەهێنينەوە، (مۆنتاگ، ١٩٧٤)، كە دياريترين كەسە نوێنەرايەتی ئەم بۆچوونە دەكات.

دەتـوانين لەژێـر سـايەی ئەم ناونيشـانەدا پراگمـاتيكی گەردوونيـی (هابرمـاس Habermas) بنووسـين.[1] ئينجـا لە كـردەی قســەييەوە وەک يەكەيەكـی ســەرەكی گوتــار، **(هابرماس)** هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بەبێ دەسـەڵاتی چەمكی ئاكار بگات، ئەو چەمكەی چۆمسكی دايڕشت، ئەويش وەک پراكتيزەكردنێكـــی ســـادە بـــۆ هەنـــدێک لە ياســـاكانی بەرهەمهێنـان، چۆمسـكی پێـی وايە هەنـدێک تايبەتمەنـدی پــێگەی گوتــاری پێشــگريمانە پێــدراو نــين، بەڵكــو بە پــێچەوانەوە بەهــۆی كـرداره زمانەوانييەكـان دەردەكەون، لەوانەشـــە كـــاری پراگمـــاتيكيی گەردوونـــی بە بۆچـــوونی **(هابرمـــاس)** لە دووبـــارە بونيادنـــانی سيســـتەمی ئەو ياسايانەدا بەرجەستە بێت، كە قسـەكەر دروسـت دەكـات ـ بەرهەم دەهێنێـت، يـان بەگوێرەيـان پێگەكـانی گوتـار بە شێوەيەكی گشـتی بەرهەم دەهێنێت، ئەم ياسـايانە لەوانەيە

---

١ـ بڕوانە: دی ئەلميدا( De Almeida)، ١٩٨٥.

بخرێتە سەر ئەو یاسایانەی وەک سەرچاوەیەک زمان دەدۆزنەوە، بەپێی ناولێنانەکەی هابرماس دەبنە (توانستێکی پەیوەندی) بۆ قسەکەر.

بەڵام لە بواری لاساییکردنەوەی لۆژیکیدا، لەوانەیە گرایس (١٩٧٥) خاوەن گەورەترین کاریگەری بێت لە تێکڕای توێژینەوە پراگماتیکییەکانی داهاتوودا. **(گرایس)** لە هەوڵی ئەوەدابوو وەسفی سروشتی بنەمای هاریکار بکات بۆ پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕکێی قسەکەرەکان، ئەویش بە پشتبەستن بە زنجیرەیەک یاسای ئەوتۆ، کە لەوانەیە پراکتیزەکردنیان سوودی قسەکەری دەستەبەر بکات، کەچی پراکتیزەنەکردنی ئەم یاسایانە مەرج نییە، کە پوختی گفتوگۆ نزمتر دەبێتەوە و مەرجیش نییە بە هەمان شێوە قسەکەر ئارەزووی هاریکاریکردن نەکات، بەڵکو دەتوانێت سەردابنەوێنێت بۆ ئارەزووی دروستکردنی جۆرێک لە کارپێکردن لە کەسی قسەکەرەکەدا.

**دەوروبەری بار**

**(پاریت)** جیاوازییەک لەنێوان دەوروبەری بوون و دەوروبەری بار دروست دەکات، ئەویش کاتێک پەلار بۆ ئەوە دەهاوێژێت ((**دەوروبەری بوون لە ڕێگەی گوزارشتەکانەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن، کەچی**

**دەوروبەری بار فاکتەرگەلێک دەبەخشن، کە واتاکانیان بە شێوەیەکی بەشەکی واتاکانیان دەستنیشان دەکرێت))[1].**
لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە پراگماتیک هەبێت سەر بە بۆچوونی سۆسیۆلۆجی و کۆمەڵناسیی زمانەوانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها وەک دەوروبەریش لەوانەیە ببێتە بابەتی توێژینەوەی ئەم ئاراستانە، بۆ نموونە نەخۆشخانە و هۆڵی وانەوتنەوە و چێشتخانە،...هتد.

وشەی کۆد تایبەتە بە ناونیشانی لاوەکی (پاریت)، بێگومان بارە، پێشتریش مالینۆفیسکی (Malinowski) لە توێژینەوەکەی خۆیدا سەبارەت بە ڕۆشنبیرییە بەراییەکان لە سالانی بیستەکان و سییەکاندا ئەنجامیدا، پێشنیازی ناولێنانی (دەوروبەری بار)ی کرد، کە دووبارە (هایمز) بەکاری هێنا ئەویش لە نووسینێکدا کە بە (ڕووداوی قسە) ناوزەدی کردبوو، کەچی هەرگیز (بار) چەمکێکی ڕوون و واژی نییە، تەنانەت کۆدەنگییەکیشی دەربارەی ئەوە لە ئارادا نییە، کە دەبێ لە وشەی (بار) چی تێبگەین، (بار) بە

---

1. Parret(1983), Semiotics and Pragmatics. Amsterdam: John Benjamins, p 95- 96.

بۆچـوونی مالینۆفسـکی فەزایەکـی شـوێنکاتە، کە بە قسـە حەشاردراوە، کەچی هالیدای (١٩٧٨) بەتـایبەت بە ڕەهـای دەزانێت، لە هەمـان ڕەوشیشـدا حەسـەن(Hasan)(١٩٨١) وای دەبینێـت، کە (بـار) پەیوەنـدی بەو بەشـە بچـووکەی واقـیعەوە هەیە، کە لە ڕوانـگەی قسـەکەرەوە دزە دەکـات، ئەویـش دەربـارەی ڕواڵەتێکـی گرنـگ و دیـاریکراو لە دەوروبەرەوە وەرگیرابێـت، لەبەر ئەوە لەوانەیە پێویسـت بێت جیاکارییەک لەنێوان چوارچێوەی ماددی / کۆمەڵایەتی لە بەراییدا ئەنجام بدەین، کە ئاوێتەبوون تیایدا ڕوودەدات (دەوروبەری بـاری مـاددی بەپێـی ناولێنـانی حەسـەن (Hasan) لەگەڵ دەوروبەری بار وەک چەمکێکی ڕووت و ڕەهـا قسـەکەران دروسـتیان کـردووە، ئینجـا لە هەنـدێ حاڵەتدا دەکرێ بـار بـۆ چەند قۆناغێک هەڵبوەشـێنرێتەوە، گـرفتەکەش بەپێـی بۆچـوونی هرمـان (Herman) (١٩٨٣) لە چۆنێتی جیاکردنەوەی بارەکە لە بارێکی دی، هەروەهـا لەوەشـدایە زۆر جـاران ئەسـتەم دەبێت چ کاتێک قسـەکەر کردە قسەییەکانی خۆی بەتەواوەتی کۆتایی پێ هێناوە و چ کاتێکیش مەسەلەکە پەیوەندی بە کارلێکی قسـەی گەورەتـر هەیە.

ئینجا بەگوێرەی نووسەرانی دیکەی وەک (تاجفیل و تورنەر Tajfel y Turner) دوو پۆلێنکردن لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا هەیە، کە لە گرنگی چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن بە بەراورد لەگەڵ تاکەکەس لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی قسەکاندا: لە یەکێک لە لایەنەکاندا بە جەمسەری تاکەکەسی Polo inter – individual) ناوزەد دەکرێت. لەوانەیە قسەکەران کارلێکبوونیان بەڕێوەبەرن بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان و کەسایەتی،.. هتد، بۆ هەر یەکێکیان، واتە لە بارێکدا شوناسی کەسایەتیان کارا بکەن بۆ هەموو قسەکەرێک، بە پێچەوانەشەوە، لەلایەکەی دیکە واتە لە جەمسەری گروپ (Polo inter - grupal) قسەکەران ئارەزووی ڕەهابوون لە کەسایەتییەکانیان دەکەن و لە مامەڵەکردن لەگەڵ گفتوگۆکەرانیان، ئەویش وەک نوێنەرێک بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی زیاتر لە تاکەکان، لەم حاڵەتانەدا ڕوواڵەتە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئینجا لەگەڵ ئەم دوو جەمسەرە دەکرێ جیاکاری لە گرنگی دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا بکرێت، ئەویش لە هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان تاکەکاندا ئەنجام دەدرێت.

(ڤان دیجک و کینتش Van Dijk y kintsch) ئەم شـێنەییەیان لە پێگەکانـدا لا پەسـەندە، ئەویـش بە چەنـد ڕەهەنـدێک کە زیـاتر فـراوان دەبێـت وەک لە ئاینـدەدا دەیبینـین، لەبـارەی هێڵکاریەکانیـان سـەبارەت بەو هەواڵە دەوروبەریانەی قسـەکەران لە کاتی دروستکردنی بونیادە پەیوەندییە مەزنەکان پشتیان پێ دەبەستن:

**١ـ زانینی ڕۆشنبیری گشتی.**

أ ـ چـالاکی و ئامانجەکـانی کـۆمەڵی خـاوەن سروشـتی گشتی.

ب ـ ڕووداو و چالاکی تایبەت.

ج ـ بـارودۆخی بیۆفیزیـائی (biofisicas)تـایبەت (کەش، دیمەن، ئاژەڵان، ڕووەک،...).

د ـ کەلوپەلی تایبەت.

**٢ـ باری سۆسیۆ ڕۆشنبیری (وەک بەشێک لە یەکەم).**

أ ـ جۆری بار(قاوەڵتی، سەردان، هاوسەرگیریی).

ب ـ جۆری بەشداربووان:

ب ١ـ ئەرکەکان (شوفێری ئۆتۆمبیل، دادوەر، دکتۆر).

ب ٢ـ ڕۆڵەکان (دایک، برادەر).

ب ٣ـ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی (ڕەگەز، تەمەن،....).

ب ٤. تایبەتمەندییە تاکییەکان (سروشت، خولیاکان، ئامانجەکان).

ب ٥. ڕووداو و ئاوێتەبوونە تایبەتەکان (سەردان، هاریکاری، چالاکی).

**٣. باری پەیوەندی (وەک بەشێک لە دووەم).**

أ ـ ئامانجە گشتییەکانی ئاوێتەبوونی پویوەندی.

ب ـ کردە قسەوییە گشتی و ناوخۆییەکان.

ج. دەوروبەری سەرچاوەیی دەستنیشانکراو (ئامادەبوونی کەسانێک، کەلوپەل).

لەلایەن خۆیانەوە براون و فریزەر ( Brawn y Fraser) (١٩٧٩) سێ پێکهاتەی سەرەکی لە هەر بار و هەڵوێستێکدا دەخەنەڕوو: دەوروبەر و بەشداربووان و مەرام و مەبەستی ئاوێتەبوونی قسەکەر، پاش ئەم جیاکارییە یەکەمینەش، (براون و فریزەر) هەردووکیان دەوروبەر و مەبەست لە دووتوێی ئەو شتەدا کۆدەکەنەوە، کە بە دیمەن ناوزەدی دەکەن و هەردووکیان شیکردنەوەیەکی درێژ بۆ پێکهاتەکانی بار ئەنجام دەدەن بە لەبەرچاوگرتنی چەسپاوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی درێژ.

لەلایەن خـــــــۆیەوە **هـــــــارتلی (Hartley)** (١٩٩٣) هێڵکـاریيەک بـۆ پـێگەی خـاوەن سروشـتی کـۆمەڵایەتی ئەنجـام دەدات، بەتـایبەت هەردوو خەسـڵەتی دەوروبەر و بونیـادی کـۆمەڵایەتی لەنێـوان بەشـداربووانی کـارلێکی پەیوەندییەکــە لەخــۆ دەگرێــت، ئینجــا وەک بەشــێک لە خەســـڵەتەکەی یەکەم، (هــــارتلی) یاســــای(normas)ی کـۆمەڵایەتی و یاسـای (reglas)ی کـۆمەڵایەتی پێشـنیاز دەکــات، ســەبارەت بە خەســڵەتەکەی دووەمــیش، واتە دەوروبەر پرۆســــەیەکی بەشــــەکییە بــــۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و دەوروبەری ماددی پێشنیاز دەکات.

ئینجـا هەرچەنـدە ئەمـڕۆ گرنگییەکـی زۆری پێـدەدرێت، بێگومـان بار(هەڵوێسـت) بە شـێوەیەکی گشـتی لە مـاوەی چەند ساڵی یەکەمدا، کە میتۆدی پراگماتیک تیادا پراکتیزە کـرا، کەچـی گـرنگییەکەی وای لـێ نەکـرد ئەو بـوارە زامـن بکات، کە لە تـوێژینەوە هەمەجۆرەکاندا شایستەیەتی. ئەو توێژینەوانەی هەواڵی ئەم گۆڕانە دەوروبەرانـەی شـرۆڤەی ڕاسـت و بەرهەمهێنـانی گوتارەکـان بە لەبەرچـاو دەگـرن، هـیچ گەشـەیەکیان بە خۆیـانەوە نەدیـوە، مەگەر لەم چەنـد ساڵەی دوایی نەبێت، بێگومـان، سـنوورەکانی بـار هەمیشـە لە گۆڕاندایە و لە تواناشماندایە لە زۆر بـارە تایبەتەکانەوە

دەرپەڕیــن وەک بــاری مــاددی، کە قســـە و گفتوگــۆ لە دەوریـدا هەن، بێگومـان کـاریگەری لەسـەر نمـوونەی ئەو گفتوگۆیانە دەکات، کە قسەکەران هەڵیدەبژێرن، ئـەویش لە ڕوانگەی قسەوە پەی پێ دەبرێت، تا دەگاتە دەوروبـەرێکی فراوانتــر وەک گرووپــی قســەکردن.[١] بە کــورتی پێویســتە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین، کە توێژینەوەی بار لە خـودی خۆیـدا ئـاڵۆزە، ئەویـش بەرانبــەر ڕێــژەی ئەو گۆڕانــانەی پێویســـتە لەســـەرمان شـــیان بکەیــنەوە، ئەمەش بــۆ ئەوە پاڵمــان پێــوە دەنێــت جەخــت لەســـەر ئەوە بکەیــنەوە، کە هەوڵەکانی وەک هەوڵەکەی (وێرس) هـیچ سـوودێکی نییە، کە لە دارشــتنی تیــۆرێکی گەردوونــی بــۆ بــار بەرجەســتە دەبێـــــت، کە هەواڵ بـــــدات لەســـــەر ئەو گـــــۆڕانە دەوروبـــەرییانەی لە توانایانـــدا هەیە کـــاریگەری لەســـەر کارلێکی قسەکەر بکەن.

لێرەشـــدا شـــیکردنەوەیەکی کـــورتی هەنـــدێک لە ئاراستەکانی پراگماتیک ئـەنجام دەدەین، کە لە توانامانـدایە بیـانخزێنینە ژێـر ئەم ناونیشـانە بچـووکەوە (دەوروبـەری بار).

---

1 .Gumperz,J.J.(1968), The speech community, En p.p. Giglioli(ed), 1971,p 114 – 128.

ئێمە پێشوتر ئاماژەمان بە سەختی و دژواری هەردوو بواری پراگماتیک و زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، دەتوانین ناونیشانێکی بچووک بخەینە دووتوێی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش ناوی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی کارلێکییە، ئەم ناوەش لەلایەن ئەو کەسانەوە دانراوە، کە ناسراوترین نوێنەری ئەم بوارەن، کە ناویان (گومپێرز Gumperz)و (گۆفمان Goffman)ن. یەکەمیان لەو شێوازە دەکۆڵێتەوە، کە گفتوگۆی سازان لە دەوروبەردا ئەو شتانە بەشێوەیەکی جیاواز دادەنێن، کە بە قسەکردن دەیلێین، هەرچەندە هەموو بەشدارن لە زانینی یاسا ڕێزمانییەکانی زمان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بونیاد و واتا و بەکارهێنانی زمان دەبنە وەڵامدانەوەی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی دەبنە پاڵپشت بۆی. ئینجا بەپێی بۆچوونی (گومپێرز Gumperz) پێویستە هەر تیۆرێک لە ستراتیژیەتی گوتار بکۆڵێتەوە، کە **((سنوورەکانی مەعریفەی زمانەوانی و سۆسیۆ ڕۆشنبیری دەستنیشان بکات، پێویستە بەشدار بێت لە حاڵەتێکدا خوازیاری ئەوە بین کارلێکی قسەکردن بهێڵینەوە، ئەویش پێش ئەوەی بچێتە سەر سروشتی بەڵگەهێنانەوەی قسەکردن، کە دەبێتە وەڵامدانەوەی تایبەتمەندی**

**ڕۆشـــــنبیری و ڕۆشـــــنبیری ناوەنـــــدی و پێگەیـــــی شرۆڤەکردن)).**

هەرچی (گۆفمان)یشە باس لەوە دەکات، چۆن زمان لە بارودۆخێکی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا قەرارگیر دەبێت، بە هەمـان شـێوەش ئەوەی بـاس لە واتـا و مانـا لە هەمـان بارودۆخـدا دەکـات.(۱) سـەبارەت بە (گۆفمـان)، کـائین لە بونیـادێکی کـۆمەڵایەتی پێکهـاتووە، یـان وردتـر بونیـادێکی کارلێکە، جگە لەوەش توێژینەوەکانی (گۆفمان) دەربارەی چوارچێـوە هزرییـەکانی (Frames)، کە ئەزموونەکـان ڕێکـدەخەن، بە شـێوەیەکی تـایبەت بە گرنـگ بـۆ چەمـکە مەعریفییەکـــان هەژمـــار دەکـــرێن، کە توێژینەوەکـــانی تێگەیشتنی زمان بە مەرام دەگرن.

هەروەهـا بە هەمـان شـێوە ئـەتنۆگرافیای پەیوەنـدی لە سـنوورە فراوانەکەیـدا پـێگە بە هەنـد وەردەگرێـت، خـاڵی دەسپێکردنیشـــــی لە شـــــیکردنەوەی داب و نەریـــــتە پەیوەندییـەکانی گروپەکانـدا بە گشـتی بەرجەسـتە دەبێـت، ئەویـش بـۆ دەستینشـانکردنی ئەو شـتانەی بە ڕووداوی پەیوەندی دادەنرێت، یان بۆ دیاریکردنی پێکهاتەکەی دابین

1.Schifrin, D.(1994), Approaches to Discourse, Oxford, Blackwell, p 97.

دەکرێت، ناشکرێ هیچ ئاکارێکی پەیوەندی بە شێوەیەک تێبگەین، کە جیاوازە لە نموونە یان چوارچێوەی ئەو ئاکارە سەپێنراوەی سەر قسەکەران، ئەویش وەک بەشدارێک لە هەر ڕووداوێکی پەیوەندی دیاریکراو.[1] مەسەلەکەش پەیوەندی بە شیکردنەوەی ئەو ئادگارە ڕۆشنبیریانەوە هەیە، کە کۆمەڵە تایبەتمەندییەک دیاری دەکەن و پێویستە بەهەندیان وەربگرین، ئەویش لە کاتی ناسینی ئاکاری ڕۆشنبیری بەشداربووان لە گفتوگۆ و قسەکاندا، بە هەمان شێوە لە بنەڕەتدا پێویستە شیکردنەوەی زمان لە دووتوێی دەوروبەرێکی فراوانتردا بێتەجێ، بە شێوەیەک بتوانێ وەسفێک بەم شتەی دوایی بدات، کە ئەویش ئەتنوگرافیایە، **(لۆتمان)(Lotman)**یش دەگاتە ڕاددەیەک ئەوە پێشنیاز دەکات، کە ڕۆشنبیری لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی ڕەمزی سەربەخۆیە و زۆر لە بەدحاڵیبوون لەنێوان قسەکەراندا دەوروژێنێت، کە لە خودی خۆیاندا و لە بنەڕەتدا بەپێی ڕای ئەو بە بنەڕەتی

---

1.Hymes, D.(1964), Introduction, toward ethnographies of communication, p 22.

هەمــوو پەیوەندییــەکی نێــوان ڕۆشــنبیرییەکان هەژمــار دەکرێت.[١]

زمانــەوانیی کۆمەڵایــەتی پەیوەنــدی نێــوان بەکارهێنــانی زمــان بە هەردوو بەشــە زارەکــی و نووســراوەکەی لەگــەڵ ڕێکخستنی کــۆمەڵایەتی ئاکــاری مرۆییدا شــیدەکاتەوە، واتە تــەنیا باس لە بەکارهێنــانی زمــان ناکــات، بەڵکو قەڵەمبــازی زیــاتر دەهاوێژێت بــۆ تــوێژینەوەی ئاکــاری کــائینی مرۆیــی بەرانبــەر بە زمــــان،[٢] بەم واتــــایە دەتــــوانین بە لقێکــــی کۆمەڵناســــیی زمــــانەوانی هەژمــــار بکەیــــن، ئینجــــا ئەوەی ئارەزووی زانینمان دەوروژێنێ ئەوەیە، توێژینەوەی زمــان کاریگەری لەسەر ڕای گشتی زیاترە، بۆ نموونە مەســەلەی پەروەردە لە زمــــانی ئیســــپانی یــــان کەتــــەلانی لەنــــاو (کەتەلۆنیــــا)دا ڕەنگــــدانەوەیەکی مەزنــــی لە کەنــــاڵە ناســـراوەکاندا هەیە و دەتوانێــت بابەتێــک پێکبهێنێــت بــۆ توێژینەوەی کۆمەڵناسیی زمان.

1.Lotman, J. M.(1974), The sign mechanism of culture, semiotica 12(4), p 302.

2.Fishman,J. A.,(1972), The sociology of language, En p.p. Giglioli(ed.), p 45.

ئینجـــــا قوتابخـــــانەی میتـــــۆدی ئـــــەتنۆلۆجی (ethnomethodology)، کە بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی (ســـــیکۆریل Cicourel) و (گارفینکـــــل Garfinkel) نـــوێنەرایەتی دەکەن، بـــە بەراوردکارییـــەکی کـــۆمەڵایەتی ئـاڵۆزی زمـان هەژمـار دەکرێت، لێرەدا (ئـەتنۆ) واتـای ئەو زانیـــنە دەبەخشـــێت، کە بـــابەتێکە دەربـــارەی ئاکـــارە تایبەتەکـانی کۆمەڵگـە باسـی دەکـات، ئینجـا (میتـۆد)ەکە دەبێـتە وەڵامدانـەوەی چـالاکییە کردەییەکـانی تاکەکانـە، ئەوەش دەگەیەنێت مەسـەلەکە پەیوەسـتە بە شـیکردنەوەی ئەو فـــۆرمەی هەریەک لە دەوروبـــەرە و ڕێکخســـــتنە کـۆمەڵایەتییەکەی تاکەکـانی پـێ پێکـدەهێنرێت،[1] هەروەهـا وۆلـف (Wolf) بەوە پێناسـەی دەکـات، کە **((توێژینەوەیـە دەربـارەی ڕووەکـانی ڕێکخسـتنی ئەو مەعـریفەیەی لای تاکەکـــانە، ئەویـــش دەربـــارەی ڕەوشـــی چـــالاکییە ئاسـاییەکانیان و دەربـارەی کـاری ڕۆژانەیـان و دیـمەنە**

1. Goodwin, C. Y A. Duranti(1992), Rethinking context: an introduction. En A. Duranti y C. Goodwin(ed.), p 27.

**ئاسـاييەكان)).**[1] بە شـێوەيەكى گشـتى شـيكردنەوەى ئەم ڕوانــگەيە ئــارەزووى ئەوە دەكەن لە ڕوانــگەى ڕووداوە ئاسـاييەكانى ڕۆژانەوە ئەو گـرنگييە دەربـخەن كە بەرانبـەر كردە هەڵاوێرەكان گوزارشتى لێدەكرێت.[2]

شـيكردنەوەى پرۆسـەى گفتوگۆ بە بـوارێكى تـوێژينەوە هەژمـــار دەكرێـــت، كە لە توێژينەوەكـــانى (**ســـاكس**) و (**جيفرسـۆن**) و (**شـيگلۆف**)ەوە دەسـتيپێكرد، هەروەهـا لەو شـــيكەرەوانەش ســـەرچاوەى گـــرت، كە دەكـــرێ بە هەوادارانــى **قوتابخـانەى برمينگهـام** ( Escuela de Birmingham la) (**كۆلتهارد Coulthard**) و (**سينكيلر Sinclair**) و (**بــراون، يــول...**هتــد) هەژماريــان بكەيــن. گريمـــــانە ســــەرەكييەكەى ئەم بەراوردكارييــــە لەوەدا بەرجەسـتە دەبێت، كە نـاكرێ ئاكـارى قسـەكەران شـرۆڤە بكـرێن، مەگەر لە ڕێگـەى حەواڵەكردنـى ڕووە نەبێـت بـۆ سـەر دەوروبـەرەكە. واتە شـيكردنەوەى گوتـارەكە وەك فۆرمێـك لە فۆرمەكـانى كـاركردەيى لە دووتـوێى كـارلێكە

---

1. Wolf, M.(1988), Sociologias de la vida cotidiana, Madrid, Catedra, p 110.
2.Wolf, M.(1988), Sociologias de la vida cotidiana, Madrid, Catedra, p 111.

مرۆییەکانـــــدا قەراری گرتـــــووە. لەم دەســـــتپێکەوە شیکردنەوەی قسە باس لە هەڵوێستی قسـەکەران بەرانبـەر بە زمـــان دەکەن، ئەویـــش لە ڕێکخســـتنی زنجیـــرەی قسەکردنەکاندا.

**دەوروبەری کار**

ئەم گروپە ئەو شیکەرەوانە دەگرێتەوە، کە زمـان وەک کارێک و کردەیەک تێدەگەن، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە زمان گوزارشت لە کردەکان دەکات، بەڵکو زمان خودی کـار خـۆیەتی، جـگە لەوەش زمـان هـەوڵ دەدات، بـۆ ئەو هـەوڵە ناسـراوەی خـۆی بـۆ کـارکردن لەسـەر قسـەکەران، ئەوەش ڕوونە ئـێمە لەم حـاڵەتەدا ئۆستن(پاشـان سـیرل) یـادبکەینەوە و تیـۆری ئەو کـردە قسـەییانە بهێنیـنەوە، کە زیاتر شرۆڤەیان نادەینێ، چونکە زانراو و ناسراون.

**دەوروبەری دەروونی**

ئەم ئاراســتەیە زمـــان بە کـــار دادەنێـــت، بەڵام لەگـــەڵ ئەوەشـدا ئەم ئاراسـتەیە شـیکردنەوەی پرۆسـە هزرییـەکان لە دووتوێی تیۆرە پراگماتییەکانی زمان دادەنێت، هـەروەک زانراویشــە لەم بـوارەدا دوو بـەراوردکاری بـۆ ڕوانـگەی دەروونی زمان لە ئارادا هەن، کە یەکێکیان هزرن و بـاس لە ڕێکارەکـانی ئـاوەزی مـرۆڤ دەکەن، ئەوی دیکەشـیان

دەوروبەرە، گرنگی بە بەکارهێنانی پەیوەندی و تێگەیشتنی یان بەرهەمهێنانی زمان دەدات. ئەم دوو بەراوردکارییەش بە گشـــتی یەک بەدوای یەک نـــاودەبرێن، ئەویـــش وەک بەراوردکردنێک بە سیستەمی زانیاری پتەو یان نەرم.[١] ئینجا وەک پێشـنیازێکی زاراوەیـی جێگـرەوە، داسـکال و فرانسـۆز Dascal Y Fracozo نـاوی زمانـەوانیی دەروونـی بـۆ جـۆری یەکەمـی تـوێژینەوەکە و زمانـەوانیی کۆمەڵایـــەتی بـــۆ جـــۆری دووەم دەستنیشـــان دەکەن، لەوانەشـــە ئەم جـــۆرەی دووەم هەماهەنـــگ و هـــاوکوفی بەشێک بێت لەو ناوزەدکردنەی کە (لیش) بۆ پراگماتیک پێشنیازی کردووە.[٢]

ئەو پراگمـــاتیکەی (پاریـــت) بە (دەروونـــی) نـــاوزەدی دەکات، پەیوەندی بەو چالاکییە هزرییە سادەیەوە نییە، کە قســـەکەر لە کـــاتی قســـەکردندا ئەنجـــامی دەدات، بەڵکـــو پەیوەنـــدی بە مەرام و مەبەســـت و بیـــرورِا و هیـــوا و

---

1.Kuhn, T(1983), La estructura de las revoluciones cientifi cas. Mexico: Fondo de Cultura Economica, p 2-3.

2.Leech,G.(1983),principles of pragmatics, Londres, Longman, p 11.

ئاواتەکانەوە هەیە، دەکرێ هەموو ئەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بناسرێنەوە، واتە ((ئەو شتەی ڕاهاتی لەسەری))، کە لە دووتوێی پرۆگرامێکی کارلێکیدا وەرگێڕدرا،[1] ئیتر بەم شێوەیە دەوروبەر وەک پرۆسەیەکی مەعریفی دەردەکەوێت، چونکە داهاتووی پەیامەکان لە بارەوە وەرناگیرێت، تەنیا مەگەر ئەو توخمانە نەبێت کە بۆ شرۆڤەکردنی نیەت یان مەبەستی نێرەرەکە نەبێ. لەگەڵ ئەم جەختکردنەوەیەش پێویستە ئەوە بڵێین، کە بە جیا لە تایبەتمەندییەکانی پێگەی قسەکردن، مرۆڤ وەک کائینێک چەندەها هێڵکاری لە مێشکیدا کۆکراونەتەوە، کە هەموو بە کەڵکی شیکردنەوەی ئەو پێگانە دێن، کە ناومان بردن.

1 ـLeech, G. (1983), principles of pragmatics, Londres, Longman, p 97.

**گرنگی دەروونناسیی مەعریفی لە توێژینەوەی زماندا: زمانەوانیی دەروونی**

هەمیشـە وا تێدەگەین زمـان چـالاکییەکی هـزری مـرۆڤە، بە شێوەیەک ئەم چالاکییە هزریەی تاک لە ڕووی زمـانەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوشـێوەکانی خـۆی دەبێت، ئەویـش لە ڕوانگەی زنجیـرەیەک پرۆسـەی تێگەیشـتن و بەرهەمهێنـان، لە پێشـــوودا گەڕان بە دوای شـــرۆڤەیەک بـــۆ مەســـەلە مەعریفیە لەتوێگرتووەکەی ئەو زمـانەی قسـەکەر هەیەتـی، مەبەستیش لێی حاڵەتی زانینی یاسـاکانی زمـانە. سـەبارەت بە شـیکەرەوانی زمانـەوانیی دەروونـیش ئەوانەی زیـاتر ئاراستەی هزریان هەیە، ئەوە گرنگ بوو لەوە بکۆڵرێتەوە، کە ئەو خەڵکـــانە دەیـــانتوانی پراکتیـــزەی یاســـاکان بە لێهاتووییەوە بکەن، ئەمەش جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوانە بە شـێوەیەکی هەمەکـی و زۆرجـارانیش پێناسـەی ڕوون و واژییـان دەبەخشـییە ئەو یاسـایانەی لەسـەر ڕێنماییەکـانی دەڕۆیشتن.[1] ئینجا لەم پێشنیازە بەراییەوە، گرنگی پێدانی دەروونناسی بە زمانی مرۆیی فرەییەکی بەخـۆوە بینـی، تـا گەیشـــتە ئەوەی پســـپۆڕێتییەک پەیـــدا ببێـــت بە نـــاوی زمانـــەوانیی دەروونـــی. ئەم فـــرەییەش لە نەگونجـــانی

1. Miller,(1964), p 119.

بابەتەکـــانی تـــوێژینەوەدا تێبینـــی دەکرێـــت، کە لەنـــاو پێناســـەکانی زمانـــەوانیی دەروونیـــدا هەیە، کە (بیلیتشـــۆن Belichon) و کەسانی دی کۆیان کردۆتەوە:[1]

١ـ ئۆســـگود و ســـیبوک (Osgood y Sebeok): **((زمانەوانیی دەروونی ڕاستەوخۆ هەردوو پرۆسەکانی بە کۆدکردن و کردنەوەی کۆدەکان چارەسەر دەکات، ئەویش ئـــەگەر حـــاڵەتی پەیامەکـــان بە حـــاڵەتی پەیوەنـــدکاران ببەستێتەوە)).**[2]

٢ـ سـلۆبین (Slobin): **((زمـانەوانیی دەروونـی بنەمـا ئەزموونگەرییەکـانی دەروونناســی و زمـانەوانی پـێکەوە گـــرێ دەدات، ئەویـــش لەبەر تـــوێژینەوەی ئەو پرۆســـە هزریانەی لە پشت وەرگرتن و فێربوونی زمانەوەن)).**[3]

٣ـ هۆرمـان(Hormann):**((زمـانەوانیی دەروونـی یـان دەروونناســـیی زمـــانەوانی هەوڵـــدەدات بـــۆ ئەنجامـــدانی شـــرۆڤەیەکی زانســـتی نەک تـــەنیا بـــۆ زمـــان، بەڵکـــو بـــۆ پرۆسەکانی بەکارهێنانیشی)).**[4]

---

1.Belichon,(1992), p 63.

2. Osgood y Sebeok,(1954), P13.

3.Slobin,(1971), p 15.

4. Hormann,(1973), p37.

٤ـ برۆنكارت (Broncart): ((**زمانەوانیی دەروونی ئاكار و ڕەفتارە زمانەوانییەكان لە چوارچێوەی كردە دەروونییەكانی تاكدا باس دەكات)).**[١]

٥ـ كلارك و كرارك (Clark y Crark): ((**زمانەوانیی دەروونی تویژینەوەی سێ پرۆسەیە، كە ئەمانەن: تێگەیشتن، بەرهەمهێنان، وەرگرتن)).**[٢]

٦ـ فۆس و هاكس (Foss y Hakes): ((**زمانەوانیی دەروونی.. تویژینەوەی زمانە بەو ئیعتبارەی چالاكییەكی مرۆییە، تویژینەوەی ئەو شتانەیە لە كاتی زمان زانیندا فێریان دەبین، هەروەها چۆنیەتی فێربوونی زمانەكەیە و چۆنێتی بەكارهێنانی ئەو زمانەیە لەو كاتەی كەسەكان پەیامەكان بەرهەم دێنن و لێی تێدەگەن)).**[٣]

٧ـ باڤیۆ و بیگ (Pavio y Begg): ((**زمانەوانیی دەروونی بەو ئاراستەیەدا ڕەو دەكات، كە تێگەیشتنی زانستی بۆ سروشتی زمان و بەكارهێنانی لای كائینە عاقڵەكاندا دەستەبەر بكات)).**[٤]

---

1. Broncart, (1977), p 14.
2. Clark y Crark, (1977), p 39.
3. Foss y Hakes, (1978), p 4.
4. Pavio y Begg, (1981), p 1.

٨ـ گارسـیا ئـەلبیا (Garcia- Albea): **((لەوانەیە ئامـانجی زمـانەوانیی دەروونـی بەخشـینی نمـوونەیەکی شرۆڤەکاری بێت بۆ تێکڕای ئاکاری زمانەوانی لای مرۆڤ، ئەمەش شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێت دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ دەستنیشانکردنی چەندەها جۆری ئەو مەعریفەیەی هەر تاکێـک لە تاکەکـانی کۆمەڵگـەی مرۆیـی بەکاریـدەهێنێت، ئەمەش لە حاڵەتێکــدا ئــەگەر پشــت بە بنەمــایەکی ئەزمـوونگەریی پـتەو ببەسـتێت، بە هەمـان شـێوەش ئەم پاڵپشـتکردنە شـێوەکانی ئەم مەعـریفەیە و ئەو پرۆسـە و گۆڕانکارییانەش دەگرێتەوە کە سەری بۆ دادەنەیێنن)).**[1]

مێـژووی بەشـداریکردنی دەروونناسـی لە تـوێژینەوەی زمانـدا بـۆ کۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدە دەگەڕێـتەوە، کە بواری توێژینەوەکانی خۆی بە شـێوەیەکی تـایبەتی لە سێ ئامــانجی ســەرەکیدا قــۆرخ دەکــات: اــ تــوێژینەوەی چالاکییەکــانی تێگەیشــتن و بەرهەمهێنــانی زمــان. (ب) تــــوێژینەوەی ئەرکە مەعریفییەکــــان و ئەرکەکــــانی پەیوەندی،... هتد). ئەم ئەرکانەش زمـان ئـەنجامیان دەدات و وەک هەگـبەیەک وایە، کە فێربـوون و بەکارهێنـانی ئەو زمانەی لەخـۆ دەگرێت. (ج) هەردوو پرۆسـەی فێربوون و

---

1. Garcia- Albea,(1982), p 199.

لەدەســـــتدانی ـ پێشـــــنەکەوتنی ـ ئەرک و چـــــۆنێتی جێبـــەجێکردنی چـــالاکییە زمانەوانییەکـــان دەخـــاتە بەر توێژینەوە.

ئینجـا پـاش هەڵوەسـتەیەکی میتـۆدیی، ئەم ڕەوشـە چەندەها ئاراستەی ئاکاری ڕیشەیی بەسەریدا زاڵبوون، کە دەرفەتـــی بـــۆ گەشەســـەندنی دەروونناســـی مەعریفـــی ڕەخسـاند، واتە گرنگیدانی زیـاتر بە چـۆنێتی مژوولْبـوونی مێشـکی هەر تاکێـک لە کـاتی فێربـوون و مـامەڵەکردنی زانینەکـان، ئەویش وەک بەشێک لە کارلێکی گشـتی لەگەڵ دەوروبەر و لەگەڵ هاوکوفەکانیدا، بۆ ئەوەی دەروونناسی هەڵوێستێکی گرنـگ و کۆتـایی سـەبارەت بە شـیکردنەوەی زمان وەرگرێت. هەر وەهابوو، کە پرۆسە هزرییەکانی نـاو بازنەکـــانی پەیوەنـــدیکردن گەیشـــتنە یەکەم ئاســـت لە تـویژینەوە پراگماتیکییەکانـدا. ئیتـر ئەوەبـوو ئەم ڕەوشـە لەلایەن (سبربر) و (ویلسۆن)ەوە پێشنیازێکی خرایە سەر، ئینجا زۆربەی زۆری ئەو بابەتانەی پراگماتیک لەمەڕ زمـان لە ڕووی کەســـی قســـەکەرانەوە گرنگییـــان پـــێ دەدات، پەیوەنــــدییان بەو پرۆســــە هــــزرییەوە هەیە، کە لە ڕوانگـــەیانەوە گۆڕانکـــاری لە ئاراســـتەکردنی هەردوو پرۆسـەی گوزارشـتکردن و تێگەیشـتنی گوتـار دەسـتەبەر

دەبێــت، ئەویــش لە چەنــد دیــاردەیەکی وەک ئامــاژەکردن (گوێگر شـرۆڤەی ئاماژەکـان دەکات و بـۆ ئەوە هێمـاکراوە دەگەڕێتەوە)، و پێویستبوون و پابەندبوون و مەعریفەی هــاوبەش و کــردە قســەییەکان.. هتــد. هەروەهــا گرنگــی شــیکردنەوە مەعریفییەکــانی تێگەیشــتن و بەرهەمهێنــانی مرۆیـی، بەم شێوەیە ئەو توێژینەوانەی لەم ئان و ساتەدا لەمەڕ ڕوانــگەی پراگماتیــک ئەنجــام دەدرێــت، پەلەییەکــی تێـدەکەوێت، لێرەدا لەســەر ئەم خـاڵەی دوایـی بە کـورتی هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

### پراگماتیکی مەعریفی

دەروونناســیی مەعریفــی زۆر یــارمەتی پراگمــاتیکی دا، ئەویــش لەو هەوڵانــەی بــۆ دۆزیــنەوەی هۆکارەکــانی دروستبوونی هەردوو پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی گوتارەکـان لەلایەن قسـەکەرانەوە خستبوویەگەڕ، ئینجـا چ لە کـارلێکی ڕۆژانەی قســەکانیانەوە ســەرچاوەی گرتبێـت، یان لەبەر پێشوازیکردنیان و بەرهەمهێنانیـان بێت بۆ دەقە نووســراوەکان. لەو ســالانەی هەژمــوون بــۆ ڕوانــگەی بەرهەمهێنانی زمان بوو، ئامـانجی کۆتـایی بۆ ئەم دوانەیە: توانســت و چـالاکی، وەسـفکردنی ڕیکـارە مەعریفییەکـانی هزری مرۆیـی بـوو، ئەویش وەک نموونەیەک بۆ داهێنـانی

زمانەوانی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوکاتە خۆ بەدوور دەگیرا لە ڕواڵەتەکانی پراکتیزەکردنی مەعریفی بۆ قسەکەری ڕۆژانەی قسەکەران، ئەوە ئیتر نموونەی بەرهەمهێنان هەر زوو دووچاری کێشەیەکی تیۆری بوو، کە دەربازبوون لێی لەسەر ئاستی تێگەیشتن دژوار و سەختە.

لەم چەند ساڵەی دوایی بۆ توێژینەوەی پراگماتیک و پاش ئەوەی مەیلی مێشکی بەرهەمهێنان لاکەنارخرا، پراکتیزەکردنی دەروونناسیی مەعریفی بەرەو توێژینەوەی زمان لە نێوان ئەگەرەکانی دیکەدا بەرەو ڕواڵەتەکانی کارلێکی مرۆیی ئاراستەبوو، دەکرێ ئەو کارلێکە زیاتر شرۆڤە بکرێن، تا مەعریفەیەکی باشتر بۆ کار و چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ لە کاتی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی پەیامەکان دەستەبەر بکەن، واتە بە شێوەیەکی هەڵاوێر ڕوانگە ئەپستمۆلۆژییەکەی پێشخست، هەروەک پێشووتر ئاماژەمان پێدا، ئەم ڕووداوەش لەگەڵ ئەو ساڵانەی یەکەمدا جیاوازی هەیە، کە توێژینەوەی پراگماتیکیان تێدا ئەنجام دەدرا، واتە ئەو ساڵانەی دیاردە و ڕواڵەتی وەک تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەمهێنان.. هتد مۆرکێکی وایان وەرگرتبوو، کە گرنگیان کەمتر بێت.

لەبەر ئەوە لەم ئـان و سـاتەدا هەمیشـە زیـاتر جەخـت لەسـەر ئەو ئەرکە دەکـرێتەوە، کە زمـان ئـەنجامی دەدات، ئەویـش لە بـواری پەیوەنـدی، کە لە خـودی مەعـریفەی زمـانەوانی زیـاتر گرنگـی پـێ دەدرێـت، کەچـی ئەم جەختکـردنەوەیە لەسـەر ئەرکەکە لەگەڵ گەڕان بەدوای شرۆڤە دەربارەی مێشکی مرۆڤ دژیەک ناکەوێتەوە. بەم وشانە (**نیتس**) باس لەم بابەتە دەکات:((**خەریکبوون بە ئەرکی پەیوەندیی ئاکاری زمانەوانی لای تاکەکان بەهیچ شـێوەیەک دژیـەک نـاکەوێتەوە لەگەڵ خـەریکبوون بە جیهـانی مێشـک (مەعریفـی ـ دەروونـی) بـۆ خـودی ئەو تاکانە، بە پێچەوانەشـەوە، کەواتە هەر جەختکردنەوەیەک دەربـارەی ئەرکـی پەیوەنـدی و ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتی زمـان جەختکـردنەوەیەکە دەربـارەی سروشـتی سیسـتەمە مێشـکییەکانی زمـان، کە ئەمەش پەل بـۆ وێنەیەکـی ئەم سیسـتەمانە دەکێشـێ، کە بە شـێوەیەکی ڕیشـەیی جیاوازییـان لەگەڵ ئەو سیسـتەمانەدا هەیە، کە چومسـکی داینـاون**))،[1] هەریەک لەو ئەرکـانەی نێـرەری گوتـار بە

1. Nuyts, J.(1987), pragmatics and cognition: on explaining Language. En J. Verschueren y M. Bertuccelli – papi (eds.), p 727 -728.

زمانی دەبەخشێت، پێدانی فۆرمێکی مەبەستی دیاریکراوە، ئینجا پێویستە گونجانی ئەو مەبەستەیە لەلایەن وەرگری پەیامەکەوە بخەملێنرێت، ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەستەبەر دەبێت، کە ئەمەی دوایی (وەرگر) لە مەبەستی قسەکەر تێدەگات، ئیتر ئەوکاتە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە بەبێ هیچ گومانێک پرۆسەی پەیوەندی بە ئەنجام گەیشتووە.

سەرباری ئەمانەش خوازیاری ئەوەین، کە دەریبخەین، بەسوودترین پراکتیزەکردنەکانی دەروونناسیی مەعریفی لە تویژینەوەی ڕێکارەکانی کارکردنی مێشکی مرۆڤ هەمیشە لە شیکردنەوەی ئەو هێڵکارییانەی مێشکدا بەرجەستە دەبوو، کە قسەکەران لەسەر هەموو پێگەیەکی تازەی ئەوتۆ پراکتیزەی دەکەن، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئێمەش لێرەدا مەبەستمان ئەو پێشنیازەیە، کە هەندێک شیکەرەوان پێشکەشیان کردووە سەبارەت بەوەی چەند نموونەیەکی باڵا بۆ کارلێکردن لە ئارادا هەن، کە قسەکەر پراکتیزەیان دەکات، ئەویش لە کاتی خۆیدا و لەسەر هەر پێگەیەک، کە وێکچووی پێگەکەی دی بێت: چوارچێوەکان، یان دیمەنەکان، یان بەڵگەکان، یان

پلانەکـــان، یـــان ســـیناریۆکان، ئەویـــش بەپێـــی ئەو ناوزەدکردنانەی بەگوێرەی شیکەرەوان دەگۆڕێن.

ئینجـــا لە دەســـتپێکی پێشـــنیازەکانی بە کـــۆگەکردنی (خەزنکردنی) ئەم هەواڵانە وا گومان دەبرێت، کە قسـەکەر لە ئەزموونەکـانی خۆیـدا زنجیـرەیەک پێشـبینی دەربـارەی پـێگەی قسـەکردن کـۆکردۆتەوە، کە چوارچێوەکـان شـتی نزیـک لە یەکدی لە دووتـوێی پێگەیەکدا پۆلێن دەکەن (بـۆ نموونە بەدلە و جانتا وایان لێ تێدەگەین، کە خاوەنەکەیـان بزنســـمانە)، هەروەهـــا (بەڵگەکـــان) لەلایەکـــی دیـــکەوە زنجیرەیی بووە لە ڕووداوەکانەوە کۆدەکەنەوە (ڕۆیشـتن بۆ لای سەرتاش، تەواوکردنی تاقیکردنەوەکان، ڕۆیشتن بۆ بازار...) هەموو قسەکەر و گوێگرێک دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر ئەم زنجیـــرە ڕۆتینیـــانەی ئاکارەکـــانن، ئەویـــش بـــۆ کەمکـردنەوەی ئەو هەوڵانـەی مـامەڵەکردن لەگـەڵ هەواڵـدا دەیخوازێ، ئینجا لە دەسپێکی ئەم بۆچوونەوە دەتـوانین لە دڵەڕاوکێـــی ئەو کەســـانە تێـــبگەین، کە بـــۆ یەکەمجـــار بەرەنگـاری بـارودۆخێکی دیـاریکراو دەبـنەوە، هەروەک لە چاوپێکەوتنی کاردۆزینەوەدا دەردەکەوێت وەک نموونە.

هەروایە، چـونکە کـاراکردنی ئەم زنجیـرە مەعریفیـانە نـابێتە زامنـی ئەو پەیوەنـدییە ئـاڵوگۆڕکراوە دیـاریکراوەی

نێوان ئەو پێگە ڕاستەقینەیەی قسەکەری تیادایە لەگەڵ ئەو پێگە کۆگەکراوانەی لە ئەزموونەکەیان بوونیان هەیە، هەر لەبەر ئەوە (وێرس) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە باس لە پێگەی گریمانەکراو بکرێت، پێویستە قسەکەر بیخاتە ژێر ئەزموونێکەوە لە چوارچێوەیەکی قسەکەری دیاریکراودا بێت، لەبەر ئەوە قسەکەر کۆمەڵە زانیارییەکی بۆ دەستەبەر دەبێت، کە کەمکردنەوەیەکی خێرای هەموو ئەو توانایانەی بۆ دەستەبەربکات، کە لە پێگەیەکی دیاریکراوەوە سەرچاوە دەگرن: بواری هاوبەش. ئەم بوارە ئەو دۆزانە لەخۆ دەگرێت، کە لەپێشدا وتراون و بەشداربووان قبوڵیان کردووە، سەرباری ئەو زانینە پێشوەختەی هەیانە، هەموو ئەو پێدراوانە بۆ ئەوە پەل دەکێشن، کە زنجیرەیەک وا پێویستکردن دەربارەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی قسەکردن و بەشداربووان دروست ببێت.

هەروەک چۆن دەبینین هەموو تیۆری گونجانی (سبربر و ویلسۆن) بەم بنەمایانە پشت دەبەستن کە لە خودی خۆیاندا لەژێر دەستی قسەکەردان، ئەویش لە کاتی کارلێککردندان، بۆ نموونە لە تویژینەوەیەکی بەراییدا (ویلسۆن و سبربر  پێناسەی گونجان دەکەن بە حیسابی ئەوەی ((**ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوان ئەو پرسانەدایە، کە**

**له گوتارەکەدا گوزارشتیان لێکراوە، لەلایەک و ئەو کۆمەڵە پرسانەیە، کە لە بیری گوێگردا هەن لەلایەکی دیکەوە)).**
لەمەوە ئیتر پێویستە جیاوازییەک بکەین لەنێوان ئاستی پیشە و پەیام و مەبەستی پەیوەندی، کە لە ناوەڕۆکیدا لەخۆدەگرێت، بە شێوەیەک توانای ئەوەمان پێدەبەخشێت لە هەر گوتارێک تێبگەین، ئەویش لە دووتوێی کارلێکی پەیوەندی، زۆرجاران واتا و ئاماژەکانی جێی مەبەست بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە وشەکاندا ڕەنگنادەنەوە، بەڵام خۆیان بەسەر زنجیرەیەک ئاماژە و هێمابۆکراو، کە پەل بۆ واتا ڕاستەقینەکانی گوتار دەکێش، دەسەپێنن.

لە کۆتاییدا پێمان وایە بەم تیۆرە مەعریفیە دەتوانین وێنایەکی گشتگیرتر بە کارلێکردنی مرۆیی لە ڕێگای زمانەوە ببەخشین، کە بەکارهێنەران بەهۆیەوە جیهانێکی پڕ لە بیروڕا و بۆچوون و زانینی هاوبەش و پێشەکی و ئاماژە و واتا واڵا دەکەن.. هتد. هەموو ئەمانەش زۆرجار پەل بۆ تێگەیشتنی ڕاست و دروستی گوتار ڕادەکێشن، سەرباری ئەمەش وا پێدەچێت هەندێک کێشە و ئاریشەی ئەو توێژینەوانەی خاوەن مەیلێکی مێشکی و هزرین تێمان پەڕاندوون، ئینجا (سبربر و ویلسۆن) بەتایبەت، لە هەوڵدان بۆ جەختکردنەوە لەسەر گوتارە زارەکییەکان

بەتـــايبەت وەڵامـــدانەوەی ئەو تەليســـمە و مەتەڵانەی پەيوەنـديان بە چـۆنێتی كـاری سيسـتەمە ناوەنـدييەكانەوە هەيە، ئەويش بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ هەواڵدا، كە پێشـتر لە چەنــد توێژينەوەيەكــدا خــرايەڕوو، وەك توێژينەوەكــانی (فــۆدۆر Fodor) بەتــايبەتی ياســاغبوونی ڕواڵەتــی بــۆ چـوونە نـاو ئەو ئـاليەتەوە، واتە نەبـوونی ئەگەری چـوونە ناو مێشكی مرۆڤەوە.

# سەرچاوەکان

1-Alcaraz,E.(1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I.

2-Ariel, M.(1988), Retriving propositions from context: why and how. Journal of pragmatics 12.

3-Beaugrand,R. de et all(1981), An Introduction to Text Linguistics, Londres, Longman.

4-Bierwish,M. (1971), El Estructuralismo. Historia, Problemas, Metodos, Barcelona, Tusquets.

5-Borutti,S.(1984), pragmatics and its discontents, Journal of pragmatics.

6-Dascal, M. (1981), Contextualism, En H. parret al, (eds.).

7-Davis,M.(1987),Relevance and mutual knowledge, Behavioral and Brain Sciences10(4).

8-Eco,U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.).

9-Fillmore,C.J.(1981), Pragmatics and the description of discourse. En p. cole (ed.).

10-Fishman,J.A.,(1972), The sociology of language, En p.p. Giglioli(ed.).

11-Fleisher Feldman,C.(1986), The old pragmatics and the new, Journal of pragmatics.

12-Gazdar,G.(1979), pragmatics. Implicature, presupposition and Logical form. Nueva York: Academic.

13-Giles,H. y N. Coupland, (1991), Language: Contexts and Consequences. Buckingham: Open University press.

14-Goffman,E.(1964), The neglected situation, En p.p. Giglioli(ed.).

15-Goodman,C. (1973), Rethinking context, an introduction, En A. Duranti y .

16-Goodwin, C. Y A. Duranti (1992), Rethinking context: an introduction. En A. Duranti y C. Goodwin (ed.).

17-Gumperz,J.J. (1968),The speech community, En p.p. Giglioli (ed), 1971.

18-Halle, M. J.Bresnan y G.A. Miller (eds.) (1978),Lingiustic Theories and Psycholinguistic Reality. Cambridge, Mass, Mit prss.

19- Halliday, M.A.K. (1984), Language as code and language as behavior: a systemicfunctional interpretation of the nature and ontogenesis of dialogue ,En R.P. Fawcett et al. (ed.).

20-Hymes, D. (1964), Introduction, toward ethnographies of communication.

21-Jimenez, M. (1992), Comunicador personal, El pais, 11-11-1992, Futuro.

22-Kuhn, T (1983), La estructura de las revoluciones cientifi cas. Mexico: Fondo de Cultura Economica.

23-Leech,G.(1983),principles of pragmatics, Londres, Longman.

24-Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge,Cambridge University press.

25-Lotman,J. M.(1974), The sign mechanism of culture, semiotica 12(4).

26-Lozano,J. C. Pena – marin y G. Abril(1986),Analisis del discurso. Madrid: Catedra.

27-Nique,C.(1980),Introduccion Metodica a la Gramatica Generativa, Madrid, Catedra.

28-Nuyts, J.(1987), pragmatics and cognition: on explaining Language. En J. Verschueren y M. Bertuccelli – papi (eds.).

29-Nuyts,J.(1992), Aspects of a Cognitive – pragmatics Theory of Language. Amsterdam: John Benjamins.

30-Parret(1983), Semiotics and Pragmatics. Amsterdam: John Benjamins.

31-Pellowe,J.(1990), who is context?. En G. McGregor y R.S. white (ed.).

32-Reyes, G.(1990), La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos.

33-Sanchez de Zavala,V. (1978), Comunicary conocer en la Actividad Linguistica, Madrid, Ariel.

34-Schegloff, E.A. (1992), In another context: En A. Duranti y C. Goodwin(ed.).

35-Schifrin,D.(1994),Approaches to Discourse, Oxford, Blackwell.

36-Stubbs,M.(1983),Discourse Analysis. The Sociolinguistic Analysis of Natural Language. Oxford: Blackwell.

38-Ulman, (1972), p 350., Halliday y Hassan, (1985)., Brawn y Yule, (1983).

39- Wolf,M.(1988),Sociologias de la vida cotidiana, Madrid, Catedra.

40-Yule,G.(1985),The study of Language. Cambridge: Cambridge University press.

41-Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, El uso del lenguaje en Internet, Barcelona, Ariel.

42-Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, Entre la compensacion y el desconcierto, ponencia presentada en el II Congreso de la Lengua Espanola, Valladolid, octubre.

# پراگماتیک و ئاسۆکانی توێژینەوەی زمانەوانی[1]

---

١ـ ئەم بەشە لەم کتێبە وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە :

د. نعمان بوقرة، اللسانيات ـ اتجاهاتها و قضاياها الراهنة، طبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، عمان، ٢٠٠٩، ص ١٦٠ – ١٩٧.

## دەستپێک

پراگماتیک، یان پراگماتیکی زمانەوانی ( pragmatice Linguisticue) گرنگترین ئاراستەی زمانەوانییە، کە لە ڕۆشنبیری زمانەوانیی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا و گەشەی سەند، بەهۆیەوە بونیادگەریی و بەرهەمهێنان بە قۆناغە بەراییەکانی ئەم تیۆرە هەژمار دەکرێت، چونکە ڕوانگەی زمانەوانی لەم دوو ئاراستەدا خاوەن خەسڵەتێکی گرنگیدان بوو بە سیستمی زمانەوانی و توانستی سروشتی زمانەوانی، کە دەکرێ بە زمانەوانی (دانراو)، یان بە (سیستم) ناوی بنێین، کە پراگماتیک لە ترۆپکی گرنگیپێدانە بە زمانی بەکارهێنان، واتە لە ڕووی ئەرک و جێبەجێکردنەوە گرنگی پێ دەدات، پاشان بەهۆی ئەم توانایییە سروشتییەوە و لە چوارچێوەی ڕێکخستنی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بووە کارێکی واقیعی، کە لە ڕووی بەجێهێشتنی شوێنەوارەوە لەگەڵ هەر کارێکی ماددی دیکەدا جیاوازی نییە، ئەمەش بە تیۆری (کردەکانی

ئاخاوتن) گوزارشتی لێ دەکرێت، کە بووەتە شادەماری توێژینەوە زمانەوانییەکانی بواری پراگماتیکی هاوچەرخ[1].

هەروەها هزری زمانەوانی نوێ و هاوچەرخی عەرەبی پەیوەست بوو بەم ئاراستەیەی، کە لە ڕۆشنبیری هاوچەرخدا بە (پراگماتیک) ناوی دەرکرد، ئەویش لە ڕێگەی ژمارەیەک کار و پرۆژەی پێشەنگ لەم بوارەدا، کە توێژینەوەکانی فەیلەسوفی مەغریبی **(تەها عەبدولڕەحمان)** سەرقافلەی هەموویان بوو، پاشانیش ڕوانگە و بۆچوونەکان زیادیان کرد و هەندێک بۆچوون پێیان وابوو تیۆرەکانی پراگماتیک شرۆڤە بکرێن و هەندێک لەو باوەڕەدابوون، کە دەبێ لە توێژینەوەی زمانی عەرەبیدا سوودیان لێ وەربگیرێت و ئەو بەرهەمانەی لەو تیۆرەوە بەدەستیان دێنین، بە تایبەتی گوتارەکانی ڕۆژانە، دەبێ گوزارشت لە هزری ژیاریی گشتی بکەن، هەندێک لە

١- فان ديک، النص و السياق، استقصاء البحث في الخطاب الدلالي و التداولي، ترجمة: عبدالقادر قنيني, الدار البيضاء, دار افريقيا الشرق، هەروەها بڕوانە: عثمان بن طالب، البراغماتية و علم التراكيب بالاستناد الى أمثلة عربية، الملتقى الدولي الثالث للسانيات، الجامعة التونسية، مركز الدراسات و الأبحاث الاقتصادية، المطبعة العصرية، تونس، عدد (٦), سنه ١٩٩٦, ص ١٢٥.

تویژەرانیش کۆششەکانیان خستەگەڕ بۆ بە ڕەسەنکردنی بەکارهێنانی زمانەوانی لە کلتووری ڕۆشنبیریماندا، ئەویش لەسەر بنەمای دەستپێشخەری تیۆردانەرە عەرەبەکان لە بواری گەیشتن بە مەرامەکانی گوتار و ئەرکی بەکارهێنانی زمانەوانی لە ژیانی گشتیدا.[1]

ڕاستییەکەی سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی پراگماتیکی نویێ، پەلکێشمان دەکات بۆ هۆشیارییەکی خودی زیاتر لەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دی بیێئاگا بێت، ئەم مەسەلەیەش نەک تەنیا لەو بابەتە جێبەجێ بووە، بەڵکو پێویستە لە هەموو بوار و پسپۆڕییەکان و لە هەموو هزرەکانی تر جێبەجێ بێت، ئیتر لەم حاڵەتەدا تاکی عەرەبی دەتوانێ لە کلتوورەکەی خۆی تێبگات، زیاتر لەو داخدەرکردنە نەرێنییانەی لە هزرێکی دیکەی دێرینەوە سەرچاوەی گرتبێت.[2]

---

١- بن عيسى أزاييط, المعنى المضمر في الخطاب اللغوي العربي، البنية و القيمة التنجيزية، مقاربة تداولية لسانية، أطروحة دكتوراه, كلية الآداب و العلوم الانسانية، مناس، ١٩٩٦- ١٩٩٧.

٢- ادريس مقبول، الأسس الأبستمولوجية والتداولية للنظر النحوي عند سيبويه، عالم الكتب، ط١، عمان، ٢٠٠٧.

## پراگماتیک و زاراوە

باســـــکردنی پراگماتیـــــک لە بـــــواری (زمـــــانەوانیی پراگماتیـک)دا،[1]وا دەخوازێت لە زاراوەیەکی دیکە جیای بکەینەوە، کە هەندێک کەس بۆ ئاماژەکردن بۆ (پراگماتیک) بەکاریـــان هێنـــاوە، کە زاراوەی (پاســـاوخوازی)یە، ئەو نووســـینانەی لەم بـــوارەدا وەک لایەنـــی پســـپۆڕێتی

---

[1]- ئەم زاراوەیە(پراگماتیـک/ التداولیـة) چاکەکـەی بـۆ فەیلەسـوفی مەغریبی (تەهـا عەبـدولڕەحمان) دەگەڕێتـەوە، کـە بەرانـبەر زاراوە بیـانییەکە (پراگماتیـک) دایڕشـتووە, ئەویـش لە سـاڵی (١٩٧٠) وەک ئامـــاژەیەک بـــۆ زاراوەی (پراکســـیس)(praxis)، ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا وشەی دیکەی لـە بەرانبەریدا هەیە, کە لە ڕوانگەی ئێمەوە زۆر ناسراو نین, وەک: (پاساوخوازی) و (سـوودخوازی) و (گوتـاریی) و (پێگەیـی) و (ئەرکـی), ئەویـش لەبەر ئەوەی زاراوەی (پراگماتیـک – التداولیـة) ئامـــاژەیە بـــۆ کـــارابوون و واقـــیعەت و پیـــادەکردن و وابەســـتەبوون، کە هەمـــوو واتاکـــانی ئەم زانســـتە لە کۆششـدایە بـۆ دۆزینەوەیـان و تیشـک خسـتنە سـەریان لە بـواری سیستم و بەکارهێنانی زمان، بەڵام واتا فەرهەنگییەکەی پراگماتیک لە زمـــانی عەرەبیـــدا بـــازدانە لە حـــاڵەتێکەوە بـــۆ حـــاڵەتێکی دی, دەوترێـــت (دال یـــدول دولا و أدال الشـــيء), واتـــا وای لێکـــرد, (فتـــداول)بێت، دەســـتەکان شـــتێک(تداول) بکـــەن, واتـــە جاروبـــار دەیگرنەدەست، بڕوانە: ابن منظور، لسان العرب: مادة دول.

نووسـراون، ئامـاژە بە وشـەی (pragmatique) دەكەن، كە ئاراستەیەكی مەعریفیی و گرنگی بە تایبەتمەندییەكانی بەكارهێنـانی زمـان دەدات و لە پـاڵنەرە دەروونییەكـانی قسـەكەران دەكـۆڵێتەوە و كـاردانەوەی پێشـوازیكارانی ئاخـاوتن و نمـوونە كۆمەڵایەتییەكـانی گوتـار و بـابەتەكەی بەهەند وەردەگرێت، ئەویش بە ڕەچاوكردنی خەسڵەت و تایبەتمەنـدییەكانی پێكهاتـەیی و واتاییـەكان[1]، پاشـان ئەم زاراوەیە لەسـەر دەستی **(ج. ل ئۆستین (J. Austin)** بۆ بـواری تـوێژینەوەی كردەكـانی زمـان گوێزرایـەوە، دواتـر زیاتر فراوانی بەخۆیەوە بینی و وای لێ هـات نموونەكانی بەكارهێنـان و دەربـڕین و مەرجەكـانی دروسـتی و شـیكردنەوەی گفتوگۆیـانەی بگرێتەخـۆ، هەرچـی زاراوەی (پاساوخوازی)یشـە تیۆرێكـە گرنگـی بە سـوودی كردەیـی بیرۆكەیەك دەدات، ئەویش لە ڕووی ئەوەی پێوەرێك بێت

---

[1]-laspect pragmatique du langage conerne les caracterestiquede son utilisation (motivation psychologiques des locuteures, reaction desinterlocuteures, types socialises de discourse, object du discourse, etc) dictionnaire de linguistique, p 388.

بــۆ ڕاســتی و دروســتی خــودی بیــرۆکەکە، ئەمەش وا دەگەیەنێـــت جیاوازییـــەکی گەورە لەنێـــوان هەردوو بیرۆکەکەدا هەیە، لە تێکڕای هزری زمانەوانی و فەلسـەفی هاوچەرخدا، ئەمـەش واتـای وایە زاراوەی پراگماتیک نـابێ بــۆ زاراوەی (پاســاوخوازی) وەربگێڕدرێــت، چــونکە (پاســاوخوازی) قوتابخــانەیەکی فەلســەفی ناســراوە و ئامانجەکــانی لەگــەڵ پراگماتیکــدا جیــاوازی هەیە، ئەم قوتابخـانەیە جەخـت لەسـەر پێکهێنەری کردەیـی و کـارای مـرۆڤ دەکەنەوە، بە مەبەسـتی گەیشـتن بە زانـین، زانـین ئـامڕازی کـارکردنن، کـارکردنیش خـۆی دەبێـتە مەرامـی زانین، **کلۆس (klaoss)** ڕەخنەی ئاراستەی ئەم وێناکردنە کرد، کە بنەمایەکە بۆ بنـەماکانی ڕەوشـت و ڕاسـتەقینەکان لەســەر بنیــادی ڕەچــاوکردنی بەرژەوەنــدییەکانی تــاک و گرووپـی کـۆمەڵایەتی و دەرفەتـی جێبەجێکردنـی لە ژیـانی کردەییدا دەڕەخسـێنێت و بە شـێوەیەکی زیـادەڕەوانەش لە لایەن ئیمپریـالیەتی ئەمـریکییەوە بەکاردەهێنرێـت. **(ولیـەم جــیمس W. Jims)** دەڵێــت: ڕاســتی ئەو شــتەیە کە لە ڕوانــگەی ڕەوشــتەکانمانەوە ڕاســتەقینەکە پێکــدەهێنێت،[1]

---

١- الجيلالـي دالاش، مـدخل الـى اللسـانيات التداوليـة، ترجمـة محمـد يحياتن, ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر, ١٩٩٢، هامش, ص٥٤.

ژمــارەیەک زمــانەوانی دیــکە هەن، کە زاراوەی (التداولیــة/ ئـاڵوگۆڕکردن) بەکـاردەهێنن، وەک ئامـاژەیەک بـۆ زاراوەی پراگماتیـک، کە لای هەنـدێکیان واتـای (پراکسـیس) دەدات، کە گرنگــی بە ئــاوێتەکردنی ڕەوشــتی زمــانەوانی لەنێــو تیـۆری (کـردە) دەدات، هەروەهـا گرنگییەکـی بـێ وێـنە بە لایەنــی وابەســتەگی لە زمانــدا دەدات، بە هەمــان شــێوەش گرنگـــی بەو ئـــاوێتەبوون و کارلێکـــانە دەدات، کە لەنێـــو ئەنـــدامە زیندووەکانـــدا هەیە[1]. کـــۆنترین پێناســـەی زمانەوانیانـەی پراگماتیـک، پێناسـەکەی (**چـارلس مـۆریس**) (**C. Mouris**)ە، کـە لە سـاڵی (١٩٣٨)دا دایڕشـت و تیایـدا بڕیـاری لەسـەر ئەوەدا **پراگماتیـک بەشـێکە لە هێماگـەریی، کە پەیوەنـدیەکانی نێـوان هێماکـان و بەکـارهێنەرانی ئەم هێمایــانە تــاوتوێ دەکــات**، ئەم پێناســەیەش پێناســەیەکی

[1]- فرانسواز أرمنکو، المقاربة التداولیة, (ترجمة سعید علوش, مرکز الانماء القومي, الرباط, ١٩٨٦، ص١١، پێویسته جیاکارییەک لەنێوان جۆرەکانی پراگماتیک بکەین, کە گرنگترینیان ئەمانەن: پراگمـاتیکی واژەیـی لای چـارلس مـۆریس، پراگمـاتیکی گوتـاریی، کـە لە تیـۆری کـردە زمانەوانیـەکان لای ئۆسـتن و سـێریل بەرجەسـتە دەبێـت و پراگماتی گفتوگۆیی، بڕوانە: ادریس مقبول: الأسـس الابسـتیمولوجیة والتداولیة للنظر النحوي عند سیبویە،ص ٢٦٣.

فراوانە و **لە بواری زمانەوانی بازدەداتە بواری هێما و لە بواریی مرۆیی بۆ بواری ئاژەڵی و ئامێریی**، هەروەک **(ئان ماری دییر ـ A. M. Dire)** و **(فرانسواز ڕیکاناتی ـ F. Riccanati)** بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: **پراگماتیک توێژینەوەی بەکارهێنانی زمانە لە پرۆسەکانی گوتاردا، کە لەم بوارەدا دەبێتە شایەتحاڵی تواناییەکانی گوتاری زمانەکە، کەواتە گرنگی بە واتای واتاسازی و هەندێک لەو فۆڕمە زمانەوانیانە دەدات، کە واتاکانیان تەنیا لە بواری بەکارهێناندا دەستنیشان دەکرێن[1].**

هەروەها **(فرانسیس جاک) (F. jak)** بەم شێوەیە پێناسە دەکات: **پراگماتیک بەیەکەوە باس لە زمانی گوتار و پەیوەندی و کۆمەڵایەتییانە دەکات**، زمان بەکارهێنانێکە لەنێوان دوو کەس، بە هۆی هێماکانەوە ئەنجام دەدرێن، ئەویش بە پشتبەستن بە یاساکانی، کە ئەویش دەکەوێتە ژێر مەرجی ئەگەرەکانی گوتار. لە وانەکانی ڕەخنەی عەرەبیشدا پێناسەکەی **(سەلاح فەزڵ)** بۆ زاراوەکە دێتە پێشمان، کە دەڵێت: **پراگماتیک ئەو لقە زانستییەیە، کە لە کۆمەڵە زانستێکی زمانەوانی پێکدێت، کە پەیوەستە بە**

---

[1] -Froncois Recanati, naissance de la pragmatique in quand dire c est faire, p 185.

**شـیکردنەوەی کـردە قسـەییەکان بە شـێوەیەکی تـایبەت، هەروەها تایبەتیشە بە ئەرکی و تایبەتمەندییەکانیانی گوتە زمانەوانییەکـــان، ئەویـــش لە بـــواری ڕێوشـــوێنە وابەستەگییەکان بە شێوەیەکی گشتی.**[1]

زمـانەوانیی پراگماتیـک پسـپۆڕیەتییەکی زمـانەوانییە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە لەنێوان بەکارهێنەرانی بەڵگە زمانەوانییەکـــان (نێـــرەر – وەرگـــر) و پەیوەنـــدییەکانی (کاریگەر و کاریگەربوون)ی نێوانیاندا هەیە، ئەویش لەژێر ڕووناکی ئەو گفتوگۆیـانەی بەرهەمـی دەهێـنن، ئەمەش وا دەگەیەنێـت زانسـتێکی دروسـتکراوە، یـان فەرهەنگییـە و چەنـد پسـپۆڕیەتییەک لەخـۆ دەگرێـت. کەواتە پراگماتیـک بەگـوێرەی ئەم چەمـکە فـراوانە، بە زانسـتێکی زمـانەوانی ڕووت لای بونیـادی ڕووکەشـی زمـان هەژمارناکرێـت، بەڵکــو بەپێـی ئەوەی **(جــاک مۆشــلار) (J. Mochlar)** جەختـی لـێ دەکـاتەوە، **زانسـتێکی نوێیـە بـۆ پەیوەنـدی و دەرفەت دەرەخسـتێنێت بـۆ وەسـفکردن و شـیکردنەوە و**

---

١- صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، المجلس الوطني للثقافة الفنون و الآداب، الكويت، ص١٠.

## بنیادنـانی سـتراتیژییەتەکانی گوتـاری ڕۆژانە و پسـپۆڕانە لەنێوان قسەکەران لە چەند بارودۆخێکی جودادا[1].

### پەیدابوون و گۆڕان

زمانەوانیی پراگماتیک ناوێکی نوێیە بۆ شـێوازێکی کـۆنی بیرکـردنەوە دانـراوە، بە خـۆشـی تەنیـا پراکتیزەکـردنێکە بـۆ ئەو بنەمایـەی لە کتێبـی پیـرۆزدا گوزارشـتی لـێ کـراوە، کە دەڵـــــــێ:((**بە بەرهەمەکە دەیناســــــــیتەوە**))، ئەمەش تـرووسکاییەکەی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی لەسەر دەسـتی (**سوقرات**) بەدەرکەوت، پاشان (**ئەرستۆ**) و (**ڕەواقییەکان**) لەم بیرکردنەوەیەدا بەدوایان کەوتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک فەلسەفەی لەسەر دەستی (**بارکلی**) (**Berkli**) سـەری هەڵـدا، کە بە شـێوەیەک ئەم تیـۆرەی دۆزییەوە، پـێش ئەو هیچ فەیلەسوفێکی دیکە بەو شـێوازەی ئەو نەیدۆزیبووەوە و پێـی نەگەیشــتبوو،[2] پاشــان لەم ســێ دەیەی دواییــدا، فراوانـی بە خـۆیەوە بینـی و بە هەنـدێک زانسـتیش پاڵپشـت

---

١- جـاك موشـلار، التداولیـة علـم جدیـدة فـي التواصـل، و أنظـر فـان دیك, النص و السیاق, ص١٣.

٢- حامد خلیل، المنطق البراغمـاتي عنـد شـارلز بیـرس, (دار الینـابیع للطباعة و النشر و التوزیع، دمشق، ص١٩٦.

کرا، کە گرنگترینیان فەلسەفەی شیکردنەوەی بوو،[1] کە بە پـایەیەکی گرنگـی تیـۆرەکە هەژماردەکرێـت بەگـوێرەی بۆچـــــوونی **(فرانســــواز ڕیکانــــاتی)** ( **Franois Reccanati**)[2] و زمانەوانەکـان و ئەنترۆپۆلۆجیاکـان و دەروونناسی مەعریفی و کۆمەڵناسی.[3]

هەروەها زمـانەوانیی پراگمـاتیکی ئاراستەیەکی نوێیـە لە تـوێژینەوەی زمانـدا، کە کـۆمەڵە توێژەرێـک تـوێژینەوەی تیـادا دەکەن، کە لە هەنـدێک چەمکـی زمـانەوانی ئەوتـۆ ترازاون و دەربازبوون لەو مادەیەی نێوان توێژینەوەکانی

---

١- فەلســەفەی شـیکردنەوە بـۆ سـێ ئاراسـتەی بنەڕەتـی دابەش دەبێـت, کە ئەمـانەن: فەلسـەفەی دانـراوی لـۆژیکی، کـە کارنـاپ نوێنەرایـەتی دەکـات و فەلسـەفەی ڕووکەشـیانەی زمـانەوانی، کە (هۆسـرل) نـوێنەرایەتی دەکـات و فەلسـەفەی زمـانی ئاسـایی, کە (ڤتجنشتین) نوێنەرایەتی دەکات, بڕوانە:

Francois Reccanati, naissance de la pragmatique, in guand dire c est faire, P 203.

2-Francois Reccanati, naissance de la pragmatique, in guand dire c est faire. P 185.

٣- صـلاح فضـل, بـلاغە الخطـاب و علـم الـنص، ص ٢٥, و أنظـر: ادريس مقبول: الأسس الابستيمولوجية و التداولية للنظر النحوي عند سيبويە, ص ٢٦٧.

(دی سۆسـێر) و کتێبـەکانی (چۆمسـکی) بـاوبوون، چـونکە ئەوانە گرنگییــان بە تــوێژینەوەی فۆرمەکــانی واتاســازی دەدا، نەک ئەو فۆرمانەی هێماییین، لە هەمـان کاتـدا بنـەمای ئەرکیـــان لە زمانـــدا بەکاردەهێنـــا لەو ڕوانگەیـــەی کە دەســـتکەوتێکی کـــــردەییە[1] لە تێکـــڕای دەوروبـــەرە جیاوازەکـانی پەیوەندیکردنـدا، ئەوان گرنگیـان بە پـێگەی زمـانەوانی دەدا و وایـان لێهـات پرسـیاریان لە پەیوەنـدی زمـــان بە ئاخـــاوتنەوە دەکـــرد، هـــەروەها باســـیان لە سوودەکانی جیاکردنەوەی هەردووکیان دەکرد، ئەویش لە بواری ئەو شـتانەی لە تیـۆری بونیادگەریـدا (دی سۆسـێر) بیروڕای دەربارەیان هەبوو، ئەمەو زمانەوانیی پراگمـاتیکی لەنـاو سیسـتەمێکی هێمـایی گشـتیدا پـۆلێن دەکرێـت، کە لە پڕۆژە زمانەوانییەکانی **(چارلس پێرس)**(**C.Pirss**)دا ڕەگ و ڕیشـەی هەیە، جگە لەوەش لای هەندێک لە فەیلەسـوفانی زمـان بەهەمـان شـێوە بنەمـایەکی هەیە، وەک:(**مـۆریس ــ**

---

١- لیڤینسۆن یەکێکە لە پراگماتیکناسەکان لـە کتێبی پراگماتیکدا ئـەم ئاراسـتەیەی بـە لقێـک دانـا، کـە لقـەکانی تیـۆری (دەسـتکەوت)، و ئاماژەشــی بــەو شــتە کــرد کــە (کــادز) و (فــۆدۆر) و (گــرایس)و (ولسۆن)بڕیاریان لەسەردا، بڕوانە:

Levinson.s.c, pragmatics, p 5 – 35.

**(Moorris)** و **(کارنـاپ ــ Kernap)**[1] و **(جـۆن ئۆسـتن)** لەو وانـانەی لە زانکـۆی (هارڤـارد) لە پەنجاکـانی سـەدەی بیستەمدا دەیانی وتەوە.

زۆر لە توێژەران (پێرس) بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بزاوتی (پراگماتیک) لە بواری هێما و لـۆژیکەکەی دادەنێن. هەروەهـــا ئەم تیـــۆرە نـــاوەکەی بە نـــاوی **(ولیـــەم جیمـیس)(W.D.Jimse)**ەوە نووســاوە، کەوا تەماشــای دەکات تیۆرێکی فەلسەفییە زیاتر لەوەی یاسـایەکی لـۆژیکی بێت. پراگماتیـک لە سـەرەتادا یەکێـک بـوو لەو سـێ لـقەی هێمـــالۆژی پێکـــدەهێنن، کە لە ســـەر ســـێ پێکهێـــنەر دەوەسـتێت، کە ئەمـانەن: (واتاسـازی) و (ڕستەسـازی) و (پراگماتیک)، سـەبارەت بە واتاسـازی دەکرێ لە پەیوەندی هێماکان لەگەڵ یەکتری لەناو فۆرمێکی پێکهاتەیی دروسـتدا بکـــۆڵێتەوە، واتاســـازیش بریتییـــە لـــە وەســـفکردن و شـــیکردنەوەی پەیوەنـــدی هێماکـــان بە یەکتـــرییەوە بەو شـــتانەی ئامـــاژەی بـــۆ دەکەن و واتـــاکە دەبەخشـــێت، پراگمـاتیکیش ئەرکەکەی شـیکردنەوەی پەیوەنـدی هێماکـانە بەوانەی بەکاریـان دەهێـنن لە شـرۆڤەکەرانیان. هەروەهـا **(مـۆریس ــــ Moorris)** بە شـێوەیەک پێناسـەی یاسـا

1 -Levinson.s.c, pragmatics, p 99.

پراگماتیکییەکە دەکات، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ یاسای ڕستەسازی و واتاسازیدا، ئەو بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، یاسای ڕستەسازی پەیوەندی نێوان هێماکان دەستنیشان دەکات، یاسای واتاسازی پەیوەندی نێوان هێما و بابەتەکان دەچەسپێنێت، یاسای پراگماتیکیش ئەو مەرجانە دەستنیشان دەکات، کە تیایدا هێماکە دەبێتە ئاماژەیەکە بۆ قسەکەر.

ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین زمانێک لە زمانەکان بە شێوەیەکی گشتگیر وەسف بکەین و بڵێین زمان بە گوێرەی چەمکی هێمالۆژی تەواوی ڕستەکە لە کۆمەڵە هێمایەک پێکهاتووە، کە لەنێوان دوو کەسدایە و بەکارهێنانیان لەلایەن یاساکانی ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیکەوە ئاسان دەکرێت و دەرەخسێنرێت.[١] ئەگەر

---

١. هربرت برکلي, مقدمة الى علم الدلالة الألسني, ترجمة قاسم مقداد, منشورات وزارة الثقافة, دمشق, ١٩٩٠, ص ٣٥, ئەوە زانراوە، کە ئاراستەیەکی پراگماتیکی لە ئارادایە، کە لایەنی پراگماتیکی لە بواری ڕستەسازی هەژمار دەکات، کە لەلایەن سادۆک و مۆکان و ڕۆس و کۆردن بە پراگماتیک هەژمار دەکرێت، ئەویش لە بواری بانگەشەکردن بۆ تێکەڵکردنی واتاسازی بەرهەمهێنان لەگەڵ چەند چەمکێکی پەیوەست بە فەلسەفەی

بڵێین ڕستەسازی گرنگی بە تویژینەوەی تایبەتمەندییە فۆرمی و بنیادە زمانەوانییەکان دەدات، ئەوە واتاسازیش گرنگی بە توێژینەوەی ئەو پەیوەندییانە دەدات، کە لەنێوان چییەتی زمانەوانی و جیهانی دەرەکیدا هەیە، کەچی پراگماتیک هەمیشە لە دەریای واتاکاندا نغرۆ دەبێت، چونکە واتا لە هەندێک دارشتنی زمانەوانیدا ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە سەر توێژینەوەی ئەو شێوازەی قسەکەر تیایدا بنیادی ڕستەکەی خۆی دادەمەزرێنێت، کاتێک قسەکەر واژەی ڕستەیەکی دیاریکراو دەدرکێنێت، ئەوە لەو حاڵەتەدا بمانەوێ و نەمانەوێ بۆ واقیعێک، یان بۆ بارودۆخی شتەکان، یان بۆ ئەو بابەتانە باسیان دەکات، دەمانگوازێتەوە، لەوانەشە ئەم واقیعە لە ڕستەدا نمایان نەبێت و ڕستەکە گوزارشتی لێ نەکات، ئیتر لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە دەوروبەری دەربڕینەکە و ئەو توخمانەی ڕستەکە پێکدەهێنن، بەهەند وەربگیرێن، تا بتوانین لە قسەی قسەکەرەکە تێبگەین، بۆ نموونە دەربڕینی (ئێستا)،

---

زمانەوە، بڕوانە: ادریس مقبول، الأسس الابستیمولوجیة للنظر النحوي عند سیبویه, ص ٢٩٦, وەرگیراوە لە :

Elmoutawakil, reflexion sur la theorie de la signification dans la linguistique arabe, p279 – 288.

ئاماژە بۆ کاتی ڕوودانی دەربڕینەکە دەکات، و (جێناوی لکاو ـ ت) لە وشەی (قلت)دا، ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات، کە کاری دەربڕینەکە ئەنجام دەدات.[1]

لە ئەنجامیشدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕستەسازی گرنگی بە ڕوونکـــــردنەوەی ئەو مەرج و یاســــایانە دەدات، کە دارشتنی گوتـەی بـاش و پوخـت دابـین دەکەن، هەروەهـا واتاســازی گرنگـــی بەو مەرجــانە دەدات، کە وا دەکــات گوتـەکان ڕوون بـن و شـرۆڤەکردن پەسـەند بکەن، کەچـی پراگماتیـک ئەو زانسـتەیە گرنگـی بەو مەرجـانە دەدات کە پێویستن، بۆ ئەوەی گوتـە زمانەوانییەکان پەسـەندکراو بـن و سەرکەوتوو بن، بە هەمان شێوەش بە کەڵکی هەڵوێستە پەیوەندییـەکان بێـت، کە قسـەکەران قسـەیان تێـدا دەکەن. ئینجا ئـەگەر واتاکـان چەمکێکی ڕەهـا بەکاربێنێت، ئـەویش واقـیعەکەیە، واتە ئەو جیهـانەی دەکـرێ گوزارشـتی لـێ بکرێت، ئەوە پراگماتیک چەمکێکی ڕووت پێشکەش دەکات، کە ئامــاژە بــۆ هەڵوێســتی وابەســتەگی دەکــات، ئــەویش دەوروبەرەکەیە، لەبەر ئەوەی پراگماتیک بـە دەوروبـەرەوە بەستراوەتەوە، کە ئەمەش لە ڕوانبێژی کۆنـدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە و بەم گوزارشـتانە دەربڕینـی بـۆ کـراوە: ((**وەک**

---

١- هربرت بركلي، علم الدلالة الألسني، ص١٥٧ – ١٥٨.

**ئەوەی بـــارودۆخەکە خوازیـــاریێتی))**، یـــان گوزارشـــتی: **((هەمـــوو پـــێگەیەک گوتـــەیەکی شـــیاوی خـــۆی هەیە))**، هەروەهـــــا **(شیشـــــرۆن)(Chichron)**ی ڕۆمـــــانی لە کتێبەکەیـــــدا، کە دەربـــــارەی گوتـــــار نووســـــیویەتی و دەڵێ: **((پیاوی ڕەوانبێژ پێویستە بۆ هەموو شتێک بەڵگە بهێنێـتەوە لەسـەر پەنـدیاری و زیرەکـی خـۆی و لەگـەڵ هەموو بارودۆخ و کەسایەتییەکاندا هەڵبکات و بگونجێ، کەواتە بـۆ ئەوەی ڕەوانبێـژ بێـت پێویسـتە بـۆ هەمـوو پێگەیەک گوتەیەک دابنێت کە لە رووی زمانەوانیەوە شیاو بیت، پێویستە بۆ هەموو پێگەیەک وتەیەک دابنێیت، کە لـە ڕووی زمانەوانییەوە شیاوی بێت))**.[١]

پراگماتیکیی زمانەوانی لە تیۆری بنجەکانی بەکارهێنانی زمـانەوانی گوزارشـت دەکـات، لەبەر ئەوە گرنگتـرین ئەو ئەرکانەی کەوتوونەتە سەرشـانی بـۆ جێبەجێ کردنـی ئەم ئـــەنجامە تەنیـــا لە ڕێگـــای گرنگیـــدان بەم بابەتـــانەوە دەردەکەوێت و دروست دەبێت:

١. وەســـفکردنی پێکهاتەکـــانی قســـەکردن لەو ڕووەی پەیوەنـــدییان بە یەکەوە هەیـــە، ئەویـــش بە مەبەســـتی جێبەجێکردنی مەرام و مەبەستی ڕاگەیاندنێکی دیاریکراو.

---

١- صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، ص٧١ – ٧٩.

٢ـ شـــيكردنەوەی چـــۆنیەتی دروســـتبوونی پڕۆســـەی بەڵگەخـوازی لـۆژیکی و زمـانەوانی لە کـردەی قسـەکردنی نێوان دوو کەس، یان کۆمەڵە کەسێک.

٣ـ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی باشترین جۆرەکانی پەیوەنـــدی و دەرخســـتنی کـــارامەیی ئەو نموونـــانەی قســـەکردن، کە لەســـەر پایەکـــانی بەڵگەخـــوازی، یـــان هێماخوازی وەستاون.

٤ـ تـوێژینەوەی واتـا لە ڕووی پەیوەنـدی بە بـارودۆخی قسەکردنەوە[١].

---

١- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب، ص ٢٧، جیفری لیـتش ئامـاژەی بەوە کـردووە, کە مەبەسـت لە (بـارودۆخی) ئەو کەسانەن قسەکەیان ئاراستە دەکرێت, هەروەها دەوروبەری واژەکە و ئامانجەکانی واژەکەیە، بڕوانە:

G. Leech, principles of pragmatics,p 6.

## پەیوەندی پراگماتیک بە ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی بەوە پێناسە دەکرێت:((**هونەری ئاخاوتنە بە شێوەیەکی گشتی**))، یان ((**هونەری گەیشتنە بە هەموارکردنی هەڵوێستی گوێگر، یان خوێنەرەکە**))، کە وای لێ دەکات ببێتە ئامرازێکی (سوودگەرایی پاساوخوازی)، توێژەری ئەڵمانی (**لۆسبرج**) وای بۆ دەچێت ڕەوانبێژی سیسیتەمێکە خاوەن بونیادێکە لە شێوە وێناییەکان و زمانەوانییەکان، کە بۆ دروستکردنی ئەو کاریگەریەی ئاخێوەر لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا بەکاردێن، کە خوازیاری گەیشتنە پێی.

(**لیتش**) پێی وایە ڕەوانبێژی لە بنجدا پراگماتیکە، چونکە بە خۆی پراکتیزەکردنی وابەستەگییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگرە، بەشێوەیەک ئەو کێشە و ئاریشانەی لە پەیوەندییەکاندا هەیە چارەسەریان بکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی وا، کە لە ڕووی کاریگەرییەوە سنووردار بن، کەچی توێژەرانی پراگماتیک پێیان وایە زۆر پێویستە بوارەکانی ڕەوانبێژی تەسک بکرێتەوە، بەوەی ئامرازێکی پاساوخوازییە، کەواتە

پراگماتیــک هاوبەشــە لەنێــوان بونیادەکــانی گەیانــدنی ڕستەسازی و واتاسازی و ڕەوانبێژی.[1]

پاشـان پراگماتیـک بەم شـێوەیە نەمـایەوە، بەڵکـو زیـاتر گەشــەی ســەند و پێشــڤەچوونی بەخــۆیەوە بینــی و بوارەکانی فراوانتربوون، ئەویش پاش ئەوەی تـا مـاوەیەک تەنیـا بوارێـک بـوو لە بوارەکـانی هێماکـاری، ئینجـا ئیتـر ژمـارەیەکی زۆر هەوادارانـی بـۆ پەیـدابوو لە زمانەوانـان و لۆژیکناسان، کە بەشداریان لە پێشڤەبردنی پراگماتیک کـرد چ ڕاســتەوخۆ و چ ناڕاســتەوخۆ، ئەوەی پێویســتە لێــرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، پراگماتیک هەرچەنـدە پەیوەنـدی بە زمـانەوانییەوە هەیە، کەچـی بە پێشـڤەچوونێک دانانرێـت بۆ ڕێبازە وەسفییەکانی بوارە زمانەوانییەکـان، چـونکە زۆر لە تــوێژەران لەســەر ئەوە کــۆکن، کە بە نمــوونەیەکی وا هەژمــاری بــکەن، وەک لقێــک لە بونیــادگەریی زمــانەوانی جیـابۆتەوە، هەروەهـا نـابێ بە زبڵـدانێک بـۆ هەر بـابەتێکی پەراوێزخـراو لە بـواری زمانەوانییەکـان دابنرێـت، لەســەر ئەم بنەمایە دەکرێ ئیتر بابەتە گرنگەکەی جودا بکرێتەوە، ئەو بـابەتەی نە بونیـادگەریی و نە ئەو ئاراسـتە هزریـانەی لێـی جودابـوونەتەوە، ئاوڕیـان لێـنەدراوەتەوە، کە بـابەتی

١- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب، ص ٩٧.

بەکارهێنـــــانی زمـــــانەوانییە لە ڕووی وابەســـــتەگی و گەیاندنەوە چ لەلایەن کۆمەڵایەتی چ لە ڕووی دەروونـی و چ لە ڕووی مەعریفیەوە بە شێوەیەکی گشتی[1].

---

١- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب، ص ٢٦, هەروەها بڕوانە:

kerbrat Orecchioni, op. cit . p 46.

## ئاراستەکانی پراگماتیک لە هزری زمانەوانی هاوچەرخدا

پێـــرس (Pirce) [1] زاراوەی پراگمـــاتیکی لە (کانـــت Cant)ەوە وەرگرتـــووە، کە جیـاوازی لـەنێوان دەربڕینـی پراگماتیک و دەربڕینی کردەیی کردووە، کە خۆی لەسـەر

---

١- پێرس لە ساڵی (١٨٣٨) لەدایکبووە, ڕەچەڵەکی بۆ خانەوادەیەکی بەناوبانگی زانستیی دەگەڕێتەوە، سـەرەتای خوێندنی بە فێربوونی کیمیا دەستپێکرد، جێگەی ئاماژەکردنە تاقیگەیەی دانا، بەڵام هـەر زوو مـەیل و ئـارەزووی بـۆ قوتابخانـەی فەلسـەفی ڕۆیشـت، لە خوێندنـدا شـارەزای لـۆژیکی وتنـی ئەمەریکـی بـوو، لە سـاڵی ١٨٦٢ پـلەی (پ.ی.) لە کیمیـادا بەدەسـتهێنا، کتێبەکـانی (شلایشـەر) و (کانـــت)ی خوێنـــدنەوە، ســـاڵی ١٨٧٨ تێبینییەکـــانی لە بـــواری فەلەکناسـیدا لە پێوانـەکردنی ڕوونـاکی بڵاوکـردەوە، هەرچەنـدە لە ڕووی زانسـتییەوە لێهـاتووبوو, بەڵام زانکـۆی ئەمەریکـی بواریـان نەدایێ وانە بڵێتەوە, تەنیا وتنەوەی چەند وانەیەک نەبێت، چـونکە دەیانوت هەندێک ئاکاری نامۆی هەیە, جگە لەوەش شێوازی ڕوون نییە، ئەوەبوو لە سـاڵی (١٨٩١)ەوە تـا سـاڵی (١٩١٤) کـۆچی دوایـی کـرد, هـەر گۆشـەگیربوو، پاشـان زانکـۆی هارڤـارد وتارەکـانی کـۆکردەوە و دەستنووسەکانیشـیان لە (٨) بەرگدا چاپکرد، بـڕوانە: حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس، ص ٧, و فؤاد كامل ، أعلام الفكر الفلسـفي المعاصـر, دار الجيـل، بيـروت، ط١، ١٩٩٣، ل ٩٥ و لاپەڕەکانی دوایی.

یاساکانی ڕەوشتدا پراکتیزە دەبێت و یەکەمینن و لە بەراییەکاندان، بەڵام پراگماتیک لای ئەم زانایە ڕێبازێکی بیرکردنەوەیە نەوەک تیۆرێکی فەلسەفی، هەروەها بە هەمان شێوە لای ئەو ڕێبازێکە بۆ دەستنیشانکردنی واتای و چەمکی دەبڕینەکان، یان تیۆرێکە لە بواری واتای هێماکان، بۆ زانینی واقیعەکە پەنای بۆ بردووە و بە واقیعیەتی یاساکانی بەستوونەتەوە لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بەستنەوەی بە تیۆری ڕەخنەیی لە بواری درککردنی زگماکی دروستدا، جگە لەوەش بەستنەوەی پراگماتیکە بە تیۆری گەیاندن لەلایەکی دیکەوە.

کاریگەربوونی (**پێرس**) لە دارشتنی یاساکەیدا یەکێکە لە پاشماوەکانی چەرخەکانی ناوەڕاست، چونکە ئەو شارەزای کارەکانی (**جۆن دەنیز سکوت**) (**J.D.Scot**) بوو، کە جەختی لەسەر لایەنی کردەیی و شێوازی بیرکردنەوەی ئەزموونی دەکردەوە، ئەمەو ڕێبازی پراگماتیکی لای (**پێرس**) واتای ڕوونکردنەوەی هزر و بیرەکانی دەگەیەنێت و لە هەمان کاتدا واتاکانیان لەگەڵ ئەو ئەرکانە یەکسان دەکات، کە ئەنجامیان دەدات، بە هەمان شێوە (**پێرس**) لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی (**یەن – yen**) بوو، کە باسیان لە پێناسەکردنی باوەڕ دەکرد، کە

مرۆڤ بۆ (کردەوە) ئامادە دەکات و ئامادەش بوو ئەو بە باوکی ڕاستەقینەی پراگماتیک هەژماربکات[1]، هەر کەسێکیش هزری پراگماتیک لای (**پێرس**) لێکبداتەوە، ئەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە بە سێ قۆناغ دروست بووە، کە لە دامەزراندن و پێشڤەچوون و پێگەیشتن بەرجەستە دەبێت، سەبارەت بە قۆناغی یەکەم دەتوانین بڵێین لێکدانەوەیەکی وردی هەبوو بۆ لەدایکبوونی پراگماتیک لەساڵی (١٨٧٨)، ئەویش کاتێک وتارە ناودارەکەی خۆی بە ناونیشانی: (**چۆن دەتوانین وا لە بیروراکانمان بکەین روون بن**) نووسی، ئەم وتارەش پەیوەندی بە وتارێکی پێش خۆیەوە هەبوو، کە ناونیشانی (**چەسپاندنی باوەڕ**) بوو، کە لە ساڵی (١٨٧٧) نووسیبووی و تیایدا بیروڕای (**بارکلی ـ Barcly**) ڕەتدەکردەوە، کە دەڵێ تاکە ڕێگایە بۆ چەسپاندنی سروشتی واتای جیاکاری بۆ هەموو دەربڕینێک ئەوەیە، کە ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین: ئایا دەتوانین هەر بیرۆکەیەکی ئەقڵیانە دیاری بکەین، کە لەگەڵیدا بگونجێت؟ ئەو وای دەبینێت ئەگەر لە تواناییماندا نەبێت ئەم کارە بکەین، ئەوە لەم حاڵەتەدا (سنوور)، یان

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص١٩٦.

(دەربڕین) هیچ واتایەکی نامێنێت، با سوودێکی زۆریشیان هەبێت، بەرانبەر ئەمەش دەستی بە ڕایەکی خۆیەوە گرت، کە دەڵێ (سنوور)، یان (دەربڕینی ڕەها) هیچ واتایەکی نییە، ئەگەر نەتوانین بەکاریان بهێنین، یان کارێک بەشێوەیەکی گونجاو و جیاکار ئەنجام بدەین، دوای ئەم قسانە بە دوو ساڵ واتای هەر بیرۆکەیەکی خستەسەر، کە لە ئەنجامدا لەناو ئەو کاریگەرییانەدایە ڕەنگدانەوەیان لە ڕەوشتەکانماندا هەیە.[1]

هەروەها پراگماتیک لای ئەو وا دەکات بیرکردنەوە بکاتە پەیوەندی کردەیی، بەڵام ئەوە بەدوور دەگرێت، کە ئەو کۆمەڵە کار و کردارانەی لەسەر بنەمای بیر وباوەڕەکانمان دەربارەی شتێک بونیاد دەنرێن، ئەوە خودی واتای ئەو شتە پێکدەهێنن. ئەوەی پراگماتیک لەم قۆناغەدا جودا دەکاتەوە ئەوەیە، کە واتای چەمک خاوەن سروشتێکی ئەقڵی و گشتین، پراگماتیک تیۆرێکە لە بواری واتای بیرەکاندا، ئەم تیۆرە تیۆرێکی فەرمی نییە، بەڵکو تیۆرێکی پراکتیکییە، لەگەڵ ئەوەشدا یاسایەکی لۆژیکییە لە جۆرێکی تایبەت، کە بۆ دیاریکردنی واتای چەمکەکان

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص ١٩٨.

بەكاريــان دەهێــنن، يــان بــۆ ڕوونكردنەوەيــان بەكاريــان دەهێـــنن، ئەويـــش كاتێـــک باوەڕيـــان پـــێ دێنـــين،[1] پێشـــڤەچوونەكەش لەدواييـــدا دروســـت دەبێـــت و لەو بەستنەوەيەدا بەرجەستە دەبێت، كە لەنێوان پراگماتيک و فينۆمينۆلۆژيـا (ڕواڵەتخـوازی)دا هەيە، كە لە هەمـان كاتـدا بڕيـاردەدات پێـوەری ڕاستەقينەی واتـا پێويستە ئامـاژە بـۆ كـارەكە نەكـات، بەڵكـو پێويسـتە ئامـاژە بـۆ ئەو ئـەنجامە كۆتـاييە بكـات، كە كـارەكە كـۆنترۆڵ دەكـات و ئاراسـتەی دەكـــات، ئەم پەيوەنـــدييانەش لە حەوت وتـــاردا تـــاوتوێ دەكـات و هەمووشـيانی ناونـا **(وانەكـانی پراگماتيـک)**، لە وتـاری يەكەمـدا ئەو چارەســەرييانەی باسـكرد، كە لەمەڕ پێناســەكردنی پراگماتيــک دووچاريــان ببــوو، پشــت بەوە دەبەستێت خـودی پراگماتيـک بەرهەمـێكە لە بەرهەمەكـانی بـــاوەڕ، لە ئەنجاميشـــدا گەيشـــتە ئەوەی بە بەڵگەخـــوازی گريمـــانەييەوە ببەســـتێتەوە، بەوەی ياســـايەكە لە بـــواری واتادا، چونكە بيرۆكەی نوێ تـاكە بيرۆكەيـەكە پێويستی بە ڕوونكـردنەوە و بە شـرۆڤەكردنی زيـاتر هەيە، لەسـەر ئەم بنەمـايە وای بـۆ دەچێت لـۆژيكی گريمـانەييە، ڕاسـتييەكەی

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص ٢٠٣.

شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پراگماتیک و گریمانە وا نمایان دەکات گرنگییەکی گەورە بە ڕۆڵی پراگماتیک لە بواری بەڵگەخوازیدا بدات.

لێرەدا دەکرێ سێ ئاست لەو ئاستانەی پەیوەندی تێبینی بکەین، کە (پێرس) لە بواری تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی گریمانە و پراگماتیکدا تاوتوێیان کردووە، لەلایەکەوە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکن و بەشی ئەم واتایە دەکەن و ئەو یاسایەش پێشنیاز دەکەن، ئەگەر ڕاستودروست بوو، ئەوە پێویستی بە هیچ یاسایەکی دی نابێ، ئینجا ئەگەر سەر بۆ گریمانە دابنوێنین، بەو حیسابەی گریمانەیەکە شرۆڤەیەکی پەسەندکراوە و دیاردەکانی دیکەش شرۆڤە دەکات، ئەوە لەم حاڵەتەدا پێویستە هەمان ئەو ئەنجامە کردەییانە بەرهەم بهێنێت، کە لە گریمانە ناوبراوەکەدا دروست دەبن، ئەویش لە دیاردەکانی دیکەدا، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە (پراگماتیک) بنەمایەکی ئاراستەکراوە و وای دەبینێت بەگوێرەی ئەم بنەمایە گریمانە واتایەکی هەیە، لەم ڕووەوە **(پێرس)** بڕیاری لەسەر ئەوەدا یاسایەکە لەو باوەڕەدایە هیچ کاریگەرییەکی لۆژیکی نەبێت، یان هیچ واتایەکی دی

بەدەستەوە نەدات، کە لە وێناکردنی دیکە جودای بکاتەوە، تا ئەو ڕاددەیەی وێناکردنەکانمان ڕەوشتە کردەییەکانمان هەمــوار بکــاتەوە، بە شــێوەیەکی دی لە وێنــاکردنەکەی دووەم جـودا بێـت.[1] ئاسـتی سـێیەمیش ئەو ڕۆڵەی تێـدا ڕوونکــردەوە، کە لە دیــاریکردنی مەرجە ســەرەکیەکاندا قـورخ دەبێـت، بـۆ ئەوەی گریمـانەکە واتـای هەبـێ، ئیتـر بـەهۆی ئـەم سـێ ئاسـتە دەتـوانین ئەنجامەکـەی دەسـتەبەر بکـەین، بـۆ ئـەوەی واتـای هـەبێت، ئەویـش شـرۆڤەکردنی ڕووداوەکـان و ئاراسـتەکردنە بەرەو نەریتەکـانی پێشـبینی، کە لە ئاینــدەدا هیــوا و ئاواتەکــان پــووچەڵ نەکەنەوە، پێویستە بۆی هەبێ گریمانەکە لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت، هەروەهـا لە سیسـتەمی ڕەوشـت و جوانناسـییەوە فێربـوو، کە پراگماتیـک پێویسـتە ئامانجەکـان وا وەربگرێت، کە ئەو هەمەکییـە واتـا دروسـت دەکـات، پاشـان پراگماتیـک وەک یاسایەکی تایبەت لە بـواری لۆژیکدا دەمێنێتەوە نەک ببێتە

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص ٢١٠.

بەشـێک لە تیـۆری ڕێبـازەکە و نە بنەمایـەکی ڕوون و ڕاشکاوانەش بۆ دیاریکردنی واتای گریمانەکە.[1]

لە قۆنـاغی سێیەمیشـدا تیـۆرێکی تەواو لەگـەڵ وانەکـانی خـۆی دەربـارەی واتـا پێشـکەش دەکـات، کە تیایـدا بـووە پێشـەنگی ئەم چەرخە لە بـوارەکەدا، واش پێـدەچێ گرنگیپێـدانە زۆر چـڕەکەی بە تیـۆری هێماکـان لە کۆتـایی ژیانیـدا ڕۆڵێکـی گەورەی هەبـوو لە قەڵـبەزەدان لەسـەر تێگەیشـتنی پراکتیزەیـی یاسـای پراگماتیـک بـۆ تێگەیشـتنی لۆژیکی تەواو، پراگماتیک لەم قۆنـاغەدا پێشـڤەبردنی تیـۆرە سـەرەتاکەیەتی لە بـواری هێماکانـدا، ئەویـش لەبەر ئەوەی خەمـی لەوەدابـوو شـێوازێک بـدۆزێتەوە، بەهـۆیەوە پەیوەندییەکان لەنێوان خەڵکیدا لەسـەر بنەمـایەکی هێمـایی ڕووت دروسـت ببێـت، بـۆیە هەوڵـی دەدا شـێوازێک نـوێ بـدۆزێتەوە، بـۆ دەستنیشـان کردنـی واتـای هێمـا، مامەڵەکردنیشی بۆ پراگماتیک لە دوو ئاستی جیاواز لەگەڵ یەکتریـدا دەرکەوت؛ یەکەمیـان لە دوو وتـار پێکـدێن، کە سـاڵی (١٩٠٥) لەژێر ناونیشـانی **(ئایا پراگماتیک چییە؟)** بڵاوی کـردنەوە، دووەمیشـیان **(ئـەنجامەکانی پراگماتیـک)**

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص ٢١٠ – ٢١٢.

بوو، هەرچی ئاستی دووەمیشە لەو وتارەدا نمایان دەبێت، کە ناوونیشانی (**تێڕوانینێک بۆ پراگماتیک**) بوو، لە ساڵی (١٩٠٦) نووسیبووی، لە هەمان کاتدا پراگماتیک بوونی خۆی بە مەبەستی ئەوە بوو، کە سنورێک بۆ ئەو کێشمەکێشمەی لە بواری مەسەلەی میتافیزیکییەکان لەئارادا هەیە دابنرێت.

ڕاستییەکەی ئەو مۆرکی ئەقڵ (ئاوەز)یانەی گێڕایەوە، کە (**ولیەم جیمس**)(**W.D.Jims**) لێی زەوت کردبوو. دەکرێ بە بزاوتێکی پاشگەزبوونەوەی مەترسیدار دژ بە ئەقڵ دابنرێت، بەڵام (**پێرس**) هات و بیرکردنەوەی پراگماتیکی لە هەستپێکراو و بەشەکییەوە خزاندە چوارچێوەی مەعقوڵ و گشتەوە، ئەم بیرکردنەوە هەستپێکراو و بەشەکیانەش ئەزموونگەرە ئینگلیزەکان حەشاریان دابوو، ئەم حاڵەتەش دروست بوو، بەبێ ئەوەی شێوازێکی جیهانبینی ڕووت و ڕەهای تێدا بەکاربهێنرێت، ئەویش بەپێی شێوازی ئەقڵگەرایی تەقلیدییەوە، جگە لەمانەش (**پێرس**) ڕووبەڕووی کۆششەکانی (دانراوگەراییەکان)بووەوە، کە لە هەوڵدا بوون بۆ نەهێشتنی میتافیزیکی، ئەویش لە کاتێکدا بینی

واتـای چەمـکەکە لەوەدا قـۆرخ دەبێـت، کە تـەنیا دەکـرێ بە شێوەیەکی کردەیی و ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێت.[1]

سەبارەت بەو وێنا تایبەتییەی دەربارەی بەڵگە هەیبـوو، لەسـەر ئەوە وەسـتاوە، کە درککـردن بەهـۆی ئـاوێتەبوون لەنێـوان خووەکـان، یـان چـالاکی هێمـایی، واتـە ئەمە لە بـنەڕەتەوە بەهـۆی ئەو بەڵگـانە دروسـت دەبێـت، چـونکە خەڵـک لەنێوانیانـدا پەیوەنـدییەکی زۆر تایبەتیـان لەگـەڵ ئەو بەڵگــانە هەیە، کە هێماکــان پێکــدەهێنن و لەو واقــیعەدا ڕەنگدەدەنەوە، کە وایان لێ دەکات هەوڵبدەن و ئـازاد بـن، ئینجـا بـۆ ئەوەی واتـای بیـرۆکەکە دروسـت بـکەن، ئـەوە پێویسـتە ئەو نەریتـانە دەستنیشـان بکەیـن، کە ئەم بەڵگـانە دروست دەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەی خەسڵەتی جیاکاریی نەریتــەکە لە چــۆنێتی ئەوەدایە، کە دەبــنە دنەدەرمــان بــۆ ئەنجامــدانی کــارەکە، تەنــانەت لە بــارودۆخە شــیاو و لە بــارودۆخە ئەستەمەکانیشــدا وێنــاکردن ئەســتەم دەبــێ،[2] لێـــرەوە (**هاپرمـــاس**) هەڵوێســـتی (**پێـــرس**) لە ڕووی زانســتییەوە ڕوون دەکــاتەوە، بەو حیســابەی جــۆرێکە لە

---

١- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند شارل سندريس بيرس, ص ٢١٣ – ٢١٤.

٢- الجيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص٨.

جۆرەکـــانی جێبەجێکردنـــی پێشـــڤەچوونە زانســـتییەکە لە بەرانـبەر ئەو گـروپەی ئاراسـتەی ڕەگەزی مرۆیـی دەبـن، ئەم پەیوەندییەش لەنێوان زانسـت و ژیانـدا هەیە، جارێکی دیـکە لە شـێوەی پەنـدێک داڕێـژراوەتەوە، کە **(هاپرمـاس)** وتـــوویەتی: زانســـت ســـەبارەت بە ئـــێمە شـــێوەیەکە لە شێوەکانی ژیـان، ئەو ژیـانەش زانسـت دەگرێتەخـۆ، نـاکرێ درکـی پـێ بکرێـت، مەگەر بەهـۆی سیسـتمێکی وا لە بەڵـگە پێکهاتبێت، ئینجـا بەڵـگە یـان پێکهـاتەیەکی نـوێنەرایەتیکراو شـــتێکە بـــوونی هەیە، ئەویـــش لەپێنـــاو کەســـێک بـــۆ بەدەسـتهێنانی مەرام و مەبەسـتێک بە هۆکـار و شـێوازێک دروســـت دەبێـــت و لە کەســـێکدا ڕوودەدات و دەبێـــتە بەڵگەیەکـــی پێشـــڤەچووی هەمـــان ئەو بەڵـــگەیەیە، کە ڕووداوێـکە و بە شـــرۆڤەیەک بـــۆ بەڵـــگەی یەکەم لەقەڵەم دەدرێـت، جـگە لەوەش لێـرەدا بەڵـگە لەبەر بـابەتەکە هەیە نەک لە ڕووی پەیوەنـــــــدییەکانەوە، بەڵکـــــــو لە ڕووی حەواڵەکردنـی بـۆ جۆرێـک لە جۆرەکـانی بیـرۆکەکە، کە بە یاســـای یەکـــایەتی ناوزەنـــدی دەکەیـــن، کە بەڵـــگەکە ڕەنگدانەوەیەتی و پەیوەندییەک لەخـۆی دەگرێت، کە سێ ڕەهەندە:

١- بیرۆکەیەک شرۆڤە دەکات.

٢ـ بۆ بابەتێکی دیاریکراو دانراوە و ئاماژە بۆ هەمان ئەو شتە دەکات، کە شرۆڤەی دەکات.

٣ـ لەبەر لایەنی جۆرییێتیەکەی بوونی هەیە، کە لە پەیوەندیەتی لەگەڵ بابەتەکەیدا دایدەنێت.[١]

لەم بوارەدا ئەو ئاماژە و ئایکۆن و هێما و ڕەمز لەیەکتر جیا دەکاتەوە، یەکەمیان هەر خۆیەتی و ئاماژە بۆ هەر شتێک دەکات، کە لە ڕووی بابەتەوە دیاریکراو بێت، لەلایەکی دیکەشەوە بیرۆکەیەکی دیاریکراو لە مێشکدا دەورووژێنێت، دووەمیش ئاماژە بۆ بابەتەکەی دەکات، لە ئەنجامی بەشداربوونیان لە خەسڵەتێکی دیاریکراودا، کە ئەویش وێکچوونە، بۆ نموونە پەیکەرێک ئاماژەیە بۆ کەسێک، کەچی هێما ئاماژە بۆ بابەتێک دەکات وەک ئەنجامێک بۆ بوونی وابەستەگیەکی میتافیزیکی لەنێوانیاندا، بۆ نموونە وەک دووکەڵ ئاماژەیەکە بۆ بوونی ئاگر، ڕەمزیش ئاماژە بۆ خەسڵەتە گشتییەکان ناکات وەک (فان) سەبارەت بە مرۆڤ.[٢]

ڕەمز خاوەن پەیوەندییەکی هەڕەمەکییە بە بابەتەکەیەوە دەیبەستێتەوە، دەبینین سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو

---

١- الجيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص٩.

٢- حامد خليل، المنطق البراغماتي عند تشارلز بيرس، ص٢٧١.


چەند بەڵگەیەک لە چەند زمانێکدا هەن، بەڵام خەسڵەتی ئایکۆنی بەڵگەکان دەبێ لە ڕێگەی وێکچوونی ڕواڵەتی ڕووت و ڕەهاوە دەربارەی بابەتەکەی خۆی وێنا بکرێت، کەچی سەبارەت بە نیشانە، ئەوە لە دووتوێی پەیوەندی بە هۆوە هەیە، بەوەی هۆیەکە ئاماژەی بۆ دەکات وەک ئەوەی فرمێسک بەڵگەیە لەسەر نیگەرانی،[1] لێرەوە هێما بە ڕەمز هەژمار دەکرێت، ئەگەر ئەو شتەی گوزراشتی لێ دەکات لە ڕووی عورفەوە پێوەی نووسابێت، ئەمەش حاڵەتی هێمای زمان و کۆدە ڕۆشنبیرییەکانە، هەروەها عورف لەگەڵ هێمادا بە کۆنترۆڵکردن بەیەکەوە دەنووسێن، هەروەک چۆن ڕەهەندی هێمابۆکراو لەگەڵ واتادا جووت دەبێت، ڕەمز لای (پێرس) هەڕەمەکیبوونی (سۆسێر) بۆ هێما ڕووپۆش دەکات، هێما ئاماژەیەکە ئەگەر هاتو هەریەک لە بەرانبەرەکانی لە ڕووی بوونیەوە بە پێوەرەوە بەسترا بێتەوە، چونکە هێما و ئەو شتانەی بۆی دەگوازرێنەوە، هەردووکیان دەبنە لایەنێک لە یەک دانراوی بوونئاسا، هەروەها هێما و ئایکۆن لە هەندێک خەسڵەتدا دەبنە هاوبەش و هێڵکاری و وێنەی بیناسازەکانمان پێ دەبەخشن، بەم شێوەیە دەبینین

١ـ الجيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص ١٠.

دابەشبوونی سێینە (ڕەمزی ئاماژەیی، ئاماژە، ئایکۆن) بەهایەکی هێماکاری هەیە، هەرچی کەسایەتییەکەی دووەمە، کاریگەرییەکی مەزنی لە بیناکردنی پراگماتیکی هاوچەرخ هەیە، ئەویش کەسایەتی(چارلس مۆریس)ە، لێرەدا دەکرێ ڕوانگەیەکی تایبەتی ئەو بیرمەندە لە بابەتی بەڵگەدا ئاشنا ببین لەو ڕوانگەیەوە بڕوانینە سروشتی ئەرکییەکەی، چونکە وێناکردنی بۆ گوێزانەوەی ڕەوشت، پاشان جەستە لەو ڕووەی جەستەیە و لە دەوروبەردا کارا دەبێت و لەگەڵیدا لە نێوان ئەم دوو فاکتەرە ئاوێتە دەبێت، گۆڕانی بەڵگەکە لە ڕوانگەی ئەوەوە چوار توخم لەخۆ دەگرێت؛ یەکەمیان ئەو توخمەیە لە شوێنی بەڵگە یان گوزارەوەکە دانراوە، دوومیشیان بەڵگە گوێزانەوە بۆی (ئەوەی ئاماژەیە بۆی)، سێیەمیشیان ئەو شوێنەوارەیە وەرگرەکە دەستی دەکەوێت، لەوە دەچێت بەڵگە یان شرۆڤەکراو بێت، ئەمە هیچ پلەبەندیەک نییە ئەم توخمانە ڕێکبخات، چونکە بەشداری لە گوێزانەوەی هێماکاری دەکەن، ئەم توخمانەش بۆ گوێزانەوەی بەڵگەکان بۆ توێژینەوەی تیۆری بنەڕەتی دەتوانن بگەنە سێ بۆچوون، ئەم سێ بۆچوونەش بە شێوەیەکی زۆر چڕ تێکەڵکێشن.

لە کاتی وەسفکردنی هێماکاریدا پراگماتیک پێش هەموو شتێک هەردوو تویژینەوەی ڕستەسازی و واتاسازی گریمانە دەکات، چونکە مشتومڕی ڕاست و دروستی پەیوەندی بەڵگەکان بە شرۆڤەکارەکانیانەوە وا دەخوازێ پەیوەندی بەڵگەکان بەیەکدییەوە بزانرێت، بە هەمان شێوەش پەیوەندی بەڵگەکان بە شتەکانەوە دەبێ بزانرێت شرۆڤەکاران بۆیان دەگوازرێتەوە.[1]

لێرەدا دەتوانین وێنای بەڵگە لای (مۆریس) بکەین بەم نەخشەیەی خوارەوە:




١- الجيلاني دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص١١.

هەروەهــا **(گۆتلـۆب فـریج ــ Gottlob Frege)** لەو تـــویژینەوە گـــرنگەی خۆیـــدا زانســـتی ژمێریـــاری لە پێشـڤەچوونی ڕوانـگەی پراگمـاتیکی داڕشـت، ئەویـش لە ڕێگـەی جیـاکردنەوەی نێـوان زمـانی زانسـتیی و زمـانی پەیوەندییەکان، هەروەهـا لە نێوان ڕواڵەتە دیاریکراوەکانی ڕاســـتەقینە و ڕواڵەتە دیارینەکراوەکـــان، ســـەبارەت بە جیـــاکردنەوەی یەکەم ئەوە ڕوون دەکـــاتەوە، کە زمـــانی سروشتی دەکریٚ بە شێوەیەکی ورد و تـایبەت چارەسـەر بکرێـــت، دەشـــکریٚ مەرجـــی گشـــتی پەیوەســـتبوون هەڵبهێنجرێت، جیاکردنەوەی دووەمیش گرنگی دیاریکردنی ڕاســـتەقینە وامـــان لەســـەر فەرز دەکـــات، تێخزانـــدنی پراگماتیک بە پێویست بزانین.

**(فـــریج)** واتـــا و ســـەرچاوە(مەرجەع)ی لەیـــەکتر جیـاکردەوە، سـەرچاوە خـودی بـابەتەکەیە، کە قسـەی لـیٚ دەکەیـن، ئەویـش بەهـۆی گوزارشـتکردنی زمـانەوانییەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی واتاکە لای ئەو لەژێر ڕووناکی هەڵکشانی دەوروبەر و هەڵکشـانی ڕاستەقینەی مەرجکراو بەڕێوەدەچێـت، لەم حـاڵەتەدا واتـای ڕسـتەکان لەسـەر چەمکی مەرجەکانی ڕاستەقینە پیٚ دەگرێت، چونکە زانینی واتای ڕستەیەک لە ڕستەکان، وا دەخوازێت ئەو مەرجانە

درک پێ بکەین، کە ڕستەکان لە خۆیان دەگرن، تا ببن بە ڕاســــتەقینە،[1] هەروەهــــا ئەو (نــــاوی تایبــــەتی) و (بارکراوەکانی ناو) لەیەک جودا کردەوە، کە هەردوکیان پرســـێکی لـــۆژیکی پێکـــدەهێنن، ســـەبارەت بە ئەرکـــی (بارکراو)یش (فریج) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەرکێکی وێنایی هەیە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کۆمەڵە خەسڵەتێکی وێنایی ڕەوانەی زانستێکی دیاریکراو دەکات، ئەم زانستە لەلایەکەوە ئەرکێکی ئاماژەییانەی ڕووت جێبەجێ دەکات، کــە دەربڕینــەکانی چوارچێــوەدارکردن وەرناگرێــت، وەک (هەنـــدێک) و (هەمـــوو) دەتـــوانن پەیوەنـــدی بە بارکراوەکانەوە بکەن[2].

هەروەهــا (لـۆدڤیج ڤیتجنشـتین ـ L.Wittgenstein) هەموو هەوڵـەکانی خۆی لە توێژینەوەی زمانی نموونەیی چڕکردۆتەوە بۆ وەسفکردنی جیهان، پاشان چووە ڕیزی فەیلەســـوفانی (ئۆکســـفۆرد) بـــۆ تـــوێژینەوەی زمـــانی سروشتی، ئەم جۆرە فەلسەفەیەش پشت بە سێ چەمکی

١ـ الجيلاني دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص٢٠ ـ ٢١.

٢- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب، ص١٩. هەروەها بڕوانە: محمود زيدان، في فلسفة اللغة, (بيروت، دارالنهظة العربيه, ١٩٨٥، ص١٢.

سەرەکی دەبەستێت، کە ئەمانەن: واتا و یاسا و گەمەکانی زمـــان، ئێســـتاش بـــاس لە گرنگتـــرین ئەو وێنـــاکردنە پراگماتیکییـــانە دەکەیـــن، کە فەلســـەفەی ئەم زمـــانەوانە پێکیـــدەهێنێت، بەو حیســـابەی بـــازنەیەکی ســـەرەکییە لە بازنەکانی پێشڤەچوونی وانەی پراگماتیکی هاوچەرخ.

ئەنجامـدانی بەدوادچوونێـک بـۆ بۆچوونەکـانی **(لـۆدڤیج ڤیتجنشـــــــــــتین. L.Wittgenstein)** لە نـــــــــــامەکەدا ئامادەکارییەکمـــان بـــۆ دەکـــات، بـــۆ ناســـینی گرنگتـــرین بنەماکـــانی هـــزری فەلســـەفی وەســـفییانە، کە دەبێـــتە ڕێخۆشکەر بۆ گەڵاڵەبوونی تیرِوانینێکی گەردیلەی جیاکار، کە فەلسـەفەی لـۆژیکی گەردیلـە کـۆنترۆڵی دەکـات و هەڵـی دەسـوڕێنێت،[1] هەروەهـا شـیکردنەوەی جیهـان و زمـان، ئامانجی سەرەکی نووسینی ئەم نامەیە ڕەخنەگرتن بوو لە (زمـــان)(Critique de langage) بە مەبەســـتی شیکردنەوەی خودی زمانەکە. تێگەیشتنی هەڵەی لـۆژیکی زمـان پەلکێشـمان دەکـات بـۆ دەستنیشـانکردنی گرفتـەکانی پەیوەسـت بە درککـردن و تێگەیشـتن لە جیهـان، هـەروەها تێـڕوانین بـۆ دەستنیشـانکردنی شـتەکان بەو وەســفەی

١ـ ماهر عبدالقادر محمد علي، فلسفة التحليل المعاصر، دار النهظة العربية, بيروت, ١٩٨٥, ص ٢٣٠.

گەردیلـە، کـە کرۆکـی جیهـان پێکـدەهێنن، ئەمەش دەبێـتە بەرانبـەرێک بـۆ ئەو نـاوانەی لە سیسـتەمی زمانـدا هەن و خەسـڵەتە سەرەکییەکەشـیان لە سـادەیی و چەسـپاویدا بەرجەسـتە دەبێت، ئەمەش واتـای وایە کرۆکـی بـوونەوەر لەسـەر پـایەی تـوخمی مـاددی بە پـلە یەک دەوەسـتێتەوە، مـادام ڕووداوە لێکـدراوەکان بەپێـی شـێوە دیاریکراوەکـان (پەیوەنـدییەکان) تێکـڕا ڕەوانـەی گـۆڕان و لاچـوون دەبـن، هەروەها لەم بوارەدا پێکهاتەکانی شت (شێوە ـ نـاوەرۆک) (contenue / forme) پێشـنیاز دەکـات، ئەویـش لەنـاو بوارەکـانی دەستنیشـانکردنی وێـنە (شـێوە)ی جیهـان گوزارشـت لەو فۆرمـانەی شـتەکان دەکـات، کە شـیمانەی دروستبوونیان هەیە، کەچی نـاوەرۆک گوزارشـت لە شـێوە وەرگرتنە کردەییەکانی دەکەن.

بـابەتی زمـان (Langage) لە نامەکەیـدا گرنگییەکـی تەوەریـانەی هەیە، ئەویـش لەبەر ئەوەی لە ڕووی میتـۆدەوە ڕوانـگەی لـۆژیکی و ڕوانـگەی زمـانی بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە، هەروەهـا کـاریگەرییەکی گەورەی هەبـوو لە دەرخستنی تەوژمی شـیکردنەوەی لە تـوێژینەوەی زمـان و پێگەیانـدنی بیـری پراگماتیـک لە تـوێژینەوەی زمـانەوانییە هاوچەرخەکانـدا، هەروەهـا ئەم فەیلەسـوفە بـۆ ئەم واقـیعە

دەچێت:(**زمان شیکردنەوە بۆ ڕووداوی گەردیلە وەردەگرێت، کە لە ناوەکان بەرجەستە دەبێت بەو وەسفەی پێکهاتەی کۆتایین).**[1] بەڵام بابەتە سەرەکییەکە لەبەر سادەیی گوزارشت لە لێکدان و بەیەکەوەبەستنەوەی ناوەکان دەکات، ئەم بەستەنەوەش بە خۆی دەستنیشانی واتای پرسەکە و وێنە لۆژیکییەکەی دەکات، بەڵام ئایا ڕاستەقینەی ناوەکان چییە کە وێنا فەلسەفییەکە لە نامەکەدا هاتووە ئاماژەی بۆ دەکات؟ وا پێدەچێ ناوی دیاریکراو ئەو ناوەیە لە پرسێکدا بوونی هەیە، لەبەر ئەوە بوونی لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ غەیری خۆیدا بە دەستنیشانکردن بەها و واتاکەی لە بواری ئاماژەکردن بۆ ئەو شتانەی لە جیهانی دەرەکیدا هەن، وەک:(**کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە)**، چونکە کتێبەکە و مێزەکە هەردووکیان دوو ناون ئاماژە بۆ چەند شتێک لە جیهاندا دەکەن، کەچی وشەی (لەسەر) ئاماژە بۆ پەیوەندییەکە دەکات، ئیتر بەم شێوەیە ناوەکە دەبێتە هێمایەکی سەرەتایی، واتای شتەکەیە و شتەکە واتایەتی.[2] ئەم وێناکردنەش لەگەڵ ئەو بنەمایە بڕیاردان لەسەر تیۆری (پرس)ەکە دەگونجێت

---

١- لودفيج فتجنشتين، رسالة منطقية فلسفية، ص ٢١ ـ ٢٢.

٢- لودفيج فتجنشتين، رسالة منطقية فلسفية، ص ٧٣، ٨٦، ١٠٢.

وەک نیگارکێشـانێک بـۆ بـوونە دەرەکیـیەکە[1]، هــەروەها ڕاســـــتگۆیی و درۆبــــوونی ئەم پرســــەش بە بــــوونە دەرەکیــیەکەدا لێکــدەدرێتەوە، ئەویــش بەپێــی بنــەمای هاوشــێوەبوون. ئەو زمــانەی (**لــۆدڤیج ڤیتجنشــتین ــــ L.Wittgenstein**) لێی دەکۆڵێتەوە، ئەو زمانە ئاساییەیە، گرنگــی بە گرفتــی تەمــومژی و کەوتــنە نــاو دژایەتــی مەعنەویی دەدات،[2] ئینجا گرنگترین وێنەکانی دژایەتی و تەمومژی لەم بوارەدا گفتوگۆی لەسەریان کرد، ئەوە بوو وتی داتاشینی واتای پرسێکی سەرەتایی لە پرسێکی دیکە دەشێت دروست ببێت، و لە ڕێگاکانی وێنای لۆژیک و گەیاندنی ئەم لۆژیکە بۆ بەرزترین پلەکانی نووسینەوە، کە ڕەمزەکــان بەکاربهێنرێــت، بە نزیکبــوونەوە لە میتــۆدی لـۆژیکزانە ڕەمزییەکان، بـۆ ئەوەی هەڵەکانی زمـان کەمتـر بکرێنەوە،[3]هـەروەها دەرفەتـی ئەوەش برەخسێت بیـرەکە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە گوزارشت لەو شتانە بکات، کە بەبـێ هـیچ دژیەکێـک لە جیهـانی دەرەکیـدا هەن، لەوانەش

---

١- عزمي اسلام، لودفيج فتجنشتين، ص ١٦١.

٢- ماهر عبدالقادر محمد علي، فلسفة التحليل المعاصر، ص ٣٦٤.

٣- مـاهر عبـدالقادر، فلسـفة العلـوم، (دار النهظـة العربيـة، بيـروت، ١٩٨٥، ٣ / ٢٠.

پەنابردنە بەر ڕەمز ڕەهەندێکی تیۆریانە ببەخشیبێت بەو پەیوەندییەی لەنێوان هەردوو بونیادی زمان و جیهانی دەرەوەدا هەیە، کە لە کرۆکی بونیادی تیۆرەکەیدا بەدی دەکرێت، ئەویش تیۆرێکی وێنایە، ئەمەش وا دەکات زۆر زوو بێت بڵێین یەکەی زمانەوانی سادە لە ڕووی پێکهاتنەوە لەسەر بەستنەوەی دەوروبەری دیاریکراو بەرانبەر دەبێتەوە لەگەڵ سادەترین ئەو یەکانەی جیهان بۆی دابەش دەبێت و لە واقیعی گەردیلە بەرجەستە دەبێت، کە بە دەوری خۆی گوازراوەتەوە بۆ شتەکان (بوونەکان)، ئەوانیش بە چۆنیەتییەکی دیاریکراو بەیەکەوە بەستراونەتەوە،[1] ئەو دەڵێت **((هەموو ناوێک شتێک لە بەرانبەریدا هەیە، ناوەکەی دیکەش شتێکی دیکە لە بەرانبەریدا هەیە، بەڵام پاشان هەموو ئەم ناوانە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بە شێوەیەک هەموویان وەک یەک نیگاریان لێ دێت، کە واقیعە گەردیلەکە پێکدەهێنن))**،[2] لەبەر ئەوە بیرۆکەی لێپێچینەوە بەگوێرەی پێوەرەی هاوشێوەبوون یان هاوشێوەنەبوون لەگەڵ واقیعەکەدا

---

١- ماهر عبدالقادر، فلسفة العلوم، (دار النهظة العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص ٢٧٨.

٢- لودفيج فتجنشتين، رسالة منطقيه فلسفية، ص ٣١١.

بەستراوەتەوە، ئەمەش دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی هەردوو پرسەکە گوایە درۆیە یان ڕاستە لەگەڵ بوونی یان نەبوونی واقیعی گەردیلەکەدا ناوزەد دەکرێت، ئەو بنەمایەش ئاماژەمان پێداوە هەر خۆی واتا پرسئامێزەکە لای ئەم فەیلەسوفە دەستنیشان دەکات.[1]

شایانی باسە ئەم بنەمایە بابەتی مشتومڕی فەلسەفیانەی گرنگ بوو لەناو ئەندامانی (**بازنەی ڤیەننا**)، کە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی فەلسەفەی هاوچەرخ چوونە ناویەوە وەکو (**هانزهان ـ Hanshan**) و (**گۆدل ـ Godel** ) و (**کارناپ ـ Carnap**) و (**یوهوس ـ Wohos**) و (**نۆیراس ـ Nouirath**) و (**فایزمان ـ Faismane**)... تاد، کە تیۆری فەلسەفەی دانراو(دانراوی لۆژیکی) داتاشی، ئەم تیۆرەش لەسەر پایەی ئەو گوزارشانە دەوەستێت، کە لە ڕوانگەی توانایی تاقیکردنەوەیان بە هەستەکان ئاماژە بە واقیعەکە دەکەن ـ هەروەک باسمان کرد ـ ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە گرنگی بە لۆژیکبوونی زمانەکە بە شێوەیەکی لۆژیکی

---

١- داتاشینی ئەم بنەمایە لە بنەڕەتدا بۆ (مۆریس شلیک) لە بازنەی (ڤیەننا) ساڵی ١٩٢٢دەگەڕێتەوە.

ڕوون دەکەن،[1] لەسەر ئەم بنەمایە پرسە ئەزموونەکان تاکە پرسێک دەبن لەناو ئەو پرسانەی واتای بونیان هەیە، کە دەکرێ وا سەریان بکەین کە پرسی ڕاستەقینەن و واتایان هەیە.

هەروەها دوو ئەرکی سەرەکی لە ڕوانگەی فەلسەفەی دانراوەوە لەیەکتر جیاکرانەوە، کە ئەم دوو ئەرکەن:[2]

١. ئەرکی مەعریفی هەواڵیانە، ئەرکی گوزارشتکردنی ورووژێنەرە، کاتێک زمان کاری ئاماژەیی ڕووداوەکان لە جیهانی دەرەکیدا جێبەجێ دەکات، بەم شێوەیە ئەرکی مەعریفی خۆی ئەنجام دەدات و بۆ گواستنەوەی هەست و هەڵچوونەکان بە شێوەیەکی ورووژێنەر لە ئاستی شیعریدا کاردەکات، ئەویش بە دەربڕینی وشەکان و دەستەواژەی وەها، کە لە لە جیهانی دەەرکیدا ڕاستەقینەکان لادەدن، ئەمەش وا دەگەیەنێت وانەی فەلسەفی بەو کۆششە دەیخاتەگەڕ لە تەوەری ئەرکی مەعریفیدا چڕ دەبێتەوە، بۆ

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، المعنى والتحقق، مجلة الفلسفة العربية, (مجلد٢، عدد ١, يونيو ١٩٩٢)، ص ٤٤.

٢. بیاجیە لە ڕەوشتکارەکان بوو ئاماژەی بە گرنگی ڕەهەندی ڕەمز لە زمان کرد، بڕوانە: عمر أوكان، اللغة و الخطاب, افريقا الشرق, ط١, المغرب, ٢٠٠١, ص ١١.

شـیکردنەوەی پێکهـاتەی زمـانەوانی ئامـاژەیی بـەرانبەر ڕاســـتەقینەی بوونەکـــانە لە جیهانـــدا، لەم بـــوارەدا فەیلەســوفەکان دوو جــۆری دەســتەواژە لەیەکتــر جیــا دەکەنەوە، ئەویش لە بواری ئەو شیکردنەوەی بۆ گوتـەی ڕاست و درۆ ئەنجامی دەدەن، ئەوانیش:[1]

**أ/ دەســتەواژەی شــیکردنەوە**،[2] کە بـۆ شــیکردنەوەی بابەتێک توخمەکانی دەنێرێت، بەبێ ئەوەی شتێکی تـازە بخاتە سەری، وەک:(ئەنجام).

**ب/ دەســتەواژەی پێکهــاتەیی**، کە لە بنەڕەتـدا لەســەر زانینێکــی نــوێ دەوەســتێت، بــۆ خەزینــەی ئەزمــوونە تایبەتەکــان زیادبکرێــت، ئەویــش بە گــوێرەی پێــوەری بــاوەڕپێکردنی لە ڕووی واقــیعەوە، بــۆ نمــوونە: **(کتێبــی مێــژووەکە لەســـەر مێــزی نووســـینەکەیە لە هـــۆڵی وانەوتنەوەدا)**، بە دەستەواژەیەکی سادە دەتوانین جۆرێک لە هاوســەنگی لەنێـوان هەردوو بەشــەکەدا ســازبدەین، کە مەحەکەکەشـی بۆ واقیعەکە بە شێوازی بینین بێت. دەبێ

---

١- صـلاح اسـماعيل عبـدالحق، المعنـى والتحقـق، ص٤٨, هـەروەها بڕوانـە: زكي نجيب محمـود، موقف مـن الميتافيزيقيـا, دار الشـروق، بيروت، القاهرة, ط٢, ١٩٨٣, ص٧٩ .

٢- يمني طريف الخولي، فلسفة العلم الحديث، ص ٢٩٦.

دەستەواژەی شیکردنەوەی دووبارەکراو و سەد دەر سەد بێت بەتایبەتی دەستەواژەکانی ماتماتیک، وەک: ١ + ١ = ٢، هەرچی دەستەواژەی پێکهاتەییە، ئەوە تایبەت بە بنەمای (هەست) و بنەمای جێبەجێبوونی واقیعی (بنەمای هاوشێوە)، لەسەر ئەم بنەمایە جۆرێک لە جۆرەکانی دەستەواژە و دەستەواژە لادەبرێن کە لە ڕوانگەی فەیلەسوفە دانراوەکانەوە خاوەن واتا نین،[١] وەک:

ا- دەستەواژەی فەرماندان ب - دەستەواژەی پرسیاری ج - دەستەواژەی سەرسوڕمان، ناخرێتە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوە، شایانی باسە فەیلەسوفەکان لە گفتوگۆکانیاندا دەربارەی بنەمای جێبەجێبوون، توانییان جیاوازی لەنێوان زاراوە جەوهەرییەکان بکەن، وەک: (پرس) و (ڕستە) و (دەستەواژە)، لەم بوارەشدا **(ئایر)** بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە هەر شێوەیەکی وشەکان خاوەن کرۆک بێت، ئەوە ڕستەیەک پێکدەهێنێت، بەو مەرجەی لە ڕووی

---

١- لە زۆر لەو دەربڕینە جوانناسی و ئاکارییانە وازهێنراوە, کە ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی زانستەکانی ئاکار و جوانناسی و میتافیزیکی لە بازنەی زانستەکان، بڕوانە: هانز ریشنباخ، نشأة الفلسفة العلمية، ترجمة: فؤاد زكريا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر, ط٢، بيروت، ١٩٧٩، ص٤٠.

هەواڵەوە تەماشـــای ئەرکەکەی بکرێــت لەو ڕوانــگەیەی دەسـتەواژەیە، بەڵام (پـرس)ەکە گوزارشـت لـە ڕسـتەکان دەکـات، ئـەو ڕسـتانەی بـە شـێوەیەکی پیتئاسـا خـاوەن واتان.[1]


ئینجا لەبەر ئەوەی تەوەری ئەم بابەتە واتـا و چۆنیەتی جێبەجێبـوونیەتی لە بەرهەمە زمانەوانییەکانـدا، ئـەوە لەم حاڵەتەدا زۆر پێویستە لە سـەرەتاوە ئامـاژە بکرێت بەوەی بـــابەتێکی ســـەرەکی و هاوبەشـــە لە بـــازنە مەعـــریفییە هەمەجۆرەکـــانی وەک زمـــانەوانی و دەروونناســـی و کۆمەڵناســی، بگــرە هەر خــودی بـابەتە ســەرەکییەکە لە بـواری فەلسـەفەی سـەدی بیسـتەم بەتـایبەت لە جیهـانی ئەنگلۆساکســۆندا،[2] جــگە لەمەش چەنــد ئاســتەنگێکی میتۆدیـانەی هەیە، بـاس لە شـێوازی باسـکردنی ئەم بـابەتە دەکـات و بنـەما ســەرەکییەکەی ب پێناســەکردنی خـودی واتـاکەی دەستنیشـان دەکـات، چـونکە تیـۆرە واتاییـەکانی بواری زمانەوانی ئاماژە بە جیاکارییەکی ڕاشکاوانە دەکەن لەنێوان واتای دەربڕینی تـاک و واتـای دەربڕینی لێکدراو،

---

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، المعنى والتحقق، ص٥٢.

٢- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة اكسفورد، ص ٢٤١.

ئەویش لە ئاستی ئەوەی دەبێت لە خۆیان و لە ئاماژەکانیان بگەین، ئەمەش بەگوێرەی ئەو هێڵکاریەی لە توێژینەوەکەی (عەزمی ئیسلام) دەربارەی چەمکی واتاسازی وەردەگیرێت:




لێرەدا توێژینەوەکەمان جەخت دەکاتەوە سەر وەسفکردنەکەی **(لۆدڤیج ڤیتجنشتین ـ L.Wittgenstein)** دەبارەی پرسی واتا لەژێر تیشکی فەلسەفەی شیکردنەوەی زمانەوانی، کە ئەم زانایە لەگەڵ کۆمەڵە فەیلەسوفێکی هاوچەرخ وەک **(ڕاسل ـ Rasle)** و **(مور ـ Mur )** و **(شلیک ــ Chlak)** و **(کارناپ ــ Carnap)** و...تاد پێشیانخست. پێویستبوونی میتۆدیی و مەعریفی

ناچارمـان دەكـات وێنـاكردنی فەلسـەفەی گشـتی درک پـێ بکەیـەن، ئـەویش لـە ڕوانگـەی ئامـاژەکردن بـە تەمـومژی وشەی (**واتا**)(**meaning**) لە هەردوو کەرتی زمانەوانی و فەلسەفی، کەچی ئەنجامدانی بەدواداچوونێکی وردبینانە بۆ بوارەکـانی بەکارهێنـانی وشــە، پەردە لەســەر ئەم شــتانە لادەدات:[١]

| | |
|---|---|
| واتا دەدات بەکارهێنەکان | مەبەســـــت لێــــی ڕســــــتەکەیە شیکردنەوەی مەرامی ئاخێوەرەکەیە |
| واتا دەدات | واتای ڕەوشتی، یان واتای جوانناسی لە سنووری ئەرکە دەربڕاوەکەی |
| واتا دەدات | ئاماژە دەکات / هێمایەکە بۆ |
| واتا دەدات | پەیوەندی بە بابەتێک |

لەم بـوارەدا (**نۆیـل سـمیت ـ N.Smith**) پێـی وابـوو وشــەی (**واتــا**) وشــەیەکی تەمــومژە و ســەرت لــێ دەشـێوێنێت، چـونکە ئـەگەر بڵێـین وشـە واتـایەکی هەیە،

١ـ صلاح اسماعیل عبدالحق، المعنی والتحقق، ص٦٣, وەرگیراوە لە:
G.Rule, meaning and necessity discussion of ruclaff Carnap, philosophy, volxxiv, 1949, p 69 – 70.

واتـای ئەوە نییە ئاخـاوتنەکە ئامـاژەیەکە بـۆ شـتێک،[1] لەم بوارەشدا شایانی ئاماژە پێکردنە بڵێین لەوانەیە پێناسـەکە بەس نەبێـت بــۆ دەستنیشــانکردنی واتــا و شــرۆڤەکردنی پرسـەکان، بـۆیە پەنـا دەبـاتە بەر پێناسـەکردنی ئامـاژەیی. ئەم میتــۆدە پێویســتی فێرخــواز بــۆ تێگەیشــتنی پرســەکە پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر فێرخوازەکە زۆر نەزان بێت، بە شــێوەیەک وێـنەی ئەو شــتە نەزانێـت، کە مامۆسـتاکە ئامــاژەی بــۆ دەکـات،[2] لەو کـاتەدا دەڵێـت: **(وا بــارانە)**، فێرخــوازەکە لەم قســەیە تــێ دەگــات، ئیتــر مەرج نیــیە مەبەسـت لە دەربڕینەکە خودی ئەو واتـایە بێت کـە دەیدا بەدەستەوە، لەوانەشە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەو بۆچـوونەدا یەک بێـــت، پاشـــــان **(لـــۆدفیج)** ئەو تیـــۆرە وێنـــاییەی هەمواركردەوە، ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە، کە دەڵێ (ناو) واتــای شــتە، شــتیش واتاکــەیەتی، چــونکە ئەمە دەبێــتە ڕێخۆشـــــکەر بـــــۆ ئەرکــــی زمـــــان لە نـــــاوزەدکردن ڕەنگدەداتەوە.[3]

---

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، المعنى والتحقق، ص ٦٥.

٢- صلاح اسماعيل عبدالحق، المعنى والتحقق، ص ٥٥.

٣- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة اكسفورد, ص ١١٧.

ئینجا لە ڕەوشی شیکردنەوەی زمانەوانیدا هەمیشە بابەتە فەلسەفییەکان بەگشتی ئامادەگیان هەبووە و بەتایبەتیش لە بواری لۆژیکدا، بۆ نموونە (**سوقرات ـ Sukrat**) هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ شیکردنەوەی هەندێک واتای ڕەوشتی بۆ گروپێک لە گروپەکانی ناو، بە هەمان شێوەش (**فیساگۆرسەکان**) گرنگیاندا بە گۆڕانکاری لەڕێی داتاشینەوە دەربارەی ناوی شیعری، کە خوایەک لە خوایەکانیانی پێ ناوزەد دەکرا،[1] هەروەها (**بتراند ڕاسل**) گرنگی ئەو مشتومڕەمان بۆ وێنا دەکات، کە لەنێوان قوتابخانە فەلسەفییە کۆنەکان لەئارادا هەیە دەربارەی پەیوەندی زمان بە هزر و بە بوونەوە، کە دەڵێ: ((**هیچ بیرکردنەوەیەک بەبێ شتێکی لەئارادا هەبوو نییە لە پرۆسەی قسەکردندا هەبێت، چونکە ئەگەر بکرێ وشەیەک بە شێوەیەکی بەسوود بەکاربهێنرێت، ئەوە پێویستە واتایەک ببەخشێت، نەک هیچ واتایەک نەبەخشێت، لەبەر**

---

١- الطاهر و عزيز، المناهج الفلسفية، (المركز الثقافي العربي, ط١, ١٩٩٠، الدار البيضاء، المغرب)، ص ٦٤.

**ئەوە وشە ئەگەر ئاماژە بە واتایەک بکات، پێویستە بوونی هەبێت لە واتایەک لەو واتایانەی لە بوونەوەردا هەن)).**[1]

**(ئەفلاتوون ـ Platon)**یش لە پێشخستنی ئەم چەمکەدا هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ، تاڕادەیەکی زۆریش سەرقاڵی شیکردنەوە داتاشراوانە بوو لە مامۆستاکەی خۆی **(کراتیلۆس ـ Cratilos)** بۆی مابووەوە، بە هەمان شێوەش قوتابییەکەی **(ئەرستۆ ـ Aristos)** لەسەر ڕێچکەی ئەو ڕۆیشت و ڕەوشێکی ئەزموونیانەی لە بواری شیکردنەوەی ئەو ناوە لۆژیکیانە پەیڕەو کرد، کە پەیوەندی زمان بە هزرەوە دەچەسپێنێ ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هزر بە شتەکانەوە دەلکێنێ.[2] لە قۆناغەکانی دوایشدا**(هایدگەر ـ Hidguer)** باسی ئەو جۆرە یارییەمان بۆ دەکات، کە پشت بەو واژانە دەبەستێت، کە بوونی زمان هەژموونی بەسەریانەوە هەیە، بەهۆیەوە یاری بە مرۆڤ و بە قەدەری بوون و

---

1 -B.Russel, lamethode scientifique philosophie, paris, payot, 1971, p91-92.

٢- اميل بوترو، فلسفة كانت, (الهيئة المصرية العامة، ترجمة عثمان أمين, ١٩٧٢، ص٩٣.

دروستبوونی لە دێرزەمانەوە دەکەن،[1] ئەم وێناکردنەش پەیوەندی پتەوی بە چەمکی یاریکردن لای (**ڤتجنشتین**) لە فەلسەفەی هاوچەرخدا هەیە. زۆر لە تـوێژەران وای بـۆ دەچن (**فریج**) یەکەم تیۆردانەری فەلسەفەی شیکردنەوەیە لە زانکۆی ئەڵمانی، ئەویش لە بواری ئەو وانانەی دەبارەی (ناوی تایبەتی) و (ناوی بارکراو) دەیانیوتەوە، کتێبەکەشی ناوونیشانی (بنەماکانی زانستی ژمێرياری)بوو، کاریگەرییەکی زۆری لە بونیادنانی ئەم بۆچوونە مەعریفیە تازەیەدا هەبوو لە تێکرای وڵاتانی ئەوروپادا[2]. (**فریج**) ئەوەی ڕوونکردەوە، کە بارکراو ئەرکی وێناکردن جێبەجێ دەکات، ئەویش لە ڕوانگەی پاڵپشتکردنی سیفەتەکانی ئەرکی ناوی تایبەتی، کە لە ئاستەکەی خۆیدا ئاماژە بە تاکێکی دیاریکراو دەکات.[3]بە

---

١- الطاهر و عزيز، المناهج الفلسفية, ص٧٣، هەروەها بڕوانە: بشاره صارجي، الأختبار التنظيري، التفسري للغة عند هيدغر، (مجلة الفكر العربي المعاصرة, ١٨/ ١٩, ١٩٨٥)، ص٥٢.

٢- محمود زيدان، مناهج البحث الفلسفي,(منشورات جامعة بيروت العربية,١٩٧٤)، ص٧٥، هەروەها بڕوانە: في فلسفة اللغة, (دار النهظة العربية, ١٩٨٥)، ص١٢-١٣.

٣- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب, ص ١٩.

گشتی فەلسەفەی هاوچەرخ بەپێچەوانەی ئەوەی باسکرا لە تەوژمە هەمەچەشنەکانی خۆیدا، وا مامەڵەی لەگەڵ زماندا دەکــرد، کە بـــابەتێکی گشـــتییە، ئەویـــش لە بـــواری ئەو شیکردنەوانەی بۆ پرسـە فەلسـەفییەکان ئەنجامیانی دەدا و تیایاندا توێژینەوەکانی قووڵتر دەکرد.[١]

(**ڤتجنشتین**) یاسـا یارییەکـە لە یارییەکـانی زمـان، کە لە بونیـادی چـالاکییە کۆمەڵایەتییەکـانی پەیوەندیکردنـدایە، لە خـودی خۆیـدا کـۆمەڵە یاسـایەکن، دینـامیکییەت و بـزاوت و ئازادییـان لەخۆگرتـووە، وەک یاسـاکانی یـاری تێـنس، لەم یـارییەدا ئـەگەر هەردوو یـاریزانەکە لەژێـر ئەو یاسـایانەدا بـن، کـە یاسـای عـورفین، ئـەوە جیاوازییـان دەبێـت لەگـەڵ دوو کەسـی دی، کە یـاری تـۆپی سـەرمێز یـان تـۆپی پـێ بـکەن، بەڵام هەردووکیـان ئـازاد دەبـن لە هەڵبژاردنـی ئەو دەرفەتانەی شـیاون بـۆ جێبەجـێ کردنـی جیاکـارییەک، یـان

---

١- فەلسـەفەی نـوێ دابەش دەبێـتە سـەر چەنـد تەوژمێکـی مەزن، کە ئەمانەن: دانراوی لـۆژیکی بە ڕابەرایەتـی (کارنـاپ)، و ڕواڵەتگەریـی بە ڕابەرایەتی (هۆسرل) و فەلسـەفەی زمانی ئاسـایی بـە ڕابەرایەتـی (ڤتجنشتین)، بروانە:

Francois Recanati, naissance de la pragmatique, p183 - 203.

سەرکەوتن، چونکە هیچ شتێک بازدان بەشێوەیەکە هەمەچەشن لەم یارییەدا لە ڕووی بەرزی و نزمیەوە ڕاتناگرێت و قەدەغەت ناکات، بۆ ئەوەی بە تۆپەکە بگەیت، چونکە یاساکانی ئەم یارییە یاسای ئازادن، لە قسەکردنیشدا یاساکان دەرفەت بۆ قسەکەران دەڕەخسێنێت، تا گوزارشت لە بیروبۆچوون و هەستەکانیان بە چەند ڕێگا و شێوازێک بکەن، ئەویش لەناو یاسای زمانەوانی هاوکار و هەماهەنگ،[1] لە بواری کۆنترۆڵکردنی چەمکی تیۆریشدا ئاماژە بە بنەمای گومان دەکات، کە لە یارییەکانی زماندا بوونی نییە، کاتێک منداڵ زمان فێر دەبێت، ئەوە لە هەمان کاتدا فێری ئەو شتانە دەبێت شایانی تێڕوانینن بۆیان، ئەوانەی شایانی تێڕوانین نەبێت بۆیانیش، بە هەمان شێوە فێریان دەبێت، فێربوونی ئەوەی کۆگەیەکی بچووک لە ژوورەکەدا بۆ منداڵ هەیە، بەبێ ئەوەی گومان فێر بێت و بیزانێت لە داهاتوودا ئەگەر بیبینێت هەر هزری بەولایەدا دەچێت، کە کۆگەیە یان فریودانێکی چاوە، ئەمەش هەمان ئەو حاڵەتەیە لەم

---

١- الجيلاني دالاش، مدخل في اللسانيات التداولية، ص١٩، هەروەها بڕوانە: صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند فلاسفة اكسفورد، ص ١٢١.

یارییەدا هەیە: **(کاتێک بانگیان کردی، لە دەرگاکە وەرە ژوورەوە)**، لەم حاڵەتەدا ئەستەمە وێنای ئەوە بکەین ئەگەری گومانبردن هەیە. ئەم فەیلەسوفە کۆمەڵە یارییەکی زمانەوانی باس دەکات، کە گوزارشت لە فرەیی بەکارهێنانە زمانەوانییەکان دەکات و ئەو شێوازە وابەستەگییەکەی بەگشتی لەئارادا هەن، ئەمانە لەوانەیە گرنگترینیان بێت:

١. فەرماندان و کارکردن بەپێی فەرمانەکان.

٢. بەرهەمهێنانی دانانی شتێک بەپێی چەند وەسفێک.

٣. وەسفکردنی شتێک بەگوێرەی ڕواڵەتەکەی، یان پێوەرەکەی.

٤. وەسفکردنی ڕووداوێک.

٥. خستنەڕووی چەند گریمانەیەک بەرانبەر بەم ڕووداوە.

٦. دارشتنی چەند گریمانەیەک و تاقیکردنەوەیان.

٧. نواندنی ئەنجامەکانی ئەزموونێک بەهۆی ئامرازی خشتەکان و هێڵکارییەکان.

٨. داهێنانی مەتەڵێک، خوێندنەوەیەک.

٩. نواندنی شانۆیەک.

١٠- گۆرانی وتن لە پێکهاتەی بازنەیەک.

١١. ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی مەتەڵ.
١٢. گاڵتەکردن، گێڕانەوەی مەتەڵێک.
١٣. وەرگێڕان لە زمانێک بۆ زمانێکی دی.
١٤. تکا، سوپاس، سڵاوکردن[١].

چەمکی یاری زمانەوانی لەگەڵ ڕەهەندی مرۆیی زماندا ڕاست و دروستی دەبێت، بەو حیسابەی چالاکییەکی ڕۆژانەی بەردەوامە و مەعریفەی مرۆیی لەڕێگەی ڕەوشی فۆرمەکانەوە دەستەبەردەکەن، کە ڕەوش و ڕێچکەی هەمووجۆر و تەواوکاران، تەنانەت دەتوانین زمان وا وێنا بکەین ـ بەگوێرەی قسەی ئەو ـ شارێکی دێرینە، یان ژمارەیەکی ناکۆتایی کۆڵان و ڕووبەر و خانووی کۆن و تازەیە، بێگومان لە چەند قۆناغێکدا هەر نەوەیەک شتی تازەیان خستۆتە سەری، کە هەموویان زنجیرەیەک گەڕەک و کۆڵانیان تیادایە، لە یەک ئاستن و بەجوانی ڕێکخراون و خانووی هاوشێوەیان لەخۆگرتووە.[٢] ئەم بۆچوونە پراگماتیکییەی زمان بەو حیسابەی چالاکییەکی

١- الجيلاني دالاش، مدخل في اللسانيات التداولية، ص٢٠.
٢- محمد أحمد نحلة، أفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر,(دار المعرفة الجامعة، الاسكندرية، د ط، ٢٠٠٢)، ص ٢٢.

کۆمکارانەیە هاوشێوەی یارییەکانی وەرزشە، ئەویش لەو ڕووەوەی بەکارهێنەرەکەی هاندەدات بۆ فێربوونی یاساکانی، بە شێوەیەک وای لێ دێت ببێتە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤدا.[1] هەروەها گرنگیدانی فەلسەفە بە توێژینەوەی یاسا زمانەوانییەکان هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەو ئاخاوتنانەی واتادارن لەو ئاخاوتنانەی تەنیا گەڕەلاوژەن و واقیعە بوونەوەرییەکە نایسەلمێنن.[2] کتێبی **(توێژینەوە فەلسەفییەکان)** باشترین نموونەن بۆ ئەو پێشڤەچوونە مەعریفی و میتۆدییەی لە هزر و بیریدا هەبوو، ئەویش بە بازدان لە پێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا، بەو واتایەی تەنیا ئامێرێکە لە ئامێرەکانی بڕیاردان لەسەر ڕووداوەکان، بۆ توێژینەوەی ڕواڵەتە گشتییەکانی وابەستەگی نێوان ئەو کەسانەی زمانەکە بەکاردەهێنن، ئەم بۆچوونە پراگماتیکیەش **(ولیەم جیمس)** و **(جۆن دیوی)**و...هتد[3] پێشکەشیان کرد. لە بواری شرۆڤەکردنیش ـ وەک وتمان ـ بۆ چەمکی یاری جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە زۆر گرنگە

---

١- يمنى طريف الخولي، فلسفة العلم في القرن العشرين، ص٢٦٧.
٢- يمنى طريف الخولي، فلسفة العلم في القرن العشرين، ص ٢٦٨.
٣- فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي، ص ٧٩.

له كاتی تێگەیشتنمان بۆ زمان لەو ئامانجە بکۆڵینەوە، کە مەبەستمانە لە بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو لە ئاخاوتندا لە حاڵەتێکدا بڕوانینە شێوازی ئەو پرۆسەیە، کە زمان بەهۆیەوە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا بەکاردەهێنین،[1] دەڵێت:((**ئەو واتایەی هەر تاکێک لە ئێمە بە وشەیەکیش بێت بە ئامانجی دەگرێت، بۆمان ڕوون نابێتەو،ە تەنیا لە ڕێگەی شتەکانەوە نەبێت، کە خودی ئەو زمانەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، یان جێبەجێ نابێت، واتە لە ڕێگەی ئەو هەڵوێستانەی لە دەوروبەری خۆیدا تەکتیکی ئەو دەربڕینەی تیادا بەکاردەهێنرێت، کاتێک مرۆڤ بیر لەو شتانەی کە دەیانڵێت دەکاتەوە، ئەوە لەو حاڵەتەدا ئەو شتانەی کە دەیانڵێت لە واتاکەدا مەبەستیەتی**))،[2] ئەمەش ڕەهەندی پراگماتیکی ئازاد زیاتر دەسەلمێنێت لە بواری بەکارهێنانی زمانەوانیدا (واتا بریتییە لە بەکارهێنان) (Meaning is use)[3]، لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە

١- فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي، ص ٨٠.
٢- فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي، ص ٨١.
٣- محمود فهمي زيدان، في فلسفة اللغة, ص ٥٦, هەروەها بڕوانە: فؤاد كامل وآخرين, الموسوعة الفلسفية المختصرة, (القاهرة، ١٩٦٣), ص٢١٢.

بکرێـت، کە زانینـی هەمەچەشـنەیی نێـوان یارییـەکان، وا دەکـات چەمکـی یـارییەکە بە خـۆی بەسـوود بێت، ئەویـش سـەبارەت بە دەرخسـتنی هەمەچەشنەیی و جیاوازییـەکانی زمان لە کاتی بەکارهێناندا.[١]

هەروەها (**ڤتجنشتین**) گرنگی ئەو یارییـانە لە فێربـوونی منداڵ بۆ زمانی زگماک دەخاتە ڕوو، چونکە لەژێـر تیشـکی ئەم یارییـانەدا منـداڵ چەنـد جارێـک وشـەکان دووبـارە دەکـاتەوە، سـەرباری ئەوەش ئەو شـتانەی وشـەکەیان بـۆ دەدرکێنێت لە یارییەکانـدا بوونیـان هەیە، ئیتـر بەم شـێوەیە واتاکانیان لە مێشکی فێرخوازی سـەرەتاییدا دەچەسپێت و ڕەگ دادەکوتێـت، جـگە لە چەمکـی یـارییەکە چەمکێکـی دیـکەش زیـاد دەکـات، کە ئـامڕازەکەیە (instrument)، ئەویش بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەمەچەشنەی ئەو ئامڕازانەی بوونیان لە سندوقەکەدا هەیە، واتە سندوقێکی ئامڕازەکانی یـــارییەکە هەمەجـــۆری بەکارهێنـــانە زمانەوانییەکـــانی وابەســـتەگی زیـــاتر بســـەلمێن و بچەســـپێن بە گـــوێرەی ئـــارەزووی خـــۆی، چـــونکە ئەو ئـــامڕازانە پێشـــوەخت شـــارەزایانە و دەیانناســـێت، هەروەک چـــۆن لە ژووری

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند فلاسفة اكسفورد، ص١٢٠.

کـۆنترۆڵی عەرەبانەیـەک ڕوودەدات، لەم حـاڵەتەدا تێبینـی دەکەیـن دەسـکێک هەیە هەر لەوانـی دی دەچێـت، بەڵام ئەوەی یەکەم کـارەکەی ئەوەیە قەپـاغەکە بکـاتەوە، ئەوەی دیکەش دەسکێکە کلیلی کارەباییە و دوو ئەرکی کاریگەری هەیە، سـێیەمیش بـۆ فۆرمـاتکردنی، کەچـی دەسـکەکەی چوارەم دەسکی ماتۆرەکەیە،[1] لە کۆتایشدا ئەگەر بپرسین بۆچی (**ڤتجنشتین**) گرنگی بە توێژینەوەی یارییەکانی زمان داوە، لە وەڵامدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کۆششێکی بێ وێنەی کرد بۆ ڕوونکردنەوەی واتا و دەرخستنی جیاوازییەکانی نێـوان ئاخـاوتن و واتـا و گەڕەلاوژە[2]، بێگومـان هـیچ واتـایەک نـاگرێتەخۆ، لەم بارەیەشـەوە دەڵێـت: ((**کاتێـک فەیلەسـوفەکان وشـەکانی (زانـین) و (بـوون) و (شـت) و (مـن) و (پـرس) و (نـاو) بەکـاردەهێنن و هەوڵ دەدەن کرۆکی مەسـەلەکە بزانن چییە؟ ئـەوە ئەوکاتە دەبێ هەر یەکێکیـان هەمیشـە لە خـۆی پرسـیار بکـات: ئایـا هەمـوو جارێـک وشــەکە بە شـێوەیەکی کردەیـی بەم شـێوازە لە**

---

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند فلاسفة اكسفورد، ص ١٢٣.

٢ـ مەبەست لـە گـەڕەلاوژە, قسـەی بێجـێ و قسـەی هـیچ و پـووچ و چەنەبازییە ـ وەرگێڕ.

**یـــاری زمانـــدا بەکاردەهێنرێـــت، بە شـــێوەیەک شـــێوە شـــــیاوەکەی خـــــۆی بێـــــت؟ ئەوەی ئـــــێمە دەیکەیـــــن دووبـــارەکردنەوەی وشـــەکانە لە کانگـــای بەکارهێنـــانە میتافیزیکییەکەی، تا دەگاتە بەکارهێنانی وشەکە لە ژیانی ڕۆژانەدا)).**[1] جگە لەمەش (**ڤتجنشتین**) وتویەتی؛ کە نابێ ئەو واتایەی دەستەبەربووە لەگەڵ ئەو واتایەی پێشبینکراو و خەملێنراوە تێکەڵ بکرێت، چونکە ئەمە واتای وایە ڕستە و قسە تێکەڵ دەکرێن، هەروەها ئەوە واتای ڕاستەقینەی ڕستەی دیاریکرد، کە دەکرێ لەناو جەرگەی چالاکی ڕۆژانەی یارییەکانی زمان ببینرێن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، دەربارەی یاساکەش دەبێ تەماشای ئەم چەمکە بکرێت لە ڕوانگەکانی کۆمەڵایەتی و جێگۆڕکێ و ڕستەسازییەوە، ڕووی یاسا کۆمەڵایەتییەکە لەوەدایە پەلمان دەکێشێت بۆ خاکیبوون و سازان، واتە بەکارهێنانی بەڵگەکان سەر بۆ یاساکە دادەنەوێنێت، چونکە یاسایەک و بەخشینی زانیارییەک، پاشان دەرکردنی فەرمانێک دێت و یاری شەترەنجیش هەموو چالاکین، واتە نەریت و دەزگاکان،[2] بۆچوونی ئەم زانایانە وای لێ تێدەگەین،

---

١- لودفيج فتجشتين، رسالة منطقية فلسفية، ص١٦٣.

٢- جيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ص١٨ – ١٩.

پێویستە هەر کەسێک بەشداری لە یاری زماندا دەکات، سەر بۆ یاسا سەرەکییەکان دابنەوێنێت، واتە سازانە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها نابێ هەندێک یاسای ناسەرەکی (یاسا تاکییەکان) نەزانێت، چونکە ئەوانە نموونەی چاکن بۆ ژمارەیەکی زۆری بارودۆخ و ئاخێوەران، کە دەرفەت بە فرەجۆری چالاکی زمانەوانی دەدات، هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە گومان مەسەلەیەکە لە یارییەکانی زماندا بوونی نییە، گرنگتریش ئەوەیە ئەزموون لە ئایندەدا پێچەوانەی ئەمە نەسەلمێنێت، ئەم یارییە زمانەوانییە وێنا بکە: **(کاتێک بانگت دەکەم، لە دەرگاکە وەرە ژوورەوە)**، لە هەموو حاڵەتە ئاساییەکانی ژیاندا وا پێدەچێ گومان بەرین دەرگایەک لەوێ نییە، ئەوە دەبێت جۆرێک لە ئەستەم، یاری زمانەوانی لە شێوەیەکی ژیان دەچێت، واتە یەک ڕێگا نییە بۆ بەکارهێنانی ڕستەیەک لە ڕستەکان، بەڵکو لێرەدا ژمارەیەکی بێشومار لە ڕێگا هەن **(فەرمان، وەسف، نواندنن، گۆرانی، گاڵتە، سوپاس، سڵاو...هتد)**، بەگشتی هەوڵەکانی ئەم زانایە لە بواری سرۆڤەکردنی چۆنێتی بەگەڕخستنی وشەکان لە ئەزموونەدا و ڕوونکردنەوەی پێشڤەچوونی یارییە زمانەوانییەکان لە پێشڤەچوونی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێت، بەم شێوەیە

ئەم گومانە چەند شێوازێکن بۆ ئەوەی منداڵان بەهۆیانەوە زمانی زگماکی خۆیان فێرببن و بزانن چۆن لەگەڵ کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەبن، هەروەها **(ڤیتجنشتین)** وابەستەگی لە جێگەی گوزارشتکردی دادەنێت، لە هەمان کاتیشدا جەخت دەکاتەوە سەر گرنگی بەکارهێنان، کە دەڵێت: **(ئایا ژیان چی پێشکەش بە هێما دەکات، هێما بە بەکارهێنان دەژییێت)،**[1] لێرەوە دەکرێ بڵێین مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە بەکارهێنانی وشەیەک لە ڕستەدا، بەڵکو پەیوەستە بە بەکارهێنانی ڕستەکان لە هەڵوێستە هەستپێکراوەکاندا، واتە هەڵوێستەکانی کار، چونکە مەبەست لە زمان تێگەیشتن و نواندن نییە، بەڵکو ئەنجامدانی چالاکی و کاریگەری کارە، ئەویش لەبەر ئەوەی بەبێ زمان ناتوانین کار لە خەڵکانی دیکە بکەین[2]، جگە لەمانەش دەتوانێ مورکی جەوهەری پراکتیزەکردنی تێکئاڵای گوتارەکان بدۆزێتەوە، یارییەکانی زمانیش هەمەکی گشتگیر و نامێژوویین، چەمکەکانیشی گرفتی فراوان پێکدەهێنن و لە ڕووی ئاوێتەبوونی زارەکییەوە لەناو پێکهاتەکانی زماندا نامۆن، ئەمیش بەگوێرەی قسەی

---

١- فرانسواز ارمنكو، المقاربة التداولية، ص٢٢.

٢- فرانسواز ارمنكو، المقاربة التداولية، ص ٢٣.

**(فرانسـيس جـاک ــ F.Jaque)** [١]، هەروەهـا لەم پـێگە مێـژووییەدا دەکـرێ ئامــاژە بە کۆششــەکانی هەریەک لە **(کارنــاپ ــ Carnap)**[٢] و **(بــاهو ســیا بارهیــل ـــ B.S.Barhil)** بکەیـن، **(کارنـاپ)** وا بڕیـار دەدات مـۆرکی پراگماتیــک پرســێکی پەراوێــزانەیە، هەروەک پێــی وایە پراگماتیک لە پێشـوودا زانستێکی ئەزموونی جیاکار بووە لەنێـوان هێماکــاری ڕووت و هێماکــاری وەسـفی لەگــەڵ ڕاگەیانــدنی تێنەگەیشــتنی پراگماتیــک ڕووت. هەمـــوو

---

١- فرانسواز ارمنكو، المقاربة التداولية، ص ٢٣- ٢٤.

٢- بـازنەی ڤیـەننا: یـانەیەکە لە کـۆمەڵە فەیلەسـوف و لـۆجیکزان و ماتماتیکزانــان پێکـدێن، کە هــەوڵیان دەدا بــۆ داهێنــانی زمــانێکی وەسـفکار و هـاوبەش بـۆ هەمـوو بـوارە زانسـتییەکان، بـۆ ئـەوەی دەرفەت بە ئەنجامـدانی شـیکردنەوەیەکی یەکـلاکەرەوە بـدات، ئەم کۆششـەش پەلیـانی کێشـا بۆ ئەوەی بڕواننە زمـان ـ بـابەت پـێش هەمـوو شـتێک ــ ئەویـش لەبەر ئەوەی (ڤتجنشـتین) وای دەبینـی بەکارهێنان واتای قسە دابین دەکات، پێش جەنگی دووەمـی جیهـان ئەنـدامانی ئەم یـانەیە وڵاتـی خۆیـان بەجێهێشــت و لە ئەمریکـادا جێگیربوون، ئەم یانەیە ئەزمـووگەریی لـۆژیکی داڕشت، کە بیـرۆکە ســـەرەکییەکەی لەســـەر ئەوە دەوەســـتێت، گرفـــت و پرســـە فەلسـەفییەکان بـۆ تـوێژینەوەی وێـنەی ڕسـتە لۆژیکییەکـان قـورخ بکات.

تــــوێژینەوەیەکی زمـــانەوانی و هەمـــوو تــــوێژینەوەیەکی ڕووداوەکـانیش لە وابەستەگیی بە زمـانەوە لەسـەر پـایەی پراگماتیـک دەوەسـتێت، هەروەهـا دەبینێـت شـیکردنەوەی فیزیۆلـۆجی دەوروبـەرەکان ئەنـدامە دەنگییەکـان و ئـامێری دەمـــاری لە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ چـــالاکییە زارەکییەکـــان یاسـایەک پێکـدەهێنن، چـونکە شـیکردنەوەی سـایکۆلۆژی پەیوەندییەکانی نێوان ڕەوشتی زارەکی و ڕەوشتەکانی دی و توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان بۆ واتا هەمەجۆرەکان لەگەڵ هەمـــان وشـــەکەدا جـــووتن لە لای زۆر لە تاکەکـــان و لە تــــوێژینەوە ئەنتۆلـــۆجی و سۆســـۆلۆژییەکانی شـــێوازی ئاخاوتن و هەمەجۆرییەکانی بەپێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تەمەنەکـــان و چیـــنە کۆمەڵایەتییەکـــان و تــــوێژینەوەی شـێوازە بەکارهێنراوەکـان لەلای زانایـان بـۆ تۆمـارکردنی ئەنجامی ئەزموونەکانیان .....هتد[1] بەکاردەهێنرێن، کاتێک بڕیـار دەدات پراگماتیـک یاسـایەکە بـۆ هەمـوو زمـانەوانی، ئـەوە سـەبارەت بەوە وانەیەکـی ئەزمـوونییە، کە بە لۆژیـک بەرهەڵستی دەکات، چونکە ڕێزمانی وەسـفی بـۆ واتاسـازی لەسـەر زانینەکـانی پراگماتیـک دادەمـەزرێنێت، واتاسـازیی وەسـفی **(تـوێژینەوەی ئەزمـوونی مـۆرکە واتاسـازییەکانی**

---

١- فرانسواز ارمنكو، المقاربة التداولية، ص ٣٤.

**زمانی مێژوویین)** بە بەشێکی پراگماتیک هەژماردەکرێت، کەچی لۆژیکزانەکان دەتوانن پراگماتیک بکەنە وانەیەکی شێوەیی بنەڕەتی.

**(بارهبیل)** لە وتارە پێشەنگەکەی خۆیدا، کە ساڵی (١٩٥٤) بڵاوی کردەوە، تێبینی ئەوەی کرد و کارناپ تاکە لۆژیکزانێکە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو زمانە دروستکراوانەی لۆژیکزانەکان توێژینەوەی لەسەر دەکەن، بە شێوەیەک لەگەڵ دەوروبەرە پراگماتیکییەکە دەبێت، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان هیچ گرنگییەکی نییە، هەروەها تێبینی ئەوەی کرد، کە **(کارناپ)** دوو ڕەهەندی لە یەکتر جیاکردۆتەوە لە دانەواندن بۆ دەوروبەرەکە، کە یەکێکیان بنەڕەتی نییە، ئەویش کاتێک دەوروبەری ورد دەچێتە دەرەوەی زمانەوانییەکانەوە و ئەم کۆت و بەندکردنە ڕاستەوخۆیەش لای لۆژیکزانەکانی دی تایبەتە بە زمانە نائاماژەییەکان، هەروەها گەشەکردنی تێبینیکراو لە ڕێزمانی لۆژیک و واتاسازی لۆژیکدا لەم دوو دەیەی دواییدا هیچ گرنگییەکی نەبوو، تەنیا بە شێوەیەکی سنووردار نەبێت، ئەویش لە بواری توێژینەوە هێماییەکاندا، بە پلەی دووەمیش لۆژیکی زمانە ناهێماییەکان بە لاواز هەژمار دەکرێت، چونکە پێویستە

ئەم واتـانە پـێش هەمـوو شـتێک گەشـەیان پـێ بـدرێت. دەشکرێ ئاماژە بە پرۆگرامەکەی (**هانسۆن ـ Hansson**) (١٩٧٤) بکرێـت، کە بە بەشـداریەکی گرنـگ دادەنرێـت لە بواری پێشڤەبردنی پراگماتیدا، ئەم زانایە یەکەمین زانـابوو کە هەوڵیدا بۆ یەکخستنی دەوروبەر لە پراگماتیکدا، ئەویش بە جیاکردنەوەی سێ پلە لە یەکدی، کە ئەمانەن: (١)

**١. پراگمـاتیکی پـلە یەک:** ئەم پراگمـاتیکە تـوێژینەوەی ڕەمزەکانە و ڕەچاوی قسەکەران و سنووررێژەکانی کەش و کـات دەکات و لەنـاو ئەم پراگماتیەکەشـدا (**پۆل کۆشـی**) تـــوێژینەوەیەکی هەیە جێـــی دەبێـــتەوە، هـــەروەها چارەســـەرکردنی ئەم ڕەمــزە هێماییـانە لای (**بارهیـل**) و هەوڵـە پوختەکـانی (**ڕسـل**)یـش بە هەمـان شـێوە جێیـان دەبێتەوە.

**٢. پراگمــاتیکی پــلە دوو: (واتــای پیتئاســا** و **واتــای وابەســتەگی)**، ئەم جـۆرە پراگمـاتیکە تـوێژینەوەیەکە بـۆ شـێوازی گوزارشـتکردنی پرسـەکان لە ڕووی بەسـتنەوەی بە ڕسـتە دەربـڕاوەکە لە حاڵەتـە گرنگەکانـدا، چـونکە ئەم پرسـەی گوزارشـتی لێکـراوە، واتـای پیتئاسـای ڕسـتەکە و

---

١- فرانسواز ارمينكو، المقاربة التداولية، ص ٣٨.

واتـای دەوروبـەرەکە لـە یـەکتر جیا دەکاتـەوە، کـە ئـەویش دەوروبـــەرە بە واتـــا فـــراوانەکەی لای (**ســـتالینکەر ـــ Stalinker**)، واتە بـــۆ ئەو گومـــان و پێشـــبینییەی لای ئـاخێوەران درێـژە دەکێشـێ لەم بوارەی پراگماتیکدا هەیە: (**گرتنـــەوە**) و(**واتـــای پیتئاسـا**) و (**واتـــای دەوروبـــەری**)، ئەویش بەگوێرەی تێڕوانینی (**سێریل**)، و واتـای پیتئاسـا و واتای بابەتیش لە ڕوانگەی (**دوکرۆت ـ Ducrot** )ەوە.

٣- **پراگمـــاتیکی پـــلە ســـێ**: ئەم جـۆرە تیـۆری کـــردە زمانییـەکان، لێرەدا مەسـەلەکەش پەیوەستە بە زانینـی ئەو شـتانەی ئەنجامـدراون، ئەویـش لە ڕوانـگەی بەکارهێنـانی هەندێک لە شـێوە زمانەوانییەکـان، کـردە زمانییـەکانیش لە ڕووی زمـــانەوە تۆمـــارکراون، ئەم شـــتەش لەم چەنـــد کۆپلەیەی داهاتوودا باسی دەکەین.

## تیۆری کرده قسەییەکان

### پەیدابوون و گۆڕان

فەیلەسوفەکانی (**کامبردیج**) لە بواری شیکردنەوەی گرفتە فەلسەفییەکاندا لە گۆشەنیگای زمانەوانییەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوون، پاشان سەنتەری شیکردنەوەکە بۆ (ئۆکسفۆرد) گوازرایەوە و شێوەیەکی تازەی بەخۆوە گرت، کە جەختی لەسەر شیکردنەوەی زمانی بەکارهێنراو دەکردەوە کە شێوازێک بوو لە (**جیلبرت ڕایل ـ J.Rail**) و (**ئۆستن ـ Austin**) و (**پیتەر ستراوسن ـ Straosin**) کاری پێکرا[١]، وەک گونجاندنێک لەگەڵ پلانی توێژینەوەکە، ئەوە جەختکردن لەسەر وەسفکردنی تیۆری کردەکانی ئاخاوتن لای (**ئۆستن**)، کە وێستگەی دووەمی تەوژمی شیکردنەوەیە لە توێژینەوەکەیدا، کە لە بواری وێنەکانی بەکارهێنانی زمانەوانی ئەنجامیدا، ئەویش دوای دەربازبوون لە کۆت و بەندەکانی (لۆژیک)، کە دامەزرێنەرانی یەکەم دایانڕشت، تا

---

١- يمنى طريف الخولي، فلسفة العلم الحديث، ص ٢٨٨.

تـویێژینەوەی ئاخـاوتنی خەڵکـی بە گشـتی و شـیکردنەوەی بەبــێ پشتبەســتن تــەنیا بە گوزارشــتە زانســتییەکان، باسکردنی **(ئۆستن)**یش بەتایبەتی لەبەر ئەوە دێت، چونکە لەژێــر کــاریگەری **(ڤتجنشــتین)** وەڵامــی فەیلەســوفە (دانراوخوازەکــان)ی دایــەوە، ئەویــش لەو وانــانەی لە (ئۆکسـفورد) لەنێوان سـاڵانی (١٩٥٢ ـ ١٩٥٤) وتویەتـەوە، جــگە لە وانەی دی لە (هارڤــارد) ســـاڵی ١٩٥٥، کە کۆکەرەوەکەی ئەم وانانە ناوی **(ئارمسون ـ Ermsson)** بـوو، سـاڵی (١٩٦٠) ناونیشـانێکی جیاکـاری بـۆ دانـا بە ناوونیشـانی: **(ئایـا چـی بە وشـەکان دەکەیـن؟)** و گرنگـی ڕەتکردانەوەکانیشـی لەوەوە سـەرچاوە دەگرێت، کە زمـان تەنیا وەسـفێکی ڕووتـی ڕووداوە دەرەکییەکـان و گوتـەکان و دارِشــتنەکانی درۆ و ڕاســت هەڵــدەگرن، ئەویــش لە ڕوانــگەی هاوشــێوەبوون یــان هاوشــێوەنەبوون، ئەم هەڵوێســتە فەلســەفییەش بە هەڵەیەکــی وەســفی دادەنــا بەتـایبەتی ئـەگەر بـڕوانینە ئەو ڕێـژە زۆرەی دەربـڕین و گوزارشتەکان، کە جیهان وەسف ناکەن و ڕاستەقینەکانیش ناچەسپێنن، بەڵکو کارێک ئەنجام دەدەن و کردەیەک تۆمار دەکەن[1]، باســکردنی زمــان لەلایەن **(ئۆســتن)**ەوە و لە

---

١- محمد أحمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، ص ٢٢٠

ڕوویەکی ئەزموونییەوە ئەنجامیدا و پەلکێشی کرد بۆ ئەوەی بە شتێکی بەستراوی بە سروشتی مرۆییەوە هەژماری بکات، ئەویش لە دوو لایەنی سەرەکی: هێزی داهێنان و توانایی ئاوەزیانە(ئەقڵیانە)، کە نەخشەی بنیادی جیهان کۆنترۆڵ دەکات.[1]

پێش باسکردنی تیۆری کردەکانی ئاخاوتن و پێشڤەچوونەکانیان، پێویستە تیشک بخەینە سەر میتۆدی پراگماتیک لە بوارە زمانەوانییەکاندا، تا خوێنەر ئەو توخمانەی دەوروبەر بزانێت، کە بۆچوونە زمانەوانییەکان لەخۆیانی دەگرن، کە تیۆری کردەکانی ئاخاوتن پشتیان پێ دەبەستێت. **(ئۆستن)** دوو جۆر کردەی جوداکردەوە[2]:

---

٤٣, هەروەها بڕوانە: محمد أحمد نحلة، نحو نظرية عربية للأفعال الكلامية، مجلة الدراسات اللغوية, الرياض، ١/ ١٦١، ١٩٩٩, هەروەها بڕوانە:

Francois Recanati, naissance de la pragmatique, in quand dire cest faire, p185.

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة اكسفورد، ص١٤٣.

2 -acte de parole, on appellee acte de parole lenonce effectivement realize par un locuteur

١ـ کـردەی هەواڵیـی ڕاپۆرتیانـەی وەسـفی، کە دەکرێـت بڕیار لەسەر ڕاست یان درۆیان بدرێت.

٢ـ کردەی چالاکیی ڕاپەڕاندن، دەکرێ سـەرکەوتوو بێ یان سەرکەوتوو نەبێت، وەک (ناوزەدکردن) و (وەسـیەت) و (پۆزش) و (مەرج) و (ئامۆژگاری) و (پەیمان)، پێویستە ئەم کـارە چالاکییـانە کـۆمەڵە مەرجێـک جێبەجـێ بـکەن تـا سـەرکەوتوو بـن، **(ئۆسـتن)** بـە سـەر دوو جـۆر دابەشـیان دەکـات، کە ئەمـانەن: مەرجە پێکهێنەرییەکـان (گونجـان)، دەکرێ بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١ـ بوونی ڕێوشوێنێکی عورفی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندکراو بێت، وەک هاوسەرگیریی و تەڵاقدان.

٢ـ ئەم ڕێوشـوێنە چەنـد وشـەیەکی دیـاریکراو زامـن دەکـات، کە لە لایەن چەنـد کەسـێکی دیـاریکراو لـە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەدرکێنرێن.

٣ـ ئەو کەسـەی ئامـادەکراوە دەبـێ توانـایی کـارەکەی هەبێت و جێبەجێکردنیشی ڕاست و دروست و تەواو بێت، سـەبارەت بە مەرجە پێوەرییەکـانیش بـۆ جێبـەجێکردنی کـارەکە پێویسـت نین، بەڵام تەواوکـارن بۆ جێبـەجێکردنی

---

determine dans une situation donnee, dictionnaire de linguistique, p8.

کارەکە، ئەویش بۆ جێبەجێکردنی وێنە نموونەییەکەی، کە هیچ خەوش و نەنگییەکی نەگرتۆتەخۆی، کە ئەمانەن:[١]

ا ــ بەشداربووی کارەکە دەبێت لە هزر و بۆچوون و نیەت و هەستەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

ب ــ خۆی پابەند بکات بەو شتانەی، کە خۆیان پێ پابەند دەکات، بەڵام ئەم دابەشکردنە (ئۆستن)ی پێ قایل نەبوو، کە بینی جۆرێک لە تێکەڵکێشی لەئارادا هەیە لەنێوان هەردوو جۆرەکە لە ئاستی پراگماتیکی زمانەوانی، ئینجا بۆ هەمووارکردنی بۆچوونەکەی دەستی دایە شیکردنەوە و وەسفکردنی بونیادی خودی کردەی ئاخاوتن و لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت، کە لە سێ بەش پێکدێن، کە ئەمانەن:[٢]

**أ ـ کردەی دەربڕین(واژە) (acte locutoire)**

ئەم کردەیە لە سیستەمی دەنگە دراوەکان لە زنجیرەی قسەیی بەپێی نووسینی ڕێزمان پێکدێت، کە واتایەک جێبەجێ دەکات بۆ سەرچاوەیەکی ناسراو بگەڕێتەوە.

---

١- صلاح اسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة اكسفورد، ص١٤٣.

٢- عبدالقادر قنيني، أوستن ـ نظرية الافعال الكلام، (الدار البيضاء, دار افريقيا الشرق، ١٩٩١)، ص١٢٣.

ب ـ کردەی ڕاپەڕاندن (acte illocutoire)

واتای سەربار نوێنەرایەتی دەکات، کە لە پشت واتا بنەڕەتییەکەوە، یان واتا پیتئاساکەوە جێبەجێ دەکرێت(لەناو گوتەکەدایە).

ج ـ کردەی پاشکار (acte perlocutoire)

(لە گوتەکەوە پەیدا دەبێت)، ئەو شوێنەوارەیە، کە کردەی ڕاپەڕاندن لە لێبوردندا دروستی دەکات، ئینجا چ ڕەوشتی دیار یان زمانەوانی بێت، **(ئۆستن)** تیڕوانینی خۆی ئاراستەی کردەی ڕاپەڕاندن کرد، چونکە بە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی زمانەوانی دادەنرێت، جگە لەوەش دەستی کرد بە گەڕان بەدوای چەند جۆرێک لێی دەربچن، ئەویش لەژێر تیشکی پێوانەی هێزی ڕاپەڕاندن بۆ کردەی جێبەجێکراو، (La force illocutoire)، لە خوارەوەشدا نەخشەیەکی گشتی دەخەینەڕوو، کە گرنگترین ئەو جۆرانەی تیادا ڕوون دەکەینەوە **(ئۆستن)** پێیانگەیشتبوو:[١]

---

١- صلاح اسماعیل عبدالحق، التحلیل اللغوي عند مدرسة اکسفورد, ص ٢٢٢.

| **حوکمدان** | **بڕیاردان** | **پەیماندان** | **ڕەوشت** | **ڕوونکردنەوە** |
|---|---|---|---|---|
| بڕیـــاری | دەرفەت | پەیمان | پۆزش | ڕەخنە |
| دادوەر، | دەرکردن | دڵنیایی | سوپاس | گومان |
| دادگا | دامەزراندن | گرێبەست | دڵنەوایی | ڕەتکردنەوە |
| | بێبەشکردن | سوێند | هەڕەشە | ڕەزامەندی |
| | | | | ڕاستکردنەوە |
| | | | | هەڵەزانین |

## پێشکەوتنی تیۆری ڕاپەڕاندن لەگەڵ ج. سیریل(Searle)

ئەگـەر پێشـتر دامەزرانـدنی تیـۆری کـردەی ئاخـاوتن چاکەکەی بۆ (**ئۆستن**) بگەڕێتەوە، ئەوە (**سیریل**) ڕۆڵێکـی گرنگی هەیە لە پێشڤەبردنی چەمکێکی گرنگی وەک کردەی ڕاپەڕانـــــدن، لەو ڕووەی یەکەیەکـــــی بچــــووکە لە پەیوەنـدیکردن و شـیکردنەوەی زمـانەوانی،[1] و چەمکـی هێزی ڕاپەڕانـدن و دەرخستنی بەڵگەی هێزی ڕاپەڕاندن، کە لە سیستەمی بونیادی ڕستە و هێز و ئاواز و هێماکانی خاڵبەنــدی و شـــێوازی کـــار و کـــردەی جێبـــەجێکردن بەرجەســـتە دەبێـــت، بەڵام مەرجەکـــانی گونجانـــدن، کە (**ئۆســـتن**) دایڕشـــتووە، ئـــەوە (**ســـیریل**) جـــارێکی دی دایڕشتەوە و کردیانی بە چوار مەرج، کە ئەمانە بوون:

**١ـ مەرجەکـانی نـاوەڕۆکی پرســەکە (contenue propositionnelle)**

پێویسـتە ئاخـاوتن واتـایەکی پرسـانە لەخـۆ بگرێـت، کە لەســـەر پـــایەی ســـەرچاوەیەک و قســـەکەرێک(هەواڵ)ێک

1-Leech,G.thomas, language, meaning and context, pragmatic, in London, and Newyork, p 177.

بوەستێت و ناوەرۆکی پرسەکەش، بریتییە لە واتا بنەڕەتییەکەی ڕستەکە.

**٢ـ مەرجی سەرەتایی (preparatoire)**

ئەم مەرجە بە توانایی ڕاپەڕاندنەوە بەندە لەسەر ئەنجامگەیاندنی کردەکە لە کاتی ئەنجامدانی کردەکە، بەڵام لای هەردوو لایەنەکە ئەوە ڕوون نابێتەوە، کە ڕاپەڕاندنەکە دەگاتە ئەنجام یان نەء.

**٣ـ مەرجی دڵسۆزی (sincertive)**

پێویستە بکەرەکە لە قسەکەیدا دڵسۆز بێت و لافی ئەوە لێنەدات توانایی ئەنجامدانی ڕاپەڕاندنەکەی هەیە بەبێ توانایی ئەو کارە.

**٤ـ مەرجی بنچینەیی (essentielle)**

هەوڵی قسەکەر بۆ تەواوکردنی کردەی پاشکارەکە لە لێبووردەیی، بۆ ئەوەی کردەکە بە ئەنجام بگەیەنێت. **(سیریل)** لە پۆلینکردنەکەی **(ئۆستن)** سوودی بینی لە بواری کردەی ڕاپەڕاندندا هەروەک ئاماژەمان پێدا، ئەویش لە ڕوانگەی مەبەستی ڕاپەڕاندن و مەرجی دڵسۆزی و

ئاراستەی هاوشێوەکردن، کە کردیانە پێنج جۆری سەرەکی، هەروەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:[١]

| ڕێنماییکردن | نواندن | پابەندبوون | هەست دەربڕین | ڕاگەیاندن |
|---|---|---|---|---|
| فەرماندان<br>ئامۆژگاریی<br>نەوازش<br>هاندان<br>شلّەقان<br>داواکارییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە | وەسف<br>بڕیاری<br>ڕووداوەکە<br>وەکخۆی<br>(ڕاست/ درۆ) | بەڵێن<br>وەسیەت | سوپاس<br>دەستخۆشی<br>پۆزش<br>دڵنەوایی | ڕاگەیاندنی جەنگ/ ئاگربەست |

١- ئەگەر کردەکە ئاڕاستەیەک لەسەر پایەی ئاڕاستەی هاوشێوەبوون لە جیهانەوە بۆ وشەکان بوەستێت، ئەوە هەواڵەکان لە وشەکاندا بۆ هەموو جیهان ئاراستەی دەبێت، بەڵام لە پابەندبوونەکان ئەوە هاوشێوەبوون لە جیهان بۆ وشەکان، یان ئەگەر لە گوزارشتەکاندا بێت، ئەوە پێویستیمان بە ئاڕاستەی جێبەجێکردن نابێت و وەرگرتنیش دەمێنێتە سەر مەرجی دڵسۆزی، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکاندا پشت بە جێبەجێکردنی جیهان بۆ وشەکان دەبەستێ و لە وشەکانەوە بۆ جیهان پشتی پێ دەبەستێت، بڕوانە: محمد أحمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، ص ٤٩.

هەروەهـــا جیاکـــارییەک دەکـــات لە نێـــوان کـــردەی ڕاپەڕانـدنی ڕاسـتەوخۆ، کە هاوشـێوەبوونی نێـوان واتـای قســەیی و واتــای گریمــانەیی ئەنجامــدەدات، و کــردەی ناڕاسـتەخۆ، کە لەگـەڵ مەرامـی قسـەکەرەکە پێچەوانەیە و خواستی کردەکە لەخۆدەگرێت،[1] لەم حـاڵەتەدا گوێگرەکە توانـایی دەبێت لەسـەر تێگەیشـتنی مەبەسـتی نـاوەرۆکەکە، کـــە لە ســـتراتیژیەتی هەڵهێنجـــانی دەســـتدەکەوێت، کە **(گــرایس)** بە شـێوەی:**(بنــەمای هاریکــاری)** گوزارشــتی لێکردووە. ئەوەی دەکرێ لێرەدا جەخت بکەینەوە سـەری ئەوەیە، فرەیی پێناسەکانی کردەی قسەییە، کە بۆ جیاوازی سەرچاوە ئەپستمۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە، کە توێژەران بۆ ئەنجامــــدانی توێژینەوەکانیــــان لـــــەو ســــەرچاوانە وەریــانگرتوون، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەوەی ڕێککەوتــووین لەسـەری ئەوەیە، فێربـوونی زمانێـک، یـان قسـەکردن پێـی، واتـــای پراکتیزەکردنـــی کـــردەی زمـــانییە، لەنێـــوان قسەکەرانیشـدا بەکارهێنـانی زاراوەی کـردە قسـەیی بـاوە، هەرچەنـدە ئەم نـاوزەدکردنە بـای خـۆی جەربەزەیـی و تەمومژیی لەخۆدەگرێت، ئەویش لە ڕووی پەیوەستبوونی قســە بە ڕواڵەتە مـاددییە دەنگیـیەکەیەوە، **(جـۆن لیـۆنز ــ**

---

[1] -Leech, language, meaning and context, p191.

**J.Lyons)** ئەوە بە گرنگ دەزانێت، کە پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە کردە قسەییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی قسەیی و ڕاپەڕاندنی نووسین گشتگیرە،[1] هەروەها کردەی زمانی تەوەری گرنگیپێدانی توێژینەوەکانی دەقە، چونکە دەکرێ جەخت لەسەر چەند شتێک بکرێتەوە، یان چەند فەرمانێک بدرێت، یان چەند پرسیارێک بوروژێنرێت، یان چەند پەیمانێک ئەنجام بدرێت.. چەندەها کردەی پراگماتیکی دیکە ئاماژەی پێ بکرێت، کە جەخت دەکەنەوە سەر شرۆڤەکردنی دەقەکان، بەوەی کردەکانی زمانن، وەک پەیماندان و هەڕەشەکان و پرسیارەکان و داواکارییەکان و فەرمانەکان. بە گوزارشتێکی وردتر دەکرێ بڵێین پراگماتیک زۆر لە بابەتەکان بۆ کاری زمانەوانی دەگوازێتەوە، بگرە پراگماتیک لە بنەڕەتەوە هاوشێوەی تیۆری کردە قسەییەکان بوو، جێگەی سەرسوڕمانیش نییە **(ئۆستن)** بە باوکی ئەم تیۆرە دابنرێت، هەرچەندە پێکهاتەی فەلسەفی لەخۆگرتووە، کە ڕووبەرێکی زۆری

---

١- محمد أديوان، نظرية المقاصد بين حازم القرطاجني, نظرية الأفعال اللغوية المعاصرة, (كلية الآداب ـ جامعة الرباط، المغرب، مجلة الوصل, معهد اللغة وآدابها, تلمسان، العدد الأول )١٩٩٤، ص٣٩.

بـــابەتە زمانەوانییەکـــانی ڕووپۆشـــکرد.[1] جێگـــەی ئاماژەکردنیشە کردەی زمانەوانی پەیوەندییەکی پتەوی بە **(مەبەست)**ەوە هەیە، بێگومـان **(مەبەست)**یـش لە بـواری توێژینەوەی پراگماتیکی هاوچەرخدا گرنگییەکی بێ وێنـەی پێدراوە، چونکە ئەم توێژینەوانە مەسـەلەی مەبەستەکان و نیازەکـــان لە گوتـــاری ئەدەبـــی و زمـــانەوانی بەگشـــتی خستەڕوو، ئەویش لە بواری توێژینەوەی پرسـەکانی کردە زمانەوانییەکـان، کە پرسـێکن لەنـاو بونیـادی تـوێژینەوەن دەربـــارەی مەبەســـتەکانی قســـەکەر لە بـــواری گوتـــاردا، بێگومـــان مەبەســـتەکان لەگـــەڵ جیـــاوازی نیازەکـــانی قســـەکەران جیـــاواز دەبێـــت و بە گـــوێرەی دانـــراوی دەوروبـــەرەکانیش جیـــاواز دەبـــن، کە گوتارەکەیـــان دەدۆزێتەوە.[2]

کـــردە زمانییەکـــان لەم ڕووەوە بە تـــوێژینەوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ توێژینەوەی مەبەست و نیازەکانی قسـەکەر، مەبەسـت ئامـانجی کـردەی زمـانی دەستنیشـان دەکـــات، جـــگە لەوەش مەبەســـت ئامـــانجی نێـــرەرەکە دەردەبڕێت، کـە نـاردنی کـردە زمانییـەکان دیاری دەکـات،

١- محمد احمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، ص٤١.
٢- محمد احمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر،ص ٣٨.

ئەمەش یارمەتی وەرگرەکە دەدات بۆ ئەوەی لەو شتانە تێ بگات کە بۆی دەنێردرێت. ئیتر بەم شێوەیە مەبەست و نیاز دەبنە داخوازییەکی سەرەکی و مەرجێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی کردەی زمانی، کە پێویستە جێبەجێکراو و هێمایەک بێت بۆ واتایەک، ئینجا گەڕان بە دوای ئەم مەرجانە بە ئەرکە سەرەکییەکانی پراگماتیک هەژمار دەکرێت، کە باز لەسەر ئەمە دەدات بۆ سازدانی تویژینەوە لەو جیاکارییە داواکراوانەی ڕستەکاندا، تا بتوانین وەک کردەی زمانی بەکاریان بهێنین، بۆ نموونە داواکردن زۆر جار بە شێوازی پرسیار دادەڕێژرێت: ((**ئایا دەتوانیت قەڵەمەکەتم بدەیتێ؟**))، ئینجا بۆ ئەوەی قسەکردن لەبارەی کردەکانی زمان پڕ بەپێست بێت و هەموو لایەنەکانی تیادا بێت، پێویستە باس لە هەوڵەکانی هەریەک لە (**ئۆستن**) و (**سیریل**) بکەین، چونکە هەوڵەکانیان لە بواری بازنەی پراگماتیک گرنگ و کاران، لەوانەش تویژینەوەی بنەڕەتی بۆ کار و پڕۆژە شیکردنەوەکانیان، ئەوە کارەکانی هەر پەیوەست بە داڕشتن و نووسینەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە بوارەکانی ئاخاوتن و قسەی هەمەجۆرەوە هەیە، وەک پرسیار و بڕیاردان، بە هەمان شێوەش باس لە کۆمەڵە

ئامرازێـک دەکـات، کە لای قسـەکەران هەیە، بـۆ ئەوەی وابەستەگی بکەن لەنێوان خۆیان و کردە قسەییەکان چ بە ڕاستەوخۆ و چ بە گۆتنەوە ڕابگەیەنن، یان ڕوونتر بڵێین کردەی قسەیی شیبکرێتەوە، ئەویش بە دۆزینەوەی نیاز یان مەبەستە پەخشانئامێزەکە، کە قسەکەر بە گوێگرەکە دەیگەیەنێت، بێگومان پێویستە بەرانبەر ئەمە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی تیۆری کردە زمانییەکان بکەین، ئەویش لە قۆناغە مێژووییە جیاکاندا، چونکە ئەم سەرەتایانە بە توێژینەوەی پرسە لۆژیکەکانەوە پەیوەستە لە چوارچێوەی توێژینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لەگەڵ فەیلەسوفەکانی یۆناندا، بە تایبەتی **(ئەرستۆ)** ( لەم چەرخەشدا **کانت** بەتایبەتی) شێوازی هەواڵگەیاندن کەوتە ژێر فشاری ڕەخنەوە، کە بە گوێرەی ئەو ڕەخنانە کۆمەڵە ڕستەیەک هەن ئەم شێوازە هەڵدەگرن، بەڵام درۆ و ڕاست وەرناگرن، ئیتر بەم جۆرە لە بواری لۆژیک و فەلسەفە دەردەچێت و ئەنجامی ئەو ڕەخنەیەش وای لێدێت ئاراستەی دانراوی جەختی لەسەر لادانی بەشێکی زۆری ڕستەکان دەکرد، کە درۆ و ڕاست وەردەگرن، لەوانەش فەیلەسوفی ئینگلیزی **(ئۆستن)** لەگرنگترین ئەو توێژەرانە بێت کە هەوڵی بێ وێنەیان لەم بوارەدا دابێت، چونکە

توانی جیاکردنەوە ئەنجام بدات بۆ جۆری ئەو ڕستانەی شێوازی هەواڵگەیاندن لەخۆ دەگرن، کە درۆ و ڕاست پەسەند ناکەن،[١] بۆیە ڕستەی هەواڵگەیاندنی بۆ دارِشتن و وەسفی دابەشکرد، لەم پۆلێنکردنەشەوە بۆ بەشەکانی ئەم ڕستە ئینگلیزییانە هەنگاوی نا: **فەرماندان، پرسیاری، هەواڵگەیاندن.** ڕستەکانی ئینشائی لای ئەو واتای (کار) هەڵدەگرێت، واتە (کار)ی بە مەبەست گرتووە، کەچی مەبەست لە ڕستە وەسفییەکان وەسفکردنە، هەروەها تێبینی کرد، کە ڕستەکانی ئینشائی لە ڕێزمانی ئینگلیزی (کار)ێک دەگرێتەخۆ، کە شێوازی ڕانەبردووی بکەردیاری قسەکەری تاکە، جگە لەوەش بڕیاری وەسفئاسای ڕاست و هەڵەکانیش لەخۆدەگرێت ـ لەجیاتی دەربڕینی ـ ڕاست و درۆ ـ لەگەڵ دابەشکردنی ڕستەی ئینشائی ـ کە تێبینی کرد هەندێکیان (کار)ەکەی لەخۆناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا

---

١- محمد أحمد نحلة, نحو نظرية عربية للأفعال الكلامية, مجلة دراسات اللغوية, الرياض, مجلد١٠, عدد١٠, ١٩٩٩, ص ١٦١, هەروەها بڕوانە:
Austin, quand dire cest faire, paris, le seuil, 1970, p109.

دەربڕینی ئەو شێوازە واتای ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو نەک وەسفێک، کە هاوکێشەی درۆ و ڕاست پەسەند بکات، بۆ ئەم دوو شتە پۆلێن دەبێت:

١ـ ئینشائی یەکەمین
٢ـ ئینشائی ڕاستەوخۆ

بەڵام ئەم پۆلێنکردنەی **(ئۆستن)** بۆ ڕستە ئینشائییەکان داینا، بە جۆرێک لە ئاڵۆزی و تێکەڵکێشی بەخۆوە بینیوە لەنێوان ئەو ڕستانەی ڕاستی وەردەگرن بەو شتانەی خودی ڕاستییەکە وەرناگرن. بەهۆی ئەو شتانەی ئاماژەمان پێدان، تێبینی دەکەین ئاراستە زمانەوانییەکەی لە بواری توێژینەوەکانی پراگماتیک و ڕێچکە تایبەتەکەی وایدەبینێت، کە ئەرکی زمان بەکارهێنان و ئەنجامدانی کۆمەڵە کردەیەکی زمانییە، وای لێکردووە لە ئاستی ڕستەکە بترازێت، ئەو تێڕوانینەش پێی وایە ڕستە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی مرۆیی، هەروەها وای دەبینێت کۆمەڵە کردەیەکی زمانین، بەوەی بچووکترین یەکەی پەیوەندیکردنە، ئەم ئاراستەیەش بە ئاراستەی **(ئۆستن)** ناوزەند کرا، ئیتر لێرەوە ئاراستەی **(ئۆستن)** لە توێژینەوەی زماندا بۆ سێ لق دابەشکرا، کە ئەمانەن:

أـ توێژینەوەی کارەکان لە خودی خۆیاندا.

ب ـــ تـــویژینەوەی کارەکـــان لە ڕێگـــەی قســـەکردن و شـــێوازی قســـەکەرەکە لە گوزارشـــتکردن و دەربڕینـــی واتاکـانی نـاو دڵ و دەروونـی، بە شـێوەیەک ئـاخێوەرەکە توانـــایی تێگەیشـــتنی مەبەســـتەکەی هەبێـــت، ئەویـــیش بە بەکارهێنانی چالاکی دیاریکراوی مێشک، ناسراوترین کەڵـە زانایانی ئەم بۆچوونەش (گرایس)ە.

ج ـ تـویژینەوە لـە نـاوەرۆکی گوتـەکان و پێشـگریمانە و مشتومڕ، و ناودارترین کەڵە زانای ئەم ڕێبازەش **(دی کرۆ ـــــ Ducro)** [1] بـــوو، لە دەرەوەی ئەم ئاراســـــتەیەش تەوژمێک سەری هەڵدا، کە کۆمەڵە تویژەرێکی دەگرتەخۆ، کە لەژێـــر کـــاریگەریی تویژینەوەکـــانی (**بنڤنیســـــت ـ I.Binveniste**) و (**جاکبسۆن ـ R.Jacobson**)دا بوون، بە پلە یەک گرنگی بە تـویژینەوەی گوتـار دەدا، هەروەهـا کـۆمەڵە قوتابخـانەیەک ســـەریان هەڵـدا، کە گرنگییـان بە تـویژینەوە ڕێزمانییەکـان دەدا، هەنـدێکیان لە ئینگلـتەرا و هەندێکی دیکەشیان لە (ئەمریکا) دروست بوون، قوتابخانە ئەمریکییەکـان زۆربەی زۆریـان لەژێـر کـاریگەری بزاوتـە

---

١- عبدالقادر المهري و محمد الشايب و محمد عجينة، أهـم المدارس اللســانية, منشـورات المعهـد القـومي التربيـة، ط١، تـونس، ١٩٩٣، ص٩٦.

لۆژیکیەکانــدا بــوون، کە ئەوکــاتە ســەریان هەڵــدا، جــگە لەمەش جۆرێکی دیکە لەم قوتابخانانە خاوەنەکانیان لەژێر کاریگەری توێژینەوەکانی (**سیریل**)دا بوون، کە یەکێک بوو لە پێشــەنگەکانی دارێــژەری تیــۆری کردەکــانی زمــان، ئەم زانایە سەبارەت بە (کردەکانی ڕاپەڕاندن) بە هەمان شێوە هەواداری بۆچوونەکــانی (**ئۆســتن**) بــوو، کە پێــی وابــوو نــاکرێ کــردەی زمــانی ئەنجــام بــدرێت، مەگەر لە ڕێگــەی پەیوەنــدییەکانی بە پارچەکــانی دیــکەی ڕســتەکە، یــان دەقەکەوە بێــت، کەچــی (**ســیریل**) هەنــدێک ڕەخــنەی ئاراســتەی توێژینەوەکــانی (**ئۆســتن**)کــرد، دەربــارەی ئەو کەموکووڕییانــەی لە کــردە زمانییەکانــدا هەیە، کە لەســەر بنەمــای ڕوون دانەمەزرابــوون، جــگە لەمەش ڕەخــنەی ئاراســتەی ئەوە کــرد، کە کــۆمەڵە تێکەڵکێشــیەک لەنێــوان کۆمەڵێــک کــردەی زمانیــدا هەن، ئەویــش لەبەر نەبــوونی بنەمــایەک، کــە لە ڕێگــەیەوە ئەم کردانــە دابەش کــران، بە هەمــان شــێوە هــەوڵەکانی (**ئۆســتن**) لەم بــوارەدا بــۆ تــوێژینەوەی دەربڕینــەکان بــوو نەک کردەکــان، واتــە تــوێژینەوەی دەربڕینــی کــردەکە نەک خــودی کــردەکە لە ڕووی بــزاوت و مــاددییەوە، ئەمەش ئەو چەمــکە بــوو (**ســیریل**) ئامــاژەی بــۆ کردبــوو، ئەویــش کاتێــک جەختــی

دەکــردەوە ســەر بنجــی گــرفتەکە لە دابەشــکردنەکەی (**ئۆســتن**)، کە دەیـوت گرفتـی ئەم دابەشـکردنە ئەوەیە، لە پرۆسـەیەکی دابەشـکردنی دەربڕینـەکانی ئەم کـردانە پێـک دێـت، کە بـۆ واتـا لەسـەر کـردە قسـەییەکان دانـراوە و تێڕوانینێک نییە بۆ خودی ئەو کردانە، ئیتـر توێژینەوەکانی (**ســیریل**) لەم بــوارەدا زۆر بە گرنــگ و کــارا هەژمــار دەکرێـت، ئەویـش لەم ڕووەوە تیـۆری کـردە قسـەییەکان دروسـت نـابێ، مەگەر بە گەڕانەوە نەبێت بـۆ کـارەکە، لەم ڕوانگـەوە دەسـتیکرد بە شـیکردنەوەی کـردەی زمـانی بـۆ چەند هێزێک لەناو گوتەکاندان، هەروەها لێرەوە دەستیکرد بە جیاکردنەوەی کردەی گوتـە لەگەڵ ئەو کردەیەی لەنـاو گوتـــەکەدایە، ئەمەش گرنگتـــرین ئەو شـــتانەیە لە کـــارە زمانییەکەی (**سیریل**)دا هاتوون لە بواری تیۆری کردەکانی ئاخـــاوتن، هەروەهـــا هەمـــوو ئەو فـــاکتەر و مەرجـــانەی دەستنیشـانکرد، کە بەشـداریيان لە سەرخسـتنی کـردەی زمانیدا کردووە، ئەم مەرجانەش بە میتۆدێک لەقەڵەمدا، کە لەسـەری ڕۆیشـتن بـۆ دەستنیشـانکردنی کردەی نموونەیی سـەرکەوتوو، کە بەم شـێوەیەیە: ئەم گریمـانەیەی لەنـاو گوتە و ڕەهەندی ڕاپەڕاندن و پلەی توندی ئەو مەبەستەی لەنـاو گـوتەکە و مەرجـی نـاوەرۆکی پرسـەکە و مەرجـی

ئامادەکراو و مەرجی ڕاستەوخۆ و پلەی هێزی ناو مەرجی ڕاستەوخۆدایە:[1]

**کردەی ڕاپەڕاندن**

ڕاپەڕاندنی کردەیەک لە کردەکانی زمان لە ڕێگەی درکاندنی ڕستەیەک، یان کۆمەڵە ڕستەیەکەوە دەبێت، ئەویش لە بوارێکی گونجاوی خۆیدا، بۆ نموونە ئەم ڕستەیە: (**ئایا دەتوانی یارمەتیم بدەیت بۆ پاڵدانی ئۆتۆمبیلەکە؟**)، وتنی ئەم ڕستەیە لەناو کردەی داواکردندایە[2]، و ڕاپەڕاندنیشی پێویستی بە واتای گوتە و قسەکردن و جووڵە هەیە، کە خۆی واتای گۆڕانی هەمیشەیی دەگەیەنێت، ئەم گۆڕانەش وا دەخوازێت جیهانەکان و شوێنەکان و کاتەکان هەموویان بگۆڕین، ئینجا کردەی ڕاپەڕاندنیش دوو جۆرە، کە لە کاتی ڕوودانی کارەکە لەگەڵ زیادکردنی ڕووداوێک، وەک

---

١- طالب هاشم طبطباني، نظرية الأفعال الكلامية بين فلاسفة اللغة المعاصرين والبلاغيين العرب, مطبوعات جامعة الكويت، الكويت, ١٩٩٤, ص ١٩.

٢- عبدالقادر قنيني، أوستين ـ نظرية الأفعال العامة, افريقيا الشرق, ص ١٢٣.

ئەنجام دروست دەبێت، بۆ نموونە: **کردنەوەی دەرگاکە، پاڵدانی پەنجەرەکە بەتوندی، خواردنی سێوێک.**[1]

**(ئۆستن)** دوو جۆری کردەی چالاکی [2] لەیەکتر جیادەکاتەوە، کە ئەمانەن:

١ـ چالاکییە ڕوونەکان، وەک کاری پەیماندان.

٢ـ چالاکییە سەرەتاییەکان، نموونەکەشی ئەوەیە قسەکەرەکە پەیمانی بدرێتێ، بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر کردەی پەیمانەکە، وەک ئەوەی بوترێت: **(بەرانبەر نرخی کاڵاکە پارەت دەدەمێ)**. هەروەها (دی کرۆ) پێی وایە ڕاپەڕاندن جگە لەو شتانەی باسمانکرد لە تیۆرەکەی (ئۆستن)دا (گریمانە)ش دەگرێتەوە، کە ئامرازێکە لەلایەن زمانەوە پێشکەش کراوە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی گرتنەوە، لەم حاڵەتەدا گریمانە دەبێتە مەرجێک بۆ کاری دارِشتن، تا دەستخەڕۆیی دروست نەبێت، لەوانەشە بە گوتەی شاراوە نموونەی بۆ بهێنێتەوە، کە واتاکەی شیدەکاتەوە، ئەویش لەژێر تیشکی یاسای گشتگیربوون

---

١- فان دیک، النص والسیاق، ص ٢٣٦.

٢- صلاح اسماعیل عبدالحق، التحلیل اللغوي عند مدرسة أکسفورد ص ١٤٣، هەروەها بڕوانە: طالب هاشم طبطائي، نظریة الافعال الکلامیة، ص ٣٧.

وەک: **تەنیا ڕۆژانی سێشەم کراوەیە**، یان کردەی داواکردن وەک گرتنــەوە ئەوەی بوترێــت: **ئایــا دەتــوانی دەرگــاکە دابخەیــت**[١]. پراگماتیـک بابەتەکـانی خـۆی لە تـوێژینەوەی دەقە گۆشــەگیرەکان قـۆرخ ناکـات، بەڵکـو جەخـت دەکـاتە ســـەر مەرجەکـــانی ئەو کـــارانەی لەســـەر تەوەری دەقە ئەدەبییەکـان دەسـووڕێنەوە،[٢] کە دەبێـتە کـردەی زمـانی مەزن، ئەویــش لەســـەر بنەمــای کۆمەڵێــک بەیەکـداچووی کردەییانە، کە بچوکترینیان دەقەکە پێک دەهێنێت، ئینجا بۆ ئەوەی قسەکە دەربارەی کردەکانی ڕاپەڕانـدن پڕ بەپێسـت بێت، دەبوایە ئاماژە بە **(ڤان دایک)** بکەین[٣]، کە کردەکانی

---

١- جـون سـرفوني، اللسـانيات و التداوليـة, (ترجمـة: حمـو الحـاج ذهبيـة, مجلە التبيين، تصـدر دوريـا عـن جمعيـة الجاحظيـة الثقافيـة, الجزائر، العدد١٩, ٢٠٠٢، ص٧٥.

٢- زيكفريد.ج, التواصل الأدبي، (ترجمة: نزار التحديتي، مجلة العرب و الفكر العالمي, الفكر العربي المعاصر، مركز الانماء القومي, العدد ٤٦ , بيروت, ١٩٨٧، ص٥٣.

٣. ڤان دايـک جـەخت دەكاتـەوە سـەر ئـەوەی بنجـەكانی پراگماتيـک فەلســەفین، کــە بــۆ توێژینــەوەکانی فەیلەســوف و لۆژیکناســەکان دەگەڕێتــەوە، کــە تیۆرەکانیــان تــەوەری گرنگیپێــدانی توێژینــەوە زمانەوانییـە هاوچەرخـەکانن، چونکـە زۆربـەی زۆری ڕابـەرانی ئـەم تیۆرە لە بنجدا فەیلەسوفن، واتە مۆرکی فەلسەفی خۆی پاراستووە،

ڕاپەڕاندن و شرۆڤەکردنی هێمایی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چونکە کارە بە ئەنجامگەیشتووەکە پێویستی بە وەرگرێک هەیە کار لەسەر شرۆڤەکردنی ئەو شتانە بکات کە وەریاندەگرێت، ئەویش بەپێی ژمارەیەک لە پێدراوەکان، کە پەیوەستن بە خاکیبوون و دەوروبەر و بارودۆخەکانی، هەروەها شرۆڤەکردن لای **(ڤان دایک)** پشت بە مەودای وەڵامدانەوەی وەرگرەکە بۆ پەیامەکە دەبەستێت، هەروەها پشت بە توانای نێرەرەکە دەبەستێت لەسەر گەیاندنی پەیامەکەی و گوزارشتکردن لە مەبەستەکانی خۆی، بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پەیوەندی، هەروەها جەختی کردەوە سەر ئەوەی تویژینەوە فەلسەفی و لۆژیکیەکانی پێشوو لە بواری پراگماتیکدا لە گرنگترین ئەو بابەت و توێژینەوانەیە کە لە تیۆری زمانەوانیی گشتیدا هەن، جگە

---

کە تا ئەمرۆمان هەر ئەو مۆرکەی هەڵگرتووە و پراگماتیک بە ئامرازێکی ئاوەزیانە هەژماردەکەن، ئەم شتەش ڤان دایک بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەویش لە کاتی پەیڕەوکردنی ئەو ڕایەی دەڵێ: توانامان لەسەر قسەکردن بە جەوهەری فەلسەفەی عەقڵ دادەنرێت، جگە لەوەی پرسی بەکارهێنانی زمان کارێکی تاکیانە نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەویش لە ڕێگەی تێکەڵبوونی تاکەکانن لەنێوان خۆیاندا، بڕوانە: فان دایک، النص و السیاق، ص ٢٢٧.

لەوەش بەکارهێنانی زمان واتای ئەوە نییە ئەنجامدانی کارێکی تایبەت بەشێکە لە ئاوێتەیی کۆمەڵایەتی، واتە کارێکی تاکیانە نییە، بەڵکو کارێکە لە ڕێگای ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی تاکەکانەوە لەنێوان خۆیاندا و لەناو دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجام دەدرێت، ئەویش بۆ دابینکردنی پێویستییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرکی ئەرکی زمان هەژموونی خۆی هەبێت. لێرەوە پراگماتیک بە کردە زمانییەکانەوە دەبەستێت، چونکە بە بەشێکی درکاندنیانە و کارا و زیندووی زمانی هەژماردەکات، ئەم کردە زمانیانەش دەروازەکان بە فراوانی دەکەنەوە بۆ شرۆڤە هێماییەکان، لەسەر ئەم بنەمایەش تیۆری کردەکان لە چوارچێوەی یاساکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە تیۆرێکی یاساوخوازی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە گوێرەی بۆچوونەکانی **(جۆن لیۆنز)**[1] **(جیوفری لیتش)** لە کتێبەکەی خۆیدا **(بنەماکانی پراگماتیک)**[2]، جیاوازی خستە

١- جون ليونز، اللغة و المعنى و السياق، ص١٩٣.

2 -Leech, principles of pragmatics, p 6.

هەروەها لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە گرنگترین تیۆرەکانی پراگماتیک بکرێت، کە تیۆری (هێڵکاری کارناپ و پێرس)ە، کە گرنگی بە جۆری هێماکان دەدات لە بوارەکانی ڕستەسازی و واتاسازی و

نێـــوان پراگمـــاتیکی واتـــایی کە لەلایەن **(ماکـــاولی - Maccawley)** پەیڕەوکرا و نێوان ئاراستەی تەواوکاری کە واتا و پراگماتیک لە ئەرکدا لەخۆ دەگرێت و ئاراستەی پراگماتیکی ڕووت، کە واتا دەکاتە بەشێک لە پراگماتیک، ئەمەش هەڵوێستەکەی **(سیریل)**ە.

---

پراگماتیک، هەروەها تیۆری شێوەی (Y) کە لە شیکردنەوەکانیدا زمانەوانی و پێدراوەکان کۆدەکاتەوە، وەک ئەوەی لە پراگماتیکی (دیکرۆ و بیرندنیر)دا دەبینین، هەروەها تیۆرە مەعریفییەکانیش دوو جۆر لە چەمکەکان پڕدەکەنەوە، یەکێکیان وێناییە، ئەویتریشیان مەعریفییە، وەک پراگماتیکی (کازدار و ویلسۆن)، بڕوانە: ادریس مقبول: الأسس الابستیمولوجیة و التداولیة للنظر النحوي عند سیبویه, ص ١٧٢ و ٢٧١.

## چەمکە سەرەکییەکانی پراگماتیک

تیـۆری کـردە قسـەییەکان بە گرنگتـرین تیـۆری بـواری ئامێری چەمکی پراگماتیک هەژمـار دەکرێت، جگە لەوەش بە هەمان شێوە ناوەرۆکەکانی گوتەش بە گرنگ دەزانرێت، کە ئەو شـــتانەیە دەکـــرێ بە یـــاوەرکردنی دەوروبـــەری گوتارە ڕاپەڕاندنەکە لێی تێبگەین، لەپێش هەمووشیانەوە پێشگریمانە یان ناوەرۆکە شاردراوەکانی پراگماتیک[1]، کە پێی وایە ئاخێوەران لە پێدراوەکانی مەعریفی یاساییەوە بۆ ئەنجامدانی تێگەیشتنەکەیان هەنگاو دەنێت، چونکە ئەگەر بڵێـین: ((**ئایـا ژنەکەت چـۆنە؟**))، ئـەوە لەم حـاڵەتەدا وا گریمـــانە دەکەیـــن **بەرپرســـەکە ژنـــی هەیە**، ئەگینـــا وەڵامدانەوەکە دەبێتە پشتگوێخستن و وەرنەگرتنی کرۆکی پرسیارەکە، لەوانەشە لەم دەوروبـەرەدا زۆر گرنگ بێت و دەستخۆشی لەو ڕۆڵە فێرخوازییەی پێشگریمانە بکەین، کە لە بـواری فێرکردنـی منداڵـدا بەکاردەهێنرێـت، یـان ئەوەی دەکـرێ بە یاسـایەکی پراگمـاتیکی هەژمـار بکرێـت، بـۆ فێرکردنـــی ژمـــارەیەک فێرکـــار کە لەو دەســـتکەوتانەوە

---

١- طه عبدالرحمن, اللسان و الميزان, الدار البيضاء, المركز الثقافي العربي, ١٩٩٨, ص ١١٣.

هەنگـاو بنێـت، کە باسـمان کـردن، بەوەی بوونیـان لای فێرخوازان هەیە، ئەم ستراتیژییەتەش لە بواری بونیادنانی میتـۆدێکی توێژەریـانەی پـتەو و تەواو بە گرنگـی هەژمـار دەکرێـت، ئەویـش لە ڕووی چـالاکی و کارامەییەکـانەوە، پاشـان شـێوەکانی پەیوەنـدی فێرخـوازی خـراپ و نەشـیاو لەنێـوان فێرخـواز و فێرکـاردا کەم دەکـاتەوە، هەروەهـا پێشـگریمانەکان گـوتە شـاراوەکانیان پێـوە گرێـدراوە، کە کـۆمەڵە زانیـارییەکی گوتارییـانەی نادیـار گوزارشـتیان لـێ دەکەن، نادیـارن و لەسـەربانی ڕووبەردا دەرنـاکەون، مەگەر بە هۆکـاری شـرۆڤەکردنی دەوروبـەر بـۆ قسـەکە نەبێت، بـۆ نمـوونە بەرانبـەر کەسـێک دەڵێـین: ((**ئاسـمان بارانـاوییە**))، ئەمە دەکـرێ بانگەوازێـک بێت بـۆ مـانەوە لە ماڵەوە، یان دنەدانێک بێت بۆ کارکردن، یـان هـاندانێک بێت بۆ لەبیرنەچوونی چەترەکە، بەڵام جیاوازی نێوان هەردوو جـۆرەکە بە کـزی دەمێنێـتەوە و لە بەرهەڵسـتی ئـاوی دەچێـت، ئەویـش لەبەر ئەوەی یەکەمیـان لە دەوروبـەری ئاخـاوتنەکەوە پەیـدا دەبێـت، کەچـی ئەوەی دووەم لە ڕووداوەکانی گوتارەکەوە پەیدا دەبێت و لە نـاوەرۆکەکەوە

سەرچاوە دەگرێت. بە کورتی ئەم حاڵەتە جۆرێکە لە جیاوازی نێوان ناوخۆیی و دەرەکیدا.(١)

هەروەها پراگماتیک لە مەسەلەی پابەندبوونی گفتوگۆ دەکۆڵێتەوە، کە **(گرایس)** لە (بنەماکانی) دایڕشت، کە پشت دەبەستێت بە فرەبوونی ئەو واتایانەی گوتار پێشکەش دەکات، چونکە گوزارشت هەمیشە ئاماژە بۆ دوو واتا دەکات، یەکێکیان دیار و پێتئاسایە و واتاییە، دووەمیشیان پرسانەیە و بە شێوەیەکی دیار و بەرجەستە پابەندی دەکات ، وەک هەوڵدانێکیش بۆ درککردن بەم پابەندبوونانە، **(گرایس)** بنەمایەکی دیکە پێشنیاز دەکات، کە **(بنەمای هاریکاری)**یە، کە لەسەر چوار یاسا دەوەستێت، کە ئەمانەن:

**١- بنەمای چەندێتی**

پێویستە پەیوەندییەکە لەسەر ڕێژەیەکی دیاریکراو لە زانیاری هەواڵگەیاندن بونیاد بنرێت، چونکە ئەو کەسەی بەشداری لە گفتوگۆکە دەکات، لەگەڵ ڕێژەی هەواڵەکان گونجاو بێت و کورتیش بێت.

---

1-Catrine Kerbrat, l implicite, paris, Armantin Colin, 1986, p 39.

**٢. بنەمای چۆنێتی**

ئەم بنەمایە وا گریمانە دەکات بەشداربووی گفتوگۆ باسی ئەو شتانە بکات، کە بڕوای وایە بەسوودن و قایلکەرن و بەکەلکن.

**٣ـ بنەمای ئاراستە**

ئەم بنەمایە وا دەخوازێت، کە لە ناڕوونی و تەمومژی و گەڕان بەدوای وردبینی ڕێکخستن لە پێشکەشکردنی زانیارییەکاندا خۆ بەدووربگرین، بە شێوەیەک جۆرێک لە پوختی و کورتی لە پەیوەندییەکان بسەپێنرێت.

**٤. بنەمای گونجاندن**

واتای بەشداریکردنی پەیوەندی دەوروبەری گفتوگۆیە، وا پێدەچێت پابەندبوونی گفتوگۆیانە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەم بنەمایانەی گفتوگۆ بێت، کە لە دەقەکەدا هاتوون. بەو ئیعتیبارەی کۆت و بەندێکی بۆ هاریکاری گفتوگۆیە، هەروەها **(گرایس)** دابەشبوونی واتای ڕستەیی بۆ واتای ڕاستەوخۆ و واتای گرتنەوە ڕوون کردەوە، چونکە واتا ڕاستەوخۆیەکان ناوەرۆکی پرسانە و هێزی ڕاپەڕاندن لەخۆ دەگرن، کەچی واتاکانی گرتنەوە ئاماژە بە واتاکانی

نەریـــتە خوازراوەکـــان و واتـــا گفتوگـــۆیە پابەنـــدبووەکان دەکەن.[1]

لەوانەیە لەو تیـۆرە پراگماتیکیـانەی شـایەنی گرنگیـدان بـن، (**تیـۆری گونجـانە**)، کە هەریەک **لە** (**دیـردر ولسـن ـ D.Wilson**)ی ئینگلیزی و (**دان سپیربر ـ D.Sperber**)ی فەڕەنســـی دایانڕشـــت، ئەم تیـــۆرە پشـــت بە پێـــدراوی دەروونی درکئاسا دەبەستێت، لەوانە تیۆری قالّبی (**فۆدۆر ـ Fodor**)، هەروەهـا پێـدراوی گفتوگۆکـەش لە تیـۆرەکەی (**گـــرایس**)ەوە وەرگیـــراوە، بنەماکـــانی ئەم تیـــۆرەش لە

---

١- مسعود صحراوي, التداولية عند العلماء العرب, ص٣٥، دەشکرێ ئەم ئاستانەی خوارەوە بە ڕستەی (**مارێک لەپێش دەرگاکەوەیە**) بکـرێتە نمـوونە، ئەم واتـا ڕاسـتەوخۆیە وەسـفی ڕووداوی بـوونی مارێکە لەپشت دەرگاکەوە، ناوەرۆکە پرسئاساکەش بوونی کائینێکی زینـــدووی ترســـناکە، هێـــزی ڕاپەڕاندنـــە، کە بە ڕســـتەیەکی هەواڵگەیانـدنی چەسـپاو و سـادە ئامـاژەی بـۆ کـراوە، واتـای گرتنـەوەش لە واتـای عـورفی پێکدێت، کە پێویسـتە هۆشـیاربوون و بەئاگـابوون لەئـارادا بێـت لە بـوونی مارێـک لەپشـت دەرگـاکەوە، هەروەهـا واتـای گوتـاریی پابەنـدبوون و هانـدانە بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بـۆ بەئاگـابوون یـان بە گەورەزانینـی مەترسـییەک، کە کاریگەرییەکەی وەک کاریگەری مەترسـی مـارەکەیە لە دەوروبـەری گوتاری تایبەتدا.

جــووتکردنی هێمــاکردن و واتــاخوازی لەنــاو پرۆســەی شــرۆڤەکردنی گوتــار بەرجەســتە دەبێــت، ئەویــش بە بەرهەمهێنانی وروژێنەر بۆ خودی قسەکەر، کە هەوڵدەدات کۆمەڵێک گریمانەی ڕوون بە ئاخێوەرەکە پێشکەش بکات، هەروەها دەوروبەر لەم تیۆرەدا تەنیا کۆمەڵە زانیارییەکی پێدراو نییە، بەڵکو بونیادێکی بەرهەمهێنەرە لە گریمانە دەوروبــەرەکان پێکهــاتووە، کە لە شــرۆڤەی قســەکانی پێشــوەوە وەرگیــراون، ئەمــە لەلایەکەوە و لەلایەکــی دیکەشــەوە پەیوەندییان بە دەوروبەری فیزیاییەوە هەیە، کە چوارچێوەی پرۆسەی پەیوەندی پێکدەهێنێت، بە هەمان شــێوە ئەو زانیارییــانەی لە یاداشــتی سیســتەمی ســەنتەر هەڵهێنجــراوە، بە هەر ســێ دەروازەکەیەوە: دەروازەی لۆژیکی و دەروازەی فەرهەنگی و دەروازەی مەوسوعە.[1]

---

١- بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: مسعود صحراویی، التداولیە عند العلماء العرب: ص٣٩.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی عەرەبی**


١ـ ادريس مقبول، الأسس الأبستمولوجية و التداولية للنظر النحوي عند سيبويه، عالم الكتب، ط١، عمان، ٢٠٠٧.

٢ـ اميل بوترو، فلسفة كانت، الهيئة المصرية العامة، ترجمة عثمان أمين، ١٩٧٢.

٣ـ بشاره صارجي، الأختبار التنظيري ـ التفسري للغة عند هيدغر، مجلة الفكر العربي المعاصرة، ١٨/ ١٩، ١٩٨٥.

٤ـ بن عيسى أزاييط، المعنى المضمر في الخطاب اللغوي العربي، البنية و القيمة التنجيزية، مقاربة تداولية لسانية، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب و العلوم الانسانية، مناس، ١٩٩٦- ١٩٩٧.

٥ـ فان ديك، النص و السياق، استقصاء البحث في الخطاب الدلالي و التداولي، ترجمة: عبدالقادر قنيني، الدار البيضاء، دار افريقيا الشرق.

٦ـ جاك موشلار، التداولية علم جديدة في التواصل، بيروت، ١٩٩١.

٧ـ جون سرفوني، اللسانيات و التداولية، ترجمة: حمو الحاج ذهبية، مجلة التبيين، تصدر دوريا عن جمعية الجاحظية الثقافية، الجزائر، العدد١٩، ٢٠٠٢.

٨ـ جون ليونز، اللغة و المعنى و السياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، مراجعة: يوئيل عزيز، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٦٧.

٩ـ الجيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ترجمة: محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية الجزائريه، ط ١٩٩٢.

١٠ـ حامد خليل، المنطق البراغماتي عند تشارلز بيرس، دار الينابيع للطباعة و النشر والتوزيع، دمشق.

١١ـ زكي نجيب محمود، موقف من الميتافيزيقيا، دار الشروق، بيروت، ط٢، ١٩٨٣.

١٢ـ زيكفريد. ج، التواصل الأدبي، (ترجمة: نزار التحديتي، مجلة العرب والفكر العالمي، الفكر العربي المعاصر، مركز الانماء القوم، العدد ٤٦ ، بيروت، ١٩٨٧.

١٣ـ صلاح إسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة أكسفورد، دار التنوير، ١٩٩٣.

١٤ـ صلاح اسماعيل عبدالحق، المعنى والتحقق، مجلة الفلسفة العربية، (مجلد٢، عدد ١، يونيو ١٩٩٢).

١٥ـ صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والأداب، الكويت.
١٦ـ طالب هاشم طبطباني، نظرية الأفعال الكلامية بين فلاسفة اللغة المعاصرين والبلاغيين العرب، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت، ١٩٩٤.
١٧ـ الطاهر و عزيز، المناهج الفلسفية، المركز الثقافي العربي، ط١، ١٩٩٠، الدار البيضاء، المغرب.
١٨ـ عبدالقادر المهري و محمد الشايب و محمد عجينة، أهم المدارس اللسانية، منشورات المعهد القومي التربية، ط١، تونس، ١٩٩٣.
١٩ـ عبدالقادر قنيني، أوستن ـ نظرية الافعال الكلام، (الدار البيضاء، دار افريقيا الشرق، ١٩٩١).
٢٠ـ عثمان بن طالب، البراغماتية و علم التراكيب بالاستناد الى أمثلة عربية، الملتقى الدولي الثالث للسانيات، الجامعة التونسية، مركز الدراسات و الأبحاث الاقتصادية، المطبعة العصرية، تونس، عدد (٦)، سنه ١٩٩٦.
٢١ـ عمر أوكان، اللغة و الخطاب، افريقا الشرق، ط١، المغرب، ٢٠٠١.
٢٢ـ فرنسواز أرمينكو، المقاربة التداولية، ترجمة: سعيد علوش، مركز الإنماء القومي، الرباط، ١٩٨٦ .

٢٣ـ فؤاد كامل وآخرين، الموسوعة الفلسفية المختصرة، القاهرة، ١٩٦٣.
٢٤ـ فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، دار الجيل، بيروت، ط١، ١٩٩٣.
٢٥ـ لودفيج فتجنشتين، رسالة منطقية فلسفية، ترجمة: عزمى اسلام، بيروت، ١٩٩٥.
٢٦ـ ماهر عبدالقادر، فلسفة التحليل المعاصر، دار النهظة العربية، بيروت، ١٩٨٥.
٢٧ـ ماهر عبدالقادر، فلسفة العلوم، دار النهظة العربية، بيروت، ١٩٨٥.
٢٨ـ محمد أحمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية، الإسكندريه، ط ٢٠٠٢.
٢٩ـ محمد أحمد نحلة، نحو نظرية عربية للأفعال الكلامية، مجلة دراسات اللغوية، الرياض، مجلد١٠، عدد١٠، ١٩٩٩.
٣٠ـ محمد أديوان، نظرية المقاصد بين حازم القرطاجني، نظرية الأفعال اللغوية المعاصرة، (كلية الآداب ـ جامعة الرباط، المغرب، مجلة الوصل، معهد اللغة وآدابها، تلمسان، العدد الأول )، ١٩٩٤.

٣١- محمود فهمي زيدان، في فلسفة اللغة، (دار النهظة العربية، ١٩٨٥).
٣٢- محمود فهمي زيدان، مناهج البحث الفلسفي،(منشورات جامعة بيروت العربية، ١٩٧٤).
٣٣- مسعود صحراوي، التداولية عند العلماء العرب، بيروت، ١٩٩٣.
٣٤- هانز ريشنباخ، نشأة الفلسفة العلمية، ترجمة: فؤاد زكريا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
٣٥- هربرت بركلي، مقدمة الى علم الدلالة الألسني، ترجمة قاسم مقداد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٠.
٣٦- يمنى طريف الخولي، فلسفة العلم الحديث، بيروت، ١٩٩٤.
٣٧- يمنى طريف الخولي، فلسفة العلم في القرن العشرين، بيروت، ١٩٩٤.

**دووەم: بە زمانی ئینگلیزی**

38-Alcaraz,E.(1990), Tres paradigmas de la investigacion linguistica, Alcoy, Marfi I.

39-Ariel, M.(1988), Retriving propositions from context: why and how. Journal of pragmatics 12.

40-Beaugrand,R. de et all(1981), An Introduction to Text Linguistics, Londres, Longman.

41-Benveniste (Emile): Problemes de linguistique generale, Gallimard, paris, 1966.

42-Bierwish،M. (1971)، El Estructuralismo. Historia, Problemas, Metodos, Barcelona, Tusquets.

43-Borutti,S.(1984), pragmatics and its discontents, Journal of pragmatics.

44-Charles W. Morris, Foundations of the Theory of Signs, In O. Neurath, R. Carnap and C.Morris(Eds.)International Encyclopedia of Unified Science, Chicago: University of Chicago prees, 1938.

45-Dascal, M. (1981), Contextualism, En H. parret al, (eds.).

46-Davis,M.(1987),Relevance and mutual knowledge,BehavioralandBrain Sciences10(4).

47-Dell Hymes, Models of the Interaction of Language and Social Life. In.J.J.Gumperz and D.H.Hymes Directions in Sociolinguistics, New York: Holt, Rinehart and Winston, 1972.

48-Dubois (j): dictionnaire de linguistique, larousse, paris.

49-Eco,U.(1987), Semantics, pragmatics, and text Semantics, En J. Verschueren y M.Bertuccelli – papi (eds.).

50-Fillmore,C.J.(1981), Pragmatics and the description of discourse. En p. cole (ed.).

51-Fishman,J.A.,(1972), The sociology of language, En p.p. Giglioli(ed.).

52-Fleisher Feldman,C.(1986), The old pragmatics and the new, Journal of pragmatics.

53-Gazdar, G.(1979), pragmatics. Implicature, presupposition and Logical form. Nueva York: Academic.

54-Giles,H. y N. Coupland, (1991), Language: Contexts and Consequences. Buckingham: Open University press.

55-Goffman, E.(1964), The neglected situation, En p.p. Giglioli(ed.).

56-Goodman, C. (1973), Rethinking context, an introduction, En A. Duranti y.

57-Goodwin, C. Y A. Duranti(1992), Rethinking context: an introduction. En A. Duranti y C. Goodwin(ed.).

58-Gumperz,J.J.(1968), The speech community, En p.p. Giglioli(ed), 1971.

59-Halle, M. J.Bresnan y G.A. Miller(eds.) (1978),Lingiustic Theories and Psycholinguistic Reality. Cambridge, Mass, Mit prss.

60-Halliday, M.A.K.(1984), Language as code and language as behavior: a systemicfunctional interpretation of the

nature and ontogenesis of dialogue ,En R.P. Fawcett et al.(ed.).

61-Hjelmslev (Louis): prolegomenes a une theorie du langage, Minuit, Paris, 1971.

62-Hymes, D.(1964), Introduction, toward ethnographies of communication.

63-J.J.Katz and J. A. Fodor, The Structure of a Semantic Theory, Language, 39(1963).

64-J.House and G.Casper, ”polite markers in English and German “, in F. Coulmas(ed.) Conversational Routine: Explorations in Standardized Communication Situations and Prepatterned Speech, The Hague: Mouton 1981.

65-J.Walters(ed). The Sociolinguistics of Deference and Politeness. Special Issue of International Journal of the Sociology of Language, 27, The Hague: Mouton, 1981.

66-Jimenez, M.(1992), Comunicador personal, El pais, 11-11-1992, Futuro.

67-Kristeva (Julia): le langage, cet inconnu, seuil, paris, 1981.

68-Kuhn, T(1983), La estructura de las revoluciones cientifi cas. Mexico: Fondo de Cultura Economica.

69-Leech,G.(1983),principles of pragmatics, Londres, Longman.

70-Leroy (Maurice): les grands courants de la linguistique moderne, Bruxelles, 1971.

71-Levinson,S. C.(1983), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University press.

72-Levinson, S. C. (1983), Pragmatics, Cambridge,Cambridge University press.

73-Lotman,J. M.(1974), The sign mechanism of culture, semiotica 12(4).

74-Lozano,J. C. Pena – marin y G. Abril(1986),Analisis del discurso. Madrid: Catedra.

75-Martinet (Andre): Elements de linguistique generales, colin, Paris, 1970.

76-Meillet (a): linguistique historique et linguistique generale, paris, 1975.

77-Nique,C.(1980),Introduccion Metodica a la Gramatica Generativa, Madrid, Catedra.

78-Nuyts,J.(1987),pragmatics and cognition: on explaining Language. En J. Verschueren y M. Bertuccelli – papi (eds.).

79-Nuyts,J.(1992), Aspects of a Cognitive – pragmatics Theory of Language. Amsterdam: John Benjamins.

80-P.Brown and S.Levinson, "Universals in Language Usage: Politeness Phenomena ". In E.Goody(ed.)Questions and Politeness in Social Interaction, Cambridge: Cambridge Deference and Politeness, Special Issue of International Journal of the Sociology of University Press, 1978.

81-Parret(1983), Semiotics and Pragmatics. Amsterdam: John Benjamins.

82-Pellowe,J.(1990), who is context?. En G. McGregor y R.S. white (ed.).

83-R. Carnap, Foundations of Logic and Mathematics.

84-Reyes,G.(1990),La pragmatic linguistica. El esudio del uso del lenguje. Barcelona; Montesinos.

85-Sanchez de Zavala,V. (1978), Comunicary conocer en la Actividad Linguistica, Madrid, Ariel.

86-Schegloff, E.A. (1992), In another context: En A. Duranti y C. Goodwin(ed.).

87-Schifrin, D.(1994), Approaches to Discourse, Oxford, Blackwell.

88-Stephen C.Levinson, pragamtics, Cambridge: Cambridge University press, 1983.

89-Stubbs,M.(1983),Discourse Analysis. The Sociolinguistic Analysis of Natural Language. Oxford: Blackwell.

90-Ulman, (1972), p 350., Halliday y Hassan, (1985)., Brawn y Yule, (1983).

91-Wolf,M.(1988), Sociologias de la vida cotidiana, Madrid, Catedra.

92-Yule,G.(1985),The study of Language. Cambridge: Cambridge University press.

93-Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, Entre la compensacion y el desconcierto, ponencia presentada en el II Congreso de la Lengua Espanola, Valladolid, octubre.

94-Yus Pamos, F.(2001),Ciberpragmatica, El uso del lenguaje en Internet, Barcelona, Ariel.